کاروان عومـــــەر قـــــادر

# رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا

( بە کەرەستەی کرمانجی خواروو )

کاروان عومــــەر قـــــادر

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

- **ناوی کتێب: رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا**
- **نووسەر: کاروان عمر قادر**
- **پیتچنین: نووسەر**
- **پێداچوونەوە: د. ئەبوبەکر عومەر قادر**
- **دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی**
- **بەرگ: رەنج شوکری**
- **ژمارەی سپاردن: ١٤٨٧/ ساڵی ٢٠٠٨**
- **چاپخانە: تیشك/ چاپی یەکەم، سلێمانی**
- **تیراژ: ٧٥٠ دانە**
- **نرخ: ٢٠٠٠ دینار**
- **زنجیرە:٢٥**

**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**
**ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥**
**تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣ – ٣١٩٣١٧٥**
kurdology2006@yahoo.com

# ناوەرۆك

**بابەت** | **ژ. لاپەڕە**


| بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٧ |
| **بەشی یەکەم: شیکردنەوە بەرایییەکانی تیوری (سەرتۆپ- کۆمێنت)** | **٩** |
| ١. ڕۆڵی سەرتۆپ لە زمانپژانی منداڵدا | ١١ |
| ٢. لێکدانەوە جیاوازەکانی تیۆری (سەرتۆپ- کۆمێنت) | ١٤ |
| ٣. یاساکانی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا | ٢٠ |
| **أ- یاسای لە بریدانان** | **٢١** |
| ١. یاسای گواستنەوەی کردار | ٢١ |
| ٢. یاسای گواستنەوەی کاتوکەس | ٢٤ |
| ٣. یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی | ٢٦ |
| **ب- یاسای هەڵواسین** | **٣٠** |
| ١. یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیار | ٣٠ |
| ٢. یاسای گواستنەوەی ڕستەی سەرجێناوی | ٣٣ |
| ٣. یاسای گواستنەوەی نەکردن | ٣٥ |
| ٤. یاسای گواستنەوەی باسمەند | ٣٧ |
| ٥. یاسای قرتاندن | ٣٧ |
| **بەشی دووەم: ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی** | **٤٣** |
| ١. ڕستەی سەرتۆپی | ٤٥ |
| ٢. پرۆسەی باسمەند لە زمانی کوردیدا | ٥٩ |
| **بەشی سێیەم: تیشکۆ"Focus" لە دروستەی زانیاریدا** | **١٢١** |
| ١. دروستەی زانیاری | ١٢٣ |
| ٢. تیشکۆ"Focus" | ١٢٨ |
| پوختەی بابەت بەکوردی | ١٥٨ |
| **ئەنجام** | **١٥٩** |
| **پوختەی بابەت بە زمانی ئینگلیزی** | **١٦٠** |
| **هێماو کورتکراوەکان** | **١٦١** |
| **لیستی زاراوەکان** | **١٦٣** |
| **سەرچاوەکان** | **١٦٧** |

پێشکەشە بە :

گڵکۆی دایکم.

# پێشەکی

لای هەمووان ئاشکرایە، کە (کورد و کوردستان و زمانی کوردیی و مێژووی کورد و کولتووری کورد و.....هتد) کەرەستەی خاوی چەندین لێکۆڵینەوەی وردی زانستین، کە تا ئێستا رەنگە بە تەواوی گشت رەهەندەکان زانستیانە و پەیوەست بە رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و لەسەر بنەمای تیۆری تەواو و پڕاوپڕ شینەکرابێتنەوە و چوارچێوەیان بۆ نەکێشرابێتن.

هەر لەم روانگەیەوە و وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا بە پێویستمان زانیوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستی لە دیاریدە و پرۆسەی (باسمەندیی) لە زمانی کوردیدا بکەین و بیکەین بە هۆکاری بەدەستهێنانی دوو مەبەستی سەرەکیی بەیەکداچوو، کە یەکەمیان زیاتر خۆی لە شیکردنەوەی رێزمانیانە و لۆژیکیانەی (رستەی باسمەند لە زمانی کوردی)دا دەبینێتەوە، دووەمیشیان زیاتر هەوڵدانبووە بۆ دامەزراندنی بنەمایەکی پتەو و فراوانی زانستی لێکۆڵینەوە لە دوو بەرهەمی گرنگی مرۆڤی کورد، کە لەلایەکەوە ئاخاوتنە مەبەستدارەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەربڕاوە دەرهێنراوە زەقکراوەکانی ناو ئاوەزیی مرۆڤی کوردە لەلایەکی تریشەوە دانانی بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی گەمە زمانی و ئەدەبی بەرهەمە شیعرییەکان بە تایبەتی و بەرهەمە ئەدەبییەکان بە گشتییە.

ئەو شیکردنەوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەش کراون لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوەکان بەدەست هاتوون سەرجەمیان لە خزمەتی ئەو دوو مەبەستەی سەرەوەدان، کە مەبەستی یەکەمیان بابەتانە و بابەتیانە (ئەزمونبەندانە) لەم کتێبەدا شیکردنەوەی تیاکراوە و لە رێسایەکی گشتیدا سەرجەم وردەکارییەکانی، هەم لە رووی رێزمانیەوە، هەم لە رووی لۆژیکییەوە خراوەتە روو. ئەمە جگە لەوەی سەرەتاو دەستپێکی لێکۆڵینەوەکە، کە بەشیکردنەوەی رۆڵی پێکهاتەی زەقکراوە (سەرتۆپ) لە زمانپژانی منداڵی کورددا دەست پێکراوە، راستییەکەی مەبەستی سێیەمو

ناڕاسـتەوخۆی لێکۆڵینەوەکەیـە و هەوڵدانێکـە بـۆ کردنـەوەی دەرگـای لێکۆڵینـەوەی دەروونیانە و کۆمەلایەتییانە پەیوەست بە هەردوو لقی زمانەوانی (Sociolinguistils and Sycholinguistils) لەسەر منداڵی کورد و زمانەکەی.

بێگومـان کـەموکورتی لایـەنی گـشت کارێکـە و کـاری تـەواو و نزیکبوونـەوەی تـەواوەتی لـە راسـتی و راسـتەقینەکان رێژەییـە و بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە. هـەر بۆیـە ئێمـەش دڵنیـاین لـە بـوونی کـەموکورتی لـەم توێژینـەوە و نوسـینەدا، کـە هیـوادارین خوێنەر و لێکۆڵەری کورد لە راستەڕێی کتێبەکە لانەدەن و مەبەسـتە سـەرەکییەکانیان بیرنەباتەوە و بەردەوام موچڕکێکی زانستی بچوك بێـت بـۆ تێگەیـشتن و بیرکردنـەوە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستیانە و ئەکادیمییانەی بەپێزتر بۆ نەتەوەکەمان.

کاروان عومەر قادر

سلێمانی / ٢٠٠٨

# بەشی یەکەم

## شیکردنەوە بەراییەکانی تیوری
## ( سەرتۆپ-کۆمێنت )

## شیکردنەوە بەرابیەکانی تیوری( سەرتۆپ- کۆمێنت )

### یەکەم: رۆڵی سەرتۆپ لە زمانپژانی منداڵدا:

هەریەك لە زمانەکانی جیهان لە دەربڕینی زانیارییە جۆربەجۆرەکانی هزری ئاخێوەرەکانیدا چەند سستەمێکی جیاواز دەگرنە بەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکێك لەو سستەمانە پەنا دەباتە بەر چوار رێگای دیاریکراوی دەربڕین :

١. وشەی لێکسیکی.
٢. ریزکردنی وشەکان.
٣. هێما مۆرفۆلۆژییەکان، کە بە تاکە وشەکانەوە دەردەکەون.
٤. ئاوازی رستە[1].

ئەگەر لەم سەرەتایەوە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانی منداڵ، دەردەکەوێت، کە دەربڕینی "تاکە وشەیەك" سەرەتای گەشتی ئەو منداڵەیە لە جیهانی دەربڕینی هزردا.

ئەم قۆناغە ساکارەی منداڵ بەسە بۆ ئەوەی بیرە سادەکانی پێدەربڕێت، کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پێویستن، واتە ئەم "تاکە وشە"یە گرنگە بۆ منداڵەکە و مەبەستی دەربڕینەکەیەتی.

لەمەشەوە "تاکە وشە" دەتوانرێت بە (سەرتۆپ _TOPIC) ناوببرێت، کە لە ئاخاوتنی مرۆڤی هەراشدا بە هۆی چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆزەوە دەهێنرێتە دیتن. روونکردنەوەی ئەم راستیەش لە پێناسەی ئەم قۆناغەی زمانپژانی منداڵدا دەردەکەوێت، کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە پێناسەکراوە و شیکراوەتەوە و رۆڵی لە زمانپژاندا دەرخراوە. بۆ نمونە (Bates)ی زمانەوان لە پێناسەی ئەم قۆناغەی (تاکە وشە)دا دەڵێت: "ئەو قۆناغەیە منداڵ تیایدا ساکارانە لەو کەرەستەیە دەدوێت، کە سەرنجی رادەکێشێت، یان جێی گرنگی پێدانیەتی".[٢]

تاکە وشەکە، یەکەیەکی زانیارییە و خۆشی بە چەند یەکەیەکی زانیاری تر داگیراوەتەوە. منداڵی کورد لەم قۆناغەی زمانپژانیدا لە چەند وشەیەك زیاتر فێر نابێت، هەر وشەیەکیشیان هەڵگری واتای ئەو رستەیەیە، کە مرۆڤی هەراش لە

---

[1] .Bates(1996:161)

[2] .Bates (1996:210)

ئاخاوتنیدا بە ئـەنجامی دەگەیـەنێت: تاکـە وشـەیەکی وەك (حـەم، عەعـە، بڤـە، قغـە) بەرانبەر زانیاری رستەیەکی وەك (١) و (٢) و (٣) و (٤) دەوەستێت، کـە هەریەکـەیان بە سـێ قۆنـاغ بەرهـەمهاتووە و تیایـدا نیـشانە واتاییـەکانی (نـانخواردن، گ... هـاتن، خۆڵەپەتێ، خواردنی پیس) لای گەورەیەك هاوتایە لەگەڵ نیشانە واتاییەکانیاندا.

(١) ا. من نانەکە دەخۆم ( D.S)

ب. من نانەکە دەخۆم. (S.S1)

پ. نانەکە، (من) t دەیـخۆم. (SS2)[٣]
i i i

(٢) ا. من گـ ... دێت (D.S)

ب. من گـ ... دێت. (S.S1)

پ. گـ ...، (pro) t دێت. (S.S2)
i i

ت. (من) گـ ... دێت. (S.S3)

(٣) ا. ( تۆ) خۆڵە پەتێ مەکە (D.S)

ب. (تۆ) خۆڵە پەتێ مەکە. (S.S1)

پ. خۆڵە پەتێ، تۆ t مەیـکە. (S.S2)[٤].
i i i

(٤) ا. نەکەیت خواردنی پیس بخۆیت (D.S)

ب. نەکەی خواردنی پیس بخۆی. (S.S1)

پ. خواردنی پیس، نەکەی t بیـخۆی. (S.S2)[٥].
i i i

---

[3] لەم قۆناغەدا پێکهاتەی (نان) باسەند کراوە، بڕوانە (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[4] لێـرەدا پێکهاتـەی (میـز، خۆڵـە پـەتێ) وەك بـەرکارێك کراوەتـە باسەنـد و لـە شـوێنی بنـەڕەتی خـۆی شوێنپێیەکی بە جێهێشتوە، کە لەگەڵیدا هاونیشانە دەبێت ، هەروەها پێکهاتەی (میزم) و (خۆڵە پەتێ) لـە نمونەی (٢ت) و (٣ت) دا لۆجیکیانە باسەندکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نمونەکانی (بەشی سێیەم).

[5] ئەوەی باسەند کراوە فرێزە نەك وشە.

شیکردنەوەکە لە زمانپژانی منداڵدا بێ بنەما و هەڕەمەکی نییە، چونکە زانستی زمانی دەرونی (سایکۆلینگویستیك) لە شەستەکانی سەدەی پێشودا لە ژێر کاریگەرییەکی زۆری دۆزینەوەکانی چۆمسکیدا بوون، بە تایبەتی لەو پێشنیازەیدا، کە دەڵێت: ((منداڵ کاتێك دێتە ژیانەوە هەر لە سەرتاوە گەنجینەیەك لە بیرۆکەی ناوەکی دەربارەی سروشتی سینتاکس هەیە ))[٦]. ئەم پێشنیازە تەنانەت بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەیاندا دەربارەی زمانپژانی منداڵ و چۆنیەتی فێربوونی ریزبوونی پێکهاتەکانی رستە، ئەم پێشنیازە بکەنە بنەمای پێشنیازێکی تر، کە دەڵێت: (( بکەری رێزمانی خاڵی دەستپێکردنی زمانپژانە ))[٧]. دواتریش لە حەفتاکانی سەدەی پێشودا کرایە بناغەی پێشنیازێکی دیکە، کە ئەوە دەردەبڕێت: ((دەشێت منداڵ بیرۆکەی سیمانتیکی وەك agent[٨] بۆ دەستکەوتنی یەکەم تیوری زانیاری دەربارەی رێزمان بەکاربهێنێت ))[٩].

هەموو ئەم روونکردنەوانە بەوە دەگەن، کە ئەو تاکە وشانەی منداڵ زمانی پێدەپژێت هەر ئەو وشانەن، کە لە رستەکانی (١پ) و (٢پ) و (٣پ) و (٤پ) دا باسمەند کراون، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت (زمانپژانی منداڵ بە سەرتۆپ) بێت.

خۆ ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ ئەو لێکچونانەی لە نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی گیانلەبەراندا هەیە[١٠]، ئەوا دەتوانرێت لێکدانەوەکەی McNeill(١٩٧٠) بە راست دابنرێت، کە دەڵێت: ((ئەگەر زمانی گیانلەبەران وا شیبکرێتەوە، کە بریتییە

---

[6] Bates(1996:177)

[7] Bates(1996:180)

[8] **agent** ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە دروستەی رستەی بکەردیاردا بەرانبەر (بکەری ر ێزمانی) دەوەستێت، بەڵام لە دروستەی بکەرنادیاردا بەرانبەر ئەو بکەرەیە، کە لە رستەکە لابراوە و دەشێت بنوسرێت یان نەنوسرێت، وەك لە نمونەی (١) و (٢) دا دەردەکەوێت:

١. ئازاد نانەکەی خوارد. (<ئازاد> **agent**ە )

٢. نانەکە خورا لە لایەن ئازادەوە. (<ئازاد> **agent**ە)

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، بڕوانە فەریدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨)و **Crystal(2003:16)**

[9] Bates(1996:180)

[10] محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ١٤-١٧).

لەکۆمێنتێك[11] لە سەر سەرتۆپێکی بارودۆخی، ئەوا زمانی مرۆڤیش هەر بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئەم "سەرتۆپ و کۆمێنتە" )[12].

ئەنجامەکەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی چالاك و کارایە. بەمەش خۆی جیادەکاتەوە لە زمانی گیانلەبەرانی تر. هەمووشیکردنەوەکانیش دەربڕی سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکە و تیوری "سەرتۆپ و کۆمێنت" و "رستەی باسمەندن" ، کە بناغە و کاری ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

## دووەم: لێکدانەوە جیاوازەکانی تیوری ( سەرتۆپ-کۆمێنت ):

لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو نین بۆ بابەتەکە، بەڵکو زیاتر بۆ دیاریکردن و ئاماژەدانە بە چێوەی ئەو قوتابخانەیەی، کە لێرەدا کاری پێدەکرێت، چونکە ئەم بابەتە لە رووی چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بۆیە خۆساغکردنەوە لە سەر یەکێك لەو قوتابخانانە بە پێویست دەزانرێت. بە مەبەستی ئەوەی تەواو بە وردی پێناسەکانی "سەرتۆپ و کۆمێنت" ئاشکرابن، پێویست بەوە دەبێت ئاماژەیەکی تەواو ورد بکرێت بۆ ئەو زاراوانەی لە لایەن زمانەوانەکانەوە بۆ ئەم بابەتە دانراون، زاراوە و دانەرەکانیان لە خشتەی (١)[13] خراونەتەڕوو، بەهەمان شێوە ئەم دیاریدەیە لەلایەن لێکۆڵەرە کوردەکانیشەوە زاراوەی جۆراوجۆری بۆ دانراوە، چونکە هەریەکەیان بە پێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەی زاراوەیان بۆ داڕشتووە ( بڕوانە خشتەی ٢ ). بۆ بەرچاو رونی زیاتر زاراوەکانی بابەتەکە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە لە خشتەی (٣) دا خراونەتەڕوو. بۆیە ئەم زاراوانەش هەڵبژێراون، چونکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی قوتابخانەی بەرهەمێنان و گواستنەوە دەگیرێتە بەر، بۆیە زانستیترە لە رووی زاراوەشەوە هەر زاراوەکانی ئەم قوتابخانەیە بەکاربهێنرێت.

هەر بۆیە زاراوەی TOPIC زاراوەی > سەرتۆپ <ی بۆ بەکارهێنراوە، کە ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە، کە مەبەستی رستەکەیە. زاراوەی comment/focusیش زاراوەی > کۆمێنت/تیشکۆ/Focus<ی بۆ بەکارهێنراوە، کە مەبەست لێی ئەو

---

[11] بۆ زانیاری لە سەر ئەم زاراوەیە بڕوانە پاری یەکەمی (بەشی یەکەم) ئەم کتێبە.

[12] Bates(1996:105)

[13] Bates(1996:168)

پێکهاتەیەیــە، کــە دەربــارەی ســەرتۆپە. بــۆ ئــەو یاســا گواســتنەوەیەی بــە TOPICALIZATION ناســراوە لەگــەڵ جــۆری ئــەو رســتەیەی بەرهەمیــدەهێنێت زاراوەی >باسمەنـد < ی (محەمـەد مـەعروف فـەتاح)[14] بـەکارهێنراوە، بـەڵام پێکهاتـە باسمەندکراوەکە هەر بە > سەرتۆپ < ناودەبرێت.

## خشتەی ١
## خشتەی زاراوەی لێکۆڵەرە بیانییەکان

| ژ | سەرتۆپ | کۆمینت/تیشکۆ/ Focus | دانەرەکانیان |
|---|---|---|---|
| ١ | زانیاری کۆن | زانیاری تازە | Chaf,1970;Broni,Fava&Tirondola,1973 |
| ٢ | زانیاری زانراو | زانیاری تازە | Haviland&Clark,1974 |
| ٣ | سەرتۆپ | کۆمێنت | Sechehaye,1926;Vygotsky,1962; Delagun,1976;Hornby,1972 |
| ٤ | Ground | Figure | McWhinney,1974 |
| ٥ | زانیاری ئازاد | زانیاری بەستراوە | Rommetveit,1974 |
| ٦ | Conversational | Conversational | Firbas,1964 |
| ٧ | Theme | Rheme | Halliday,1970 |
| ٨ | Theme | Information FOCUS | Halliday,1970 |
| ٩ | Logical Focus | Expressive Focus | McWhinney,1975b |
| ١٠ | Primary Topicalization | Secondary Topicalization | Fillmor,1968 |
| ١١ | سەرتۆپ | Focus/تیشکۆ | Chomsky,1972;Jackendoff,1972 |
| ١٢ | Theme | Emphasis | Dezso,1970 |

14 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٣٤).

## خشتەی ٢

## خشتەی زاراوەی لێکۆڵەرە کوردەکان

| ژ | سەرتۆپ | کۆمێنت/تیشکۆ/ Focus | باسمەند | دانەرەکانیان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Topic | باسی نەکردوە | باسی نەکردوە | ئەحمەد حەسەن فەتحوڵا،١٩٩٠ز |
| ٢ | باس | خواس | باسمەند | محەمەدمەعروف فەتاح،١٩٩٢ز[١٥] |
| ٣ | باسی نەکردوە | باسی نەکردوە | بە لوتکەکردن | دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٢ز |
| ٤ | باسی نەکردوە | باسی نەکردوە | بە لوتکەکردن | تاڵیب حسێن عەلی، ١٩٩٨ز |
| ٥ | باس | خواس | باسی نەکردوە | ساجیدەعەبدوڵافەرهادی،٢٠٠٣ز[١٦] |
| ٦ | باس/ تۆپیک | باسی نەکردوە | تۆپیکالیزەیشن | تارا موحسن قادر،٢٠٠٤ز |

## خشتەی٣

## خشتەی ئەو زاراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە

| Topic | Focus | TOpicalization |
|---|---|---|
| سەرتۆپ | کۆمێنت/تیشکۆ/Focus | باسمەند |

سەرەتاکانی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکانی Hocket(1958) [١٧]، ڕێزمانەوانی ناوبراو تیورییەکی داناوە، کە دەکرێت ڕستە بە سەر

---

15 ١٥ و ١٦ دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەریەکە لە محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٩٢) و ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی(٢٠٠٣) لە سەر ڕێبازی قوتابخانەی (ئەرکی هالیدەی) لێکۆڵینەوەکانیان کردووە.
16

17 محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٩٢: ٤٤)، سەرەتاکانی داهێنانی ئەم بابەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ (فێرباس،١٩٦٤) و (دانیش،١٩٦٨)، بەڵام بە پێی سەرچاوەکانی ئەمڕۆ لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، **Hocket(1958)** بە سەرەتای ئەم بابەتە دادەنرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە **Floor(2004:16ff)**

دوو بەشـی،(سـەرتۆپ و کۆمێنـت) دابەشـبکرێت، لێرەشـەوە پێناسـەی هەریەکـەیان دەکات و دەڵێت:

١)((سـەرتۆپ، ئـەو بەشـەی رسـتەیە، کـە لـە رێیـەوە دەزانرێـت ئـەو رسـتەیە دەربارەی چییە

کۆمێنتیش، ئەو بەشەی رستەیە، کە دەربارەی سەرتۆپ دەگوترێت ))[١٨]:

(٥) [ سەرتۆپ منداڵەکە] [ کۆمێنت نانەکەی خوارد ].

لە نمونەی (٥) دا [ منداڵەکە ] سەرتۆپە و بـە شـێوەیەکی ئاسـایی پەیوەندیـدارە لەگـەڵ (بکـەر)دا، هـەروەها [ نانەکـەی خـوارد ] کۆمێنتـە و بـە شـێوەیەکی ئاسـایی پەیوەندیدارە لەگەڵ (بەشی کردار/ فرێزی کرداریی) دا.

٢ ) لــە پێناســەی "ســەرتۆپ و کۆمێنــت" دا (David Crystal) دەڵێــت: ((سـەرتۆپی رسـتە یەکەیەکـە (کـەس یـان شـت یـان.....هتـد) کـە دەربـارەی شـتێك دەگوترێـت، کـۆمێنتیش زانیارییـەکی زیـاترە دەربـارەی یەکەکـە دەردەبڕدرێـت ))[١٩]، هەروەك لە نمونەی (٦) دا پێشکەشکراوە:

(٦) [ سەرتۆپ میوانەکە] [ کۆمێنت بەرەو لادێکە دێت].

٣) محەمەد مـەعروف فـەتاح بـەم شـێوەیە پێناسـەی بابەتەکـە دەکـات: ((بـاس خاڵی دەستپێکردنە لای قسەکەر یان ئەو سـەنگەیە کـە هـەموو پاشمـاوەی رسـتەکەی پێداهەڵدەواسرێ، لە بەرئەوە باس دەبێ ئاسایی زانراو بێـت / دیسانەوە ئاسایـشە لـە سەرەتای رستەوە بێت چونکە بۆ لێکدانەوەی وا ئاسـانترە لـە کۆنـەوە بـچین بـۆ نـوێ نەك بە پێچەوانەوە / لای هەندێ زمانـەوانی زانـراو ئـەو کەرەسـەیەیە کـە قـسەکەر لـە بارەیەوە دەدوێ و باسی ئەوەیە گوێگر باس لێ دەکات))[٢٠، ٢١].

---

[18] Floor(2004:19)

[19] Crystal(1991:354;2003:468)

[20] محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٤٤).

[21] لەگەڵ ئەوەشدا،کە لێکۆڵەر زۆر زانستیانە لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە و بە ئەنجامی ئەزمونبەند گەیـشتوە، بەڵام ناتوانرێت راستەوخۆ لەم لێکۆڵینەوەیەدا سودی لێوەربگیرێت، چونکە :

ا. رێبـازی لێکۆڵینەوەکـەی قوتابخانـەی(ئەرکییـە). لـە کاتێکـدا رێبـازی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە قوتابخانـەی "بەرهەمهێنان و گواستنەوە"ی (چۆمسکی)ە.

ب. لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەکەی لە ئاستی پراگماتیکدا کردوە و دیاریدەکـەی بـەو ئاسـتەوە بەسـتۆتەوە. لـە کاتێکدا ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ئاستی سینتاکسەوە وابەستە کراوە.

٤) Thomas E. Payne لە لای ئەم پێناسەکە چوارچێوەیەکی تر وەردەگرێت:

(( سەرتۆپ چوارچێوەیەکی زەینییە، کە باقی رستەکە لە خۆی دەگرێت، ئەم جیاوازییە زەینییە، کە پێشکەوت، ناسرا بە"ئاستی فرێزی سەرتۆپ" clause level topic لەگەڵ " ئاستی فرێزی تیشکۆ– " Focusclause level)) [٢٢].

٥) (چۆمسکی) وەك داهێنەری قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بە یاسای ژمارە (١) دیاریدەکەی هەم پێناسە کردوە و هەم شیشیکردۆتەوە:

یاسای ژمارە(١):

[٢٣ ٢٤]( $S^{=} \longrightarrow$ TOP $\bar{S}$ )

لێرەدا (S)بار بە (S)ی سەرەکی دەناسرێت و دەگەڕێتەوە بۆ دروستەیەکی ڕێزمانی گەورەتر لە فرێز، کە وەك رستە لە ڕێزمانی چاولێکەریدا سەیردەکرا. کەواتە (S)بارەکە دەگەڕێتەوە بۆ فرێزێکی سادە، بەڵام سەرتۆپەکە دەگەڕێتەوە بۆ جێکەوتەی دروستەکە لە دەرەوەی (S)بارەکەیە و لە روانگەیەکی ڕێزمانییەوە بە رستەکەوە دەبەسترێتەوە/ هەڵدەواسرێت. بیرۆکەی سەرتۆپ دروستەیەکی بەهێزە، کە گۆکردنی هەرچی چۆنێك بێت وەك خاسیەتی گۆکردن بە پێکهاتەی باسمەندەوە دەبەسترێتەوە. ئەگەر ئێستا لە پێناسەکان وردببینەوە، دەبینرێت، کە "سەرتۆپ" سەرەتا وەك (یەکەیەکی ڕێزمانی)[٢٥] سەیردەکرا و پاشان وردە وردە لێکۆڵینەوە لە سەری زیادیکرد، ئەمڕۆش دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی دوو گروپ جیابکرێتەوە، کە گرنگیان بەم بابەتە داوە

**گروپی یەکەم**:چەند زمانەوانێکی وەك (VanDijk,1979;Brown&Yule,1983;Callow,1998)[٢٦] دەگرێتەوە، کە زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر "سەرتۆپی ئاخاوتن"Discourse Topic دەکردووە.

لێرەشەوە ئەم زمانەوانانە پرسیار لەوە دەکەن، کە ئایا (ئاخاوتن) دەربارەی چییە؟

---

[22] Payne(2004:270)

[23] Radford(2003:585 )

[24] ئەحمەد حەسەن فەتحوڵا (١٩٩٠: ٤٧-٤٩) لە نامەی ماستەرەکەیدا ئەم یاسایەی بۆ شیکردنەوەی گوێزانەوەی(بکەر) و دیارخەری بکەر بۆ پێش رستە بەکارهێناوە.

[25] بڕوانە پێناسەی یەکەم لەم پارەدا.

[26] Floor(2004:21)

**گروپی دووەم:** زمانەوانانی هەردووو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەگەڵ ئەرکی رستە سەر بە گروپی دووەمن[٢٧]. ئەمان زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر"سەرتۆپی رستیلەیی"Clause Topic یان "سەرتۆپی رستەیی" Sentence Topic دەکەن. چەند زمانەوانێکی ئەرکی وەك: Talmy Givon(1996) لەگەڵ Simon Dik(1980;1989) هەوڵیاندا کارەکانی هەردووو گروپەکە بەیەکەوە ببەستن و بیخەنە خزمەتی لێکۆڵینەوەی قوتابخانەی ئەرکییەوە. هەر لە ناو گروپی دووەمدا، لێکۆڵینەوەی سەرتۆپ لە ئاستی رستەدا بووە بە کرۆکی لێکۆڵینەوەکانی چەند زمانەوانێکی بەرهەمهێنانی وەك : Engdoh(1996) Vallduvi لەگەڵ McNally(1998)[٢٨]، خودی نووسینەکانی (چۆمسکی)یش[٢٩] بنەمای کارەکانی ئەمانە بوون، کە تیایدا رێبازی شێوازبەندی لێکۆڵینەوەی "بەرهەمی و گواستنەوە" لە سەر "سەرتۆپی رستەیی" زیاتر جەخت دەخاتە سەر ریزبوونی وشەکان و یاساکانی گواستنەوە.هەربۆیە باسکردنی یاساکانی گواستنەوە لە (پاری دووەم )ی ئەم بەشەدا بە پێویست دەزانرێت، تا بیکەینە بناغەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسە(باسمەند"TOPICALIZATION") لە ( بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا[٣٠]

---

**Floor(2004:21) 27**
**Floor(2004:21-22) 28**
**29** بە تایبەتی ئەو نوسینانەی دەربارەی (رێزمانی وردەکاری "**The Minimalist Grammar**").
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : **Seuren(2004)**.
**30** لێرەدا دەبێت ئاماژە بە چەند پێناسەیکی تریش بدرێت، کە تا ر ادەیەك بۆ ر ونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەم بابەتە گرنگن، لەوانەش:
ا. هەر **Crystal(1992:156)** دەڵێت: ((سەرتۆپ، یەکێکە لە دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی رستە، کە دروستەی زانیاری زانراو لەخۆ دەگرێت و هەرچی کۆمێنتیشە زانیاری تازە لەخۆ دەگرێت )).
هەروەك لەنمونەی (٣) دا دیارە:
(٣) [ سەرتۆپ ئارام ] [ کۆمێنت بەپێ هات].
لێرەدا [ ئارام ] زانیاری زانراو (کۆنە"سەرتۆپە") و [ بە پێ هات ] زانیاری تازە(کۆمینتە).
ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣: ٦٣-٦٤) لە پێناسەکردنیدا بۆ ئەم دیاریدەیە هەمان چەمکی بەکارهێناوە و هەمان واتای داوە بە دەستەوە.
ب. ( **R.L.Trask**(١٩٩٣:٢٧٩ یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((سەرتۆپ، ئەو کەرەستەیەی رستەیە کە یەکسەر دەردەبڕێت و هەرچی بەشەکانی تری رستەکەشە بریتییە لە کۆمێنت)).
پ. **Reinhart (1982)** دەڵێت: (( سەرتۆپ ئاستێکە لە ئاستەکانی رستە، کە دەکرێت بڵێین سەرتۆپ بابەتی رستەکانە، زۆربەی زۆری رستەکانیش لەم ر وانگەیەوە خاوەنی سەرتۆپن )).
ت.**Payne(2004:270)** دەڵێت: (( سەرتۆپ ئاستێکی ئاخاوتنە، کە تیایدا هەموو ئەو وشانەی ناون تا ر ادەیەك سەتۆپن)).

### سێیەم: یاساکانی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا:

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا دوو چەشنی سەرەکی گواستنەوە هەیە[31]، کە هەریەکەیان دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێکی تایبەت:

**أ- یاسای لەبریدانان** (Substitution) :

بریتییە لەو یاسایەی، کە پێکهاتەیەك دەگوێزێتەوە لە ناو ڕستەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی بەتاڵی ئامادەی تری ڕستەکە. لە ڕێی ئەم گواستنەوەیەوە جێکەوتەی پێکهاتەیەکی بەتاڵ پڕدەبێتەوە. ئەم یاسای گواستنەوەیە سێ جۆری سەرەکی هەیە:

١- **یاسای گواستنەوەی کردار** (V- Movement).

٢- **یاسای گواستنەوەی کات** (I- Movement).

٣- **یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی** (NP- Movement).

**ب- یاسای هەڵواسین** (Adjunction) :

ئەم یاسایە زیاتر بە هێنانەپێشەوە(EXTRA POSITION)ی فرێزی ناوی ناسراوە، بەم یاسایە (فرێزی پێشناوی و (S) باری هێنراوەپێشەوە بە یەکەم پێکهاتەی سەرەکی، کە "XP/S"ە دەبەسترێتەوە و زاڵیشە بەسەریدا)[32]. یاساکە پێنج جۆری سەرەکی هەیە:

---

[31] Hoekstra(1984:37-39)
Chomsky(1993:86)
Haegeman&Gueron(1999:46ff)
Radford(2003:448-51)
Crystal(2003:444)
محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٣٣٦).

مامۆستا دیار عەلی (٢٠٠٢: ٥٨-٥٩) لە نامەی ماستەرەکەیدا یاساکانی گواستنەوەی بەم جۆرە دابەشکردوە:

١. یاسا گشتییەکان ٢. یاسا تایبەتیەکان، ئەمانەشی کردوتە :

١/٢ یاسا بە خورتەکیەکان ٢/٢ یاسا بە ئارەزوییەکان.

تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٠).

[32] بۆ زانیاری لە سەر ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: پاری دووەمی (بەشی دووەم)ی ئەم کتێبە.

١– **یاسای گواستنەوەی فریزی پرسیار** (Wh-Movement).

٢– **یاسای گواستنەوە لە رستەی سەرجێناویدا**.

٣–**یاسای گواستنەوەی نەکردن** (Negative Preposing).

٤– **یاسای گواستنەوەی باسەند** (Topicalization-Movement).

٥– **یاسای فرتاندن** (Deletion Rules).

هەریەکە لەم گواستنەوانە لە سێ روانگەی سەرەکییەوە راڤە دەکرێت:

**یەکـــەم:** ئـــەو جێکەوتەیـــەی لێیدەگوێزرێتـــەوە لەگـــەڵ ئـــەو جێکەوتەیـــەی لێیدەگیرسێتەوە.

**دووەم:** هۆکاری گواستنەوەکە.

**سێیەم:** بەربەستەکانی گواستنەوەکە.

## أ- یـاسـای لـەبـریـدانـان:

### ١– یاسای گواستنەوەی کردار:

لە زمانی کوردیدا و لە روانگەی باوەڕبوونمان بەو تیورییەی، کە دەڵێت: ( وشە و فرێزەکانی زمانی کوردی جێکەوتەی چەسپاو و نەگۆڕییان هەیە)[٣٣]، ئەم جێکەوتانە کاتێك بوونیان دەبێت، کە بە کەرەستەیەك پڕبکرێنەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین یاسای گواستنەوەی کردار لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ ناو جێکەوتەی (I ) وەك پڕۆسەیەکی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا نییە بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوە[٣٤].

---

[33] محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر(٢٠٠٥: ٢٠).

[34] لە ر ستیلەی ناتەواو(چاوگی"**Infinitive Clause**") زمانی ئینگلیزیدا، ئەگەر کرداری یاریدەدەری تیا نەبوو، ئەوا جێکەوتەی (**I**) بەتاڵ دەبێت بێئەوەی نیشانە واتاییەکانی خۆی لەدەستبدات. (بڕوانە ر ێسای کاتەگۆری بەتاڵ.(**Chomsky(1993:152-248)** وەك لە نمونەی (٤) دا خراوەتەڕوو:

**(4) John [I e ] [VP  annoy me ].**

بۆ دروستی رستەی (٤) و بوونی کردارەکە بە کردارێکی (کات وکەسدار) دوو ر ێگا گیراوەتە بەر:

١/ یان ئەوەتا (کاتوکوس)ەکە لە شێوەی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاکدا لە جێکەوتەی (**I**)ەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر کردارەکە لە ناو  (**VP**) دا، بەم گواستنەوەیەش دەگوترێت "لاگر گواستنەوە" **Affix Movement** ، بڕوانە نمونەی (**٥a,b**):

**(5) a. John [I e] [VP[v annoy][me].**

گواستنەوەی ئەفێکس =

**بەڵام لە رستەی (ڕابردوی تێپەڕ)ی زمانی کوردیدا دیاریدەیەك بەدیدەکرێت، کە دەشێت بە هاوشێوەی پرۆسەی ( لاگر گواستنەوە "Affix Movement")[35] دابنرێت. ئەگەرچی کرداری زمانی کوردی کردارێکی (کات وکەسداره) و هەریەکە لە مۆرفیمەکانی ( رەگی کردار و کات و کەس) وەك کەرەستەی فەرهەنگی پێناسە دەکرێن[36]، بەڵام لە بەرئەوەی پەیوەندی نێوان (رەگی کردار و مۆرفیمی کات)**

---

**b. John [VP[v annoy s[me].** =

٢/ یان ئەوەتا کردارەکە لە ناو بەشی کردارەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (**I**) هەروەك لە نمونەی (**6a,b**) دا دەبینرێت:

**(6) a. John [I e] [VP[v annoy][me ]**

گواستنەوەی کردار

**b. John [I annoy s][VP[o][me].**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**Radford(1998:116-124;2003:404-9)**
**Haegeman & Gueron(1999:245-9)**
**Fuerts(2001:34)**

محەمەد مەحوی(٢٠٠١: ٣٣٠-٣٣١).

**Carnie(2002:194-9)**
**Guasti(2002:104-5)**

تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٠).

[35] دیاریدەی (لاگر گواستنەوە "**Affix Movement**") لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام جیاوازی گرنگ، کە لە پرۆسەکەدا بەدیدەکرێت، ئەوەیە لە زمانی کوردیدا ئەم لاگرە وەك مۆرفیمێك لە سەر کردارەکە هەیە و دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی بەرکار، بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوە، کە لاگرەکە لە جێکەوتەی (**I**) دا بونی نییە و لە ئاستی ر وکەشدا دەبێتە مۆرفێم و لە سەر کردارەکە دەردەکەوێت.ئەم پرۆسەیەش زمانەوانان جیاواز لێیدەڕوانن:

ا. محەمەدی مەحوی ئاماژەی داوە بەم پرۆسەیە، بەڵام باسکردنی پرۆسەکەی وەك بەڵگە هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی (تیوری دانان و دامەزراندنی فەرهەنگی). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٣٢٦) لەگەڵ محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر(٢٠٠٥: ٥٦).

ب. دیار عەلی (٢٠٠٢: ٦٤) لە نامەی ماستەرەکەیدا، باسی ئەم جۆرە گواستنەوەی لە زمانی کوردیدا کردوە لە ژێر سەرناوی (گواستنەوە بەخورتەکییەکان)، بەڵام باسی هۆکاری گواستنەوەکەی نەکردوە و مەبەستی گواستنەوەکەی پەیوەست بە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) شینەکردۆتەوە، کە بۆ چییە؟

پ. تارا موحسن (٢٠٠٤: ٢٠) لە نامەی ماستەرەکەیدا پێیوایە، کە:

( ئەو گواستنەوانەی لە چەشنی لەبریدانانن لە زمانی کوردیدا"شێوە زاری سلێمانی"دا نییە).

[36] محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر(٢٠٠٤: ٧٦) و تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٦).

توندوتۆڵترە لە پەیوەندی نێوان (قەدی کردار و مۆرفیمی کەس)[٣٧]. بۆیـە لـەم جـۆرەی ڕستەی زمانی کوردیـدا ئـەم جـۆرە پڕۆسـەیە هەیـە و ئەمـەش جۆرێکـە لـە ئێرگـاتیڤی زمـانی کـوردی (واتــە ڕێککــەوتنی بــەرکار و کــردار)، وەك لەنمونــەی (١٠) و (١١) دا خراوەتەڕوو:

(١٠) أ. [بکەر من ] [بەشی کردار [بەرکار نان e [ڕەگی کردار کڕ [کات وکەس یـــــــم ]]]].

ب. [بکەر من ] [بەشی کردار[بەرکار نانـــــــم [ ڕەگی کردار کڕ [ کات وکەس ی t ]]]].
i → i

(١١) ا. [ بکەر تۆ ] [ بەشی کردار [ بەرکار ژن e [ کردار هێنات ]]]. (D.S)
ب. [ بکەر تۆ ] [ بەشی کردار [ بەرکار ژنـــت [ کردار هێنـــا t ]]][٣٨]. (S.S)
i → i

دەتوانرێت شیکردنەوەی پڕۆسەکە و جیاوازی لەگەڵ ڕێساکانی گواسـتنەوەکە لـە زمانی ئینگلیزیدا لەم سێ ڕوانگەیەوە دەربخرێت:

- لـە ڕووی جێکەوتــەوە: لـە زمـانی کوردیـدا (مـۆرفێمی کەسـەکە) لـە جێکەوتـەی کردارەوە( جێکەوتەی بنەڕەتییەتی ) دەگوێزرێتەوە بۆ سەر/ ناو جێکەوتەی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) ( جێکەوتەی گیرسانەوەیەتی). هەر لێرەشەوەیە ئاراسـتەی گواسـتنەوەکە لــە لای چــەپەوە بــۆ لای ڕاســتە نــەك بــە پێــچەوانەوە، چــونکە ڕێــسای ڕیزبــوونی پێکهاتەکانی زمانی کوردی (سەرەکۆتاییە"S.O.V").

37 محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر(٢٠٠٤: ٦٦).

38 وەك لێکدانەوەیەکی ئێرگاتیڤی بۆ ئەم جۆرەی ڕستـەیەی زمـانی کـوردی، **محەمـەد مـەحوی** پێیوایـە، کـە کرداری نمونەی (١١ ا) بریتییە لە ( ژنهێنان ) وەك هەر کردارێکـی تـری فەرهـەنگی وەك (شـوکردن)، بـەڵام کردارەکە سەرەتا پێش ناردنی لاگرەکـە بـۆ جێکەوتـەی بـەرکار، دێـت (ژن) دەنێرێتـە جێکەوتـەی بـەرکار و دەیکاتــە بــەرکار پاشــان پڕۆســەی (لاگــر گواســتنەوە) ڕ ودەدات، چــونکە ئەگــەر جێکەوتــەی بــەرکار پڕنەکرابێتەوە، ئەوا هـیچ کەرەسـتەیەکمان نابێـت لاگـری بزوێنـراو بگرێتـەخۆی. **محەمـەد مـەحوی**، وانـەی تایبەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦/٥/١٠.

- **هۆکـاری گواسـتنەوەکە:** ئـەم گواسـتنەوەیە ڕێککـەوتنی بکـەر و بەشـی کـردار دەڕەخـسێنێت و دۆخـی ڕێزمـانی بکـەریی (NOMINATIVE) دەبەخـشێتە بکـەری ڕستەکە.
- **بەربەستی گواستنەوەکە:** لە بەرئەوەی ئەم گواستنەوەیە وەك دیاریدەیەك وایە لـە زمانەکەماندا، بۆیە تەنها لەم جۆرەی ڕستەدا بەدیدەکرێت و بە گۆڕانی دەمی ڕسـتەکە لە ڕابردوی تێپەڕەوە بۆ هەر جۆر و تافێکی تر ئـەم جـۆرە گواسـتنەوەیە بـەدیناکرێت، بڕوانە (١٢) و (١٣):

(١٢) تۆ ژن دەهێنیت؟ (ئەگەر ڕستەکە ڕانەبردوی تێپەڕ بێت).

(١٣) من بەپێ ڕۆیشتم. (ئەگەر ڕستەکە ڕابردوی تێنەپەڕ بێت).

من بە پێ دەڕۆم. (ئەگەر ڕستەکە ڕانەبردوی تێنەپەڕ بێت).

کەواتە کرداری تێپەڕی ڕانەبردو و کردارە تێنەپەڕەکان لەم ڕوانگەیەوە وەك یـەك هەڵسوکەوت دەکەن و لاگر گواستنەوە تیایاندا ڕونادات.

## ٢- یاسای گواستنەوەی کات وکەس:

ئەگەرچی گواستنەوە جیهانییە، لەبەرئـەوەی دروسـتە و جێکەوتـەکانی لـە ڕووی تیورییەوە لە گشت زمانەکانی جیهاندا هەن، بەڵام تایبەتمەندییەکانی زمـان جیـاوازن و پڕکردنەوە و پڕنەکردنـەوەی جێکەوتـەکان وابەسـتەی ئـەو تایبەتمەندیانـەن، بۆیـە لـە زمانی کوردیشدا (پرۆژەی "IP" بۆ نمونە) هەیە، بەڵام پێویست بـە پڕکردنـەوەیان بـە کەرەستەکانی کـات وکـەس ناکـات بـەو شـێوەیەی لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هـەن[٣٩]. لـەم

[39] لـە زمـانی ئینگلیزیـدا یاسـاکە بەرپرسـە لـەو تیورییـە گـشتیەی ناسـراوە بـە (هەڵگەڕانـەوەی بکـەر "Subject-Auxiliary Inversion")، کـە بـە هۆیـەوە ڕسـتەی هـەواڵی لـە ڕسـتەی پرسـیار جیادەکرێتەوە(بڕوانە (**Radford(2003:411**)، کە تیایدا مۆداڵ ڤێربەکان لە نـاو جێکەوتـەی (**I**)ی نـاو ڕستەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (**C**) لە دەرەوەی ڕستەکە، هەروەك لەنمونەی ( **٧a,b**) دا دەرخراوە:

**(7) a. [C e][S he[I will][VP tell the truth]].**

**b. [C will][S he[I--][VP tell the truth]]?**

بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

**Rizzi(1982:84)**
**Radford(1998:116-124;2003:416)**
**Haegeman & Gueron(1999:245-9)**
**Epstein(2000:150-9)**
**Guasti(2002:188ff)**
**Carnie(2002:205-8)** و تاراموحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٠) و **Branigan(2005:5ff)**.

روانگەیەوە دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە ئـەم جـۆرە گواسـتنەوەیە لـە زمـانی کوردیدا بەدیناکرێت، چونکە:–

O کات وکەس وەك مۆرفیم لەگەڵ رەگی کرداردایە، واتە زمانی کـوردی پرۆژەیـەکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ (IP)نییە[٤٠]. وەك لە نمونەی (١٤) و (١٥)دا دیارە:

(١٤) [ بکەر ئەوان ] [کردار[رەگی کردار ها [ کات وکەس تـــــــن ]]].

پێدانی دۆخی رێزمانی (nominative) لە لایەن کات وکەسی زەنگینی کردارەوە.

(١٥) [ بکەر مــن ] [ vp [ کات دە [رەگی کردار چـــ[ کەس م ] ] ]

کاتوکەس

پێدانی دۆخی رێزمانی (nominative) لە لایەن کات وکەسی زەنگینی کردارەوە.

ئەم تایبەتمەندیە زمانی کوردی کردۆتە یەکێك لە زمانە (بکەرخراوەکان)[٤١].

O بنەڕەتی تیورییەکە بۆ هێنانەکایەی تیوری (هەڵگەڕانـەوەی بکـەر "Subject-Auxiliary Inversion")ە، کـــە بـــە هۆیـــەوە رســـتەی پرســـیار دروســـتدەکرێت و جیادەکرێتەوە لە رستەی هەواڵی. بەڵام وەك گریمانەیەکی ئەزمونبەند سەلمێنراوە، کە دروستەی سینتاکسی رستەی پرسیار و دروستەی قوڵی رستەی کـوردی پەیوەسـت بـە وشە و فرێزی پرسیارییەوە یکدەگرنەوە و وەکیـەکن[٤٢]. واتـە رسـتەی پرسـیاری زمـانی کوردی یاسـای گواسـتنەوەی تێدا نییـە. ئـەم تێڕوانینـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی، کـە

---

[40] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٩٤-٩٥).

[41] زمانـە (بکـەر خراوەکـان"**Pro-drop Language**" یـان "**Null Subject Language**" )، ئـەو زمانانەن، کە دەتوانن رستەکانیان بێ بکەر بێت یان بکـەرەکانیان دەرنـەبڕن و رستەکانیـشیان راسـت بێـت، چونکە لە شوێنی بکەرە لابراوەکە (**pro**)یەکی بچوك دادەنرێت و بـە هـۆی زەنگینـی کـات وکەسـی کـردار راستەخۆ ئەم (**pro**) بچوکە حوکم دەکرێت و دۆخی ر ێزمانی پێدەبەخشرێت، زمـانی کـوردی و ئیتـاڵی لـەم جۆرە زمانانەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Rizzi(1982:117-121)**

محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٣٧-٢٣٨).

**Carnie(2002:273-274)**

**Crystal(2003:373-374)**

[42] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٩٢-١٩٧).

پێویست بە جێبەجێکردنی یاسای گواستنەوەی کات وکەس لە زمانی کوردیدا نەکات، بڕوانە (١٦):

(١٦) دێیت؟ | هەر سێ ڕستەکە لە ئاستی قوڵدان و هیچ گواستنەوەیەکیان بەسەردا نەهاتووە پەیوەست بە وشە و فرێزی پرسیارییەوە.
کێ لە کێیدا؟
بڵند بۆ کوێ چوو؟

لەگەڵ ئەم شیکردنەوانەشدا، وەك گریمانەیەکی پێشینە، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە وشە/فرێزی پرسیار لە زمانی کوردیدا لە ئاستی لۆجیکدا پەیوەست بە پرۆسەی باسمەندەوە توانای گواستنەوەی هەبێت[٤٣].

### ٣- یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی:

ئەم یاسایە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چوار بوونیاتەی گرنگدا، کە ( "بکەرنادیار "Passive"، "بەرزکردنەوە"Raising"، "ئێرگاتیڤ"Ergative"، "ناوەند"Middle" )ە[٤٤].

- **یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی بکەرنادیاریدا :**

لەم لێکۆڵینەوەیەی زمانی کوردیدا و بەهۆی کارکردن بە تیوری "بوون بە لێکسیمبوونی سەربەخۆ"ی کرداری بکەرنادیارەوە[٤٥]. ئەمە وەك بەڵگەیەکی

---

[43] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر گواستنەوەی لۆجیکی وشە/فرێزی پرسیار، بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.

[44] **Radford(2003:420)**
**Jacobsen(1986:154)**

[45] أ. محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٢٩-٢٣٠).

ب. هەر محەمەد مەحوی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( مەبەست لە "بون بە لێکسیمی سەربەخۆ"ی کرداری بکەرنادیار ئەوەیە، کە کردارەکان لە سینتاکسەوە دەگەڕێنەوە بۆ ناو فەرهەنگ و دەبنە لێکسیمی سەربەخۆ، وەك کردارەکانی "بەسەرداچونەوە" و "لەهۆشخۆچون").

محەمەد مەحوی، وانەی تایبەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦/٥/١٠.

پ. دیار عەلی (٢٠٠٢: ٧٧) لە نامەی ماستەرەکەیدا هەمان ئەنجامیداوە بە دەستەوە و دەڵێت: (بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا سروشتێکی فەرهەنگی هەیە و گۆڕانەکە مۆرفۆلۆجییە).

ئەزمونبەند وەردەگیرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی، رستەی بکەرنادیاری زمانی کوردی بێ پەیڕەوکردنی یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی دروستدەبێت و دێتەکایەوە. واتە کرداری بکەرنادیاری زمانی کوردی وەك هەر کردارێکی تر لێکسیمێکی ناو فەرهەنگە و لێرشەوە وەك کردارەکانی تر دێتە ناو ئاستی قوڵی رستەوە و رستەی بکەرنادیارەکە بەرهەمدەهێنێت. کەواتە کرداری بکەرنادیار وەك کردارەکانی تری زمانی کوردی کردارێکی کات وکەسدارە[٤٦]. لەم گریمانە سەلمێنراوەشەوە کردارە بکەرنادیارەکە بێ هیچ یاسایەکی گواستنەوە راستەوخۆ حوکمی بکەری رستەکەی دەکات و دۆخی رێزمانی بکەری پێدەبەخشێت[٤٧]، بڕوانە (١٧):

(١٧) **أ.** [بکەر **پیاوەکە** ] [کرداری بکەرنادیار **کوژرا** ]. **رستەی بکەرنادیاری رابردو.**

**ب.** [بکەر **پیاوەکە** ] [کرداری بکەرنادیار **دەکوژرێت** ]. **رستەی بکەرنادیاری رانەبردو.**

پێدانی دۆخی رێزمانی بکەری (nominative) لە لایەن کات و کەسی زەنگینەوە.

شیکردنەوەی ئەم جۆرە گواستنەوەیە نەخشەی بناغەیەکی گرنگ دەکێشێت بۆ راڤەکردنی دروستەی باسمەندی بکەرنادیار (هەروەك لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەبینرێت). ئەم جۆرە شیکردنەوەیەش تەواو پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە[٤٨].

---

[46] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٢٦-٢٢٧).

[47] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٤٣).

[48] ئەم یاسایە دەبێتە هۆی گواستنەوەی بەرکاری دروستەی بکەردیار بۆ جێکەوتەی پێشکردار لە دروستەی بکەرنادیاردا، لە نمونەی (**8 a,b**) بڕوانە:

**(8) a. Will be put [the car] in the garage.**

گواستنەوەی فرێزی ناوی

**b. [S[ The car] will be [VP put[NP t ] in the garage.**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**Thoms & Kintgen(1974:174)**
**Culicover(1976:161)**
**Huddleston(1979:52)**
**Jacobsen(1986:157)**
**Chomsky(1993:120)**
**Radford(1998:184)**
**Haegeman & Gueron(1999:204)**
**Guasti(2002:246)**
**Carnie(2002:229-32)**

- **یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی بەرزکردنەوەدا:**

ئەم یاسایە زیاتر لە رستەی ئاوێتەدا رودەدات. بەڵام شیکردنەوەی زمانەوانەکان دەربارەی رستەی ئاوێتەی زمانی کوردی دەریانخستوە[٤٩]، کەوا هەم رستەی سەرەکی و هەم رستەی تەواوکەری رستە سەرەکییەکە خاوەنی دروستەی سینتاکسی سەربەخۆن. لە هەر دروستەیەکیاندا سەرێکی ڕێزمانی حوکمکەر هەیە، کە (کرداری کات وکەسدارە) و بە شێوەیەکی سەربەخۆ کرداری هەریەکەیان دۆخی ڕێزمانی دەدات بە تەواوکەرەکانی. ئەم هۆکارەش جێبەجێنەکردنی یاساکە دەسەلمێنێت، کە (بکەر)ی رستە تەواوکەرەکە لە لایەن کرداری رستە تەواوکەرەکەوە حوکمدەکرێت و دۆخی ڕێزمانی پێدەدرێت. بەمەش هیچ پێویست بە بەرزکردنەوەی بکەری رستە تەواوکەرەکە ناکات بۆ جێکەوتەی بکەری رستە سەرەکییەکە تا حوکمبکرێت و دۆخی ڕێزمانی بکەری پێببەخشرێت، وەك لە (١٨ ا و ب) و (١٩ ا و ب) دا دەردەکەوێت:

(١٨) أ. [ رستەی سەرەکی وا دەردەکەوێت، [ رستەی تەواوکەر [ comp کە] ئازاد دلگران بێت]].

ب. *[ رستەی سەرەکی ئازاد وا دەردەکەوێت، [ رستەی تەواوکەر [ comp کە] t دلگران بێت]].

i ⟶ i

(١٩) ا. [ رستەی سەرەکی وا دیارە، [ رستەی تەواوکەر [ comp کە] ژین نایەت]].

ب. *[ رستەی سەرەکی ژین وا دیارە، [ رستەی تەواوکەر [ comp کە] t نایەت]].

i ⟶ i

پێکدادانی دۆخی ڕێزمانی.

لە هەمانکاتدا راستی ئەم شیکردنەوەیە بەوە ئەزمونبەند دەکرێت، ئەگەر (بکەر)ی رستە تەواوکەرەکە، کە دۆخی ڕێزمانی بکەری پێدراوە، بەرزبکرێتەوە بۆ جێکەوتەی بکەری رستە سەرەکییەکە، ئەوا دیسانەوە دۆخێکی ڕێزمانی بکەری تریشی پێدەبەخشرێت. ئەم پرۆسەیەش مەرجی (تیوری دۆخی ڕێزمانی)[٥٠] بریندار دەکات و

---

[49] محەمەد مەحوی(١٨٤:٢٠٠١-١٨٥) لەگەڵ عرفان مستەفا (٢٠٠٢: ٥٠).

[50] محەمەد مەحوی(٢٠٠١: ٣٥) لەگەڵ **TRASK(1993:35-36)**

پێکدادانی دۆخی ڕێزمانی (Case Crash)[51] دەهێنێتە کایەوە، هەروەك لە (١٨ب) و (١٩ب) دا خرایە ڕوو (هەروەك لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوودەدات)[52].

مەگەر لە ڕستەی باسمەنددا ئەمە ڕوبدات، بەڵام لەم حاڵەتەشدا بکەری ڕستە تەواوکەرەکە ناچێتە ناو جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکەوە، بەڵکو هەڵدەواسرێت بە پرۆژەی ڕستە سەرەکیەکەوە.

- **یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی ئێرگاتیڤیدا**[53]
- **یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی ناوەنددا**[54]

---

[51] مەبەست لەم پرۆسەیە، ئەوەیە کەرەستەیەکی ڕستە دووجار دۆخی ر ێزمانی پێببەخشرێت، ئەمەش لادانە لە مەرجی پاڵێوەری دۆخی ر ێزمانی، کە دەڵێت: ( هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی ڕستە یەك دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مەحەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٩٣).

[52] لەو ڕستە ئاوێتانەی زمانی ئینگلیزیدا، کە ڕستەیەکی تەواوکەریان هەیە، بکەری ڕستە تەواوکەرەکە، کە وەك فرێزێکی ناوی وایە لە جێکەوتەی بکەریی خۆیەوە دەبرێتە جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکە، تا بتوانێت ر ۆڵی بابەتانە و دۆخی ر ێزمانی بداتە بکەری ڕستە تەواوکەرەکەی (بڕوانە Chomsky(١٩٩٣:٦٨) )، وەك (٩ a,b) دا خراوەتەڕوو:

**(9) a. [NP e ] seem to me [S John to be unhappy].**
**b. [ John]$_i$ seem to me [S t$_i$ to be unhappy].**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**. Culicover(1976:227)**
**Huddleston(1979:112)**.
**Jacobsen(1986:80-87)**
**Chomsky(1993:68)**
**Radford(1998:182; 2003:435-446)**
محەمەد مەحوی(٢٠٠١: ٢٣٢-٢٣٣).
**Carnie(2002:236)**
تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦١).

[53] فرێزی ئێرگاتیڤ، فرێزی کردارێکی تێپنەپەڕە، کە فرێزی کردارێکی تێپەڕی بەرانبەری هەیە. لێرەدا بەرکاری فرێزە کردارە تێپەڕەکە بەرانبەر بکەری فرێزی کردارە تێنەپەڕەکەیە(ئێرگاتیڤەکەیە).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

**Maggie(1998:153-158)**
**Hudson(2000:282-283)**

[54] بۆ زانیاری زیارتر دەربارەی ئەرکی سینتاکسی دروستەی (**MIDDLE**) و جیاوازی لەگەڵ بونیاتەیئێرگاتیڤ بڕوانە**:Keyser and Roeper(1994)**.

ئەم دوو جۆرە گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە رستەی بەرهەمهاتو لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم دوو یاسایە زیاتر هاوشێوەی رستەی بکەرنادیاری زمانی کوردییە، کە بەبێ یاسای گواستنەوە دروستدەبێت و لە ئاستی قوڵی رستەدایە. بەڵام ئەم دوو یاسایە لە زمانی ئینگلیزیدا ئاراستەی تایبەتی خۆیان هەیە و پەیڕەوکردنیان بە ئاراستەی جیاواز دەبێت[٥٥].

**ب- یاسای هەڵواسین** (Adjunction) :

**١- یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیار:**

ئەم گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا نییە[٥٦]، چونکە دروستەی رستەی پرسیار و

---

[55] لە زمانی ئینگلیزیدا، بکەری ر وکەشی دروستەی ئێرگاتیڤ لە بنەڕەتدا بەرکاری رستەی کردارێکی تێپەڕە، کە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی بەتاڵی بکەری دروستە ئێرگاتیڤەکە. بڕوانە (١٠ **a,b**):

**(10) a. John broke the door.**
**b. [ The door] broke.**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Jacobsen(1986:175)**
**Chomsky(1993:261)**
**Radford(1998:199;2003:447)**
**Carnie(2002:236)**

بەڵام لە دروستەی ناوەندا **MIDDLE**، فرێزە ناوییەکە لە ئاستی قوڵی رستەدا لە جێکەوتەی پاش کرداردایە، پاشان لە ئاستی ر وکەشی رستەکەدا فرێزە ناوییەکە دەهێنرێتە جێکەوتەی پێش کردار. بڕوانە (١١**a,b**):

**(11) a. John irons his sheets easily.**
**b. His sheets iron easily.**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Radford(2003:447) & Haegeman and Gueron(1999:481)**.

[56] أ. ئەگەرچی (دیار عەلی) لە نامەی ماستەرەکەیدا چەشنی رستەی پرسیاری ( تێپەڕە دەنگدەرەوەکان )، کە(محەمەدی مەحوی) جیایکردۆتەوە بە جۆرێك لە جۆرەکانی ( گوێزانەوە بە ئارەزوییەکان ) لە چەشنی (جێگری ) دادەنێت، بەڵام لەوێدا ر ەچاوی ئەوە نەکراوە، کە ئەم دوبارە دانانەوەی وشەی پرس لە شوێنی پێکهاتە پرسیار لێکراوەکە لە ئاستی قوڵی رستەکەدا دەبێت، واتە رستەیەکی هەواڵیمان لە ئاستی قوڵدا هەیە و رستە پرسیارەکەش هەر لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدەهێنین، واتە ناتوانرێت رستە هەواڵیەکە بە رستەی ئاستی قوڵ دابنرێت و رستەی پرسیاری بە یاسایەکی گواستنەوە لێهەڵگواسترابێت، بۆ نمونە رستەی (١٢) ئاستی قوڵی رستەی ( ١٣) نییە، بەڵکو هەردو رستەکە دوو رستەی جیاوازن لە ر وی دروستەی سینتاکسی و سیمانتیکیەوە.

(١٢) ئازاد نان دەخوات. ( رستەی هەواڵی لە ئاستی قوڵدایە ).

(١٣) ئازاد چی دەخوات ؟ ( رستەی پرسیاری لە ئاستی قوڵدایە ). =

دروستەی قوڵی رستەی زمانی کوردی وەکیەکن[٥٧]، واتە وشەی پرسیار لە رستەی زمانی کوردیدا هیچ جۆرە گواستنەوەیەکی بەسەردا نایەت و هەر لە بنەڕەتدا وەك هەر فریزێکی تری رستە لە ئاستی قوڵی رستەدا دێتە کایەوە و نیشانەکانی کردار لە فەرهەنگدا داوایدەکات (ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵسوکەوتی یاساکەیە لە زمانی ئینگلیزیدا)[٥٨]. بەڵام گواستنەوەی وشە/فریزی پرسیاری زمانی کوردی لە ئاستی لۆجیکیدا و پەیوەست بە بەرهەمهێنانی رستەی باسمەندەوە پێشبینی دەکرێت[٥٩].

---

= بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٩٢-١٩٧) لەگەڵ دیار عەلی (٢٠٠٢: ٧٣-٧٤).

ب. ئەبوبەکر عومەر (١٩٩٣: ٧) لە نامەی ماستەرەکەیدا پێیوایە، لە رستەی پرسیاریدا جێگۆڕکێی دانە پێکهێنەرەکانی کەمتر ڕێگەی پێدەدرێت، وەك : کێ دەچێت بۆ قوتابخانە ؟

* بۆ قوتابخانە کێ دەچێت ؟

* دەچێت بۆ قوتابخانە کێ ؟

57 محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٩٧).

58 دەتوانرێت پوختەی ئەم گواستنەوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە یاسای (١) و نمونەی (١٤a,b) بخرێتە ڕوو:

یاسای ژمارە (١)

a. [S ….[s…[ vp wh-xp ….]].

b. [S̄ ….wh-xp [s …. [VP …..]].

(14) a. [S̄ [ C e][Your father [I will] put [ which car] in the garage]].

b. [S̄ Which car] [I will] [S Your father] [VP put in the garage]].

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Culicover(1976:227)
Rizzi(1982:49-50)
Jacobsen(1986:183)
Chomsky(1993:159)
Tallerman(1998:200)
Radford(1998:132 ; 2003:464-466)
Haegeman&Gueron(1999:170-172)
Epstein(2000:127-131)
Huddson(2000:274-275)
محەمەد مەحوی(٢٠٠١: ١٩٥).
Guasti(2002:193)
Carnie (2002:282-285) لەگەڵ تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٢).

59 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە و بەراوردی بکە بە بۆچونەکانی محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٩٠-٢٩٥)، کە پێیوایە گواستنەوەی وشە/ فریزی پرسیار لە زمانی کوردیدا نەك هەر لە ئاستی سینتاکسدا، بەڵکو لە ئاستی لۆجیکیشدا نییە.

ئەم پێکهاتەیەش زۆربەی کات لە رووی واتـاوە لـە سـەرجەم پێکهاتـەکانی تـری رسـتە گرنگترە، چونکە جێگـەی گرنگـی قـسەکەر و گـوێگرە و پرسـیارکەر بـە هـۆی ئەمـەوە زانیاری نوێی چنگدەکەوێت. هەڵەبوونی رستەی (٢٠ا) کە لە رستەی (٢٠ب) وەرگـیراوە رەنگە باشترین نمونە بێت:

(٢٠) أ.* کام سەیارەیە، باوکت t لە گەراجدا دادەنێت ؟
i i
ب. باوکت کام سەیارەیە لە گەراجدا دادەنێت ؟


یان بۆ نمونە ناتوانرێـت رسـتەیەکی وەك (٢١ب و پ) لـە رسـتەیەکی وەك (٢١ ا) هەڵبگوازرێت:

(٢١) أ. ئایا زیندان جێی مەردانە؟
ب. * جێی مەردانە ئایا زیندان t ؟
i i
پ.* t زیندان جێی مەردانە ئایا ؟
i i

لێـرەدا دەبێـت ئامـاژە بـۆ ئـەو گریمانەیـە بکـرێ، کـە لـە لایـەن (چۆمـسکی)ەوە پێـشنیازکراوە و دەڵێـت: ((پـاش گواسـتنەوەی (Wh-XP) بـۆ پـێش جێکەوتـەی (C) فرێـزە ناوییـە گوازراوەکـە دەبەسـترێتەوە بـە جێکەوتـەی (C)ەوە. بەمـەش یاسـای گواستنەوەی (Wh-XP)ەکە دەبێتە چەشنی دوەمی گواستنەوە))[٦٠]. ئەم پێـشنیازەی (چۆمسکی) ئاماژە بـە خوڵقانـدنی نـۆدێکی(گـرێ) نـوێ دەکـات، کـە هاوشـێوەی ئـەو نۆدەیە(گرێیە)، کـە کەرەسـتە بزوێنراوەکـەی پێوەدەبەسـترێتەوە، لێـرەدا (comp) و دەوروبەرەکەی لادەبرێـت تـا پرنـسیپی وەچـە ئاراسـتەکردن برینـدار نـەکات. وەك لـە شێوەی ئەندازیاری (١) دا دەرخراوە:

[60] Chomsky(1993:53) و Jacobsen(1986:130).

شێوەی ئەندازیاری (١):




**٢-یاسای گواستنەوەی رستەی سەرجێناوی:**

سێ جۆر رستەی سەرجێناوی هەیە، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێت و واتای تایبەتی خۆیان هەیە[٦١]. رستەی سەرجێناوی زمانی کوردی هەروەك سەلمێنراوە لە چەشنی (بەستراوە)یە[٦٢]. لەم چەشنەی رستەی سەرجێناویدا هیچ جۆرە یاسایەکی گواستنەوە بەدیناکرێت ( کە ئەمەش پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە)[٦٣]، جگە لە جێبەجێبوونی هەندێ لە یاساکانی (قرتاندن) بە سەریدا[٦٤].

---

[61] بۆ زانینی بە کارهێنانیان و جیاوازیان لە یەکتری بڕوانە:**Radford(2003:48ff)**

[62] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٤٨) لەگەڵ عرفان مستەفا (٢٠٠٢: ١٠٧).

[63] لە زمانی ئینگلیزیدا، سەری رستەی سەرجێناوی لە جۆری بەستراوە (**Restrictive**) لە ناو بەشی کردارداپە لە ئاستی قوڵی رستەدا، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی پێش (**comp**) و لە شێوەی (**S**) بارێکدا لە ئاستی ر وکەشی رستەدا دەبەسترێتەوە، تا بکەری رستەی لاوەکی دوو جار دۆخی ر ێزمانی وەرنەگرێت. بڕوانە (**a,b** ١٥):

**(15) a. [NP some one] [S¯ e] [S I meet whom]?**
**b. [NP some one] [S¯ whom] [S I meet t]?**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**Thomas&Kintgen(1974:199-202)**
**Culicover(1976:192)**
**Jacobsen(1986:189-191)**
**Chomsky(1993:41)**
**Haegeman&Gueron(1999:185-187)**
**Guasti(2002:220)**
**Radford(2003:482)**

نەبوونی ئەم یاسای گواستنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ: فرێزی ناوی لە گچکەترین مەودای ڕکێفدارەکەیدا دەکرێت بە کلیتیک یان

١.فرێزی ناوی بکەر لە دروستەی قوڵدا بە فەرهەنگی بەرجەستە ناکرێت و دەرنابڕێت[٦٥] . لێرەشەوە دەتوانرێت ئەوە بووترێت، کە رستەی سەرجێناوی زمانی کوردی هاوشێوەی رستەی پرسیار پەیکاڵدەبێت لەگەڵ رستەی ئاستی قوڵی زمانی کوردیدا. واتە رستەی سەرجێناوی و رستە تەواوکەرە سەرجێناوییەکەشی راستەوخۆ لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدەهێنرێن بێ یارمەتی هیچ

یاسایەکی گواستنەوە، وەك لە نمونەی (٢٢) و (٢٣) دا دیارە:

(٢٢) پیاوێك، کە تۆ $t_i$ بیـــــناسیت، $pro_i$ دۆستە.

بەرکار کراوەتە کلیتیک.

(٢٣) ئەو کوڕەی، کە $pro_i$ تۆ دەناسێت،$pro_i$ پێشمەرگەیە.

دەبینرێت لە (٢٢) دا بەرکاری رستە تەواوکەرەکەی رستە سەرجێناوییەکە بۆتە کلیتیك و چۆتە ناو قەوارەی کردارەکەوە و هاونیشانە دەبێت لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیدا، کە شوێنپێیە بەجێماوەکەیە. لە (٢٣)یشدا بکەری دوو رستە تەواوکەرەکەی رستە سەرجێناوییەکە لە دروستەی قوڵدا دەرنەبراون و بەرجەستەنەکراون، کە لێرەدا هاونیشانەن لەگەڵ سەری رستە سەرجێناوییەکەدا کە (ئەو کوڕەی)ە.ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا سەرجێناوی رستەی سەرجێناوی لە چەشنی (that) دەگوێزرێتەوە بۆ ناو جێکەوتەی (comp) [٦٦]. بەڵام لە زمانی کوردیدا واژەگۆکەری (کە) هەر لە بنەڕەتدا و لە ئاستی قوڵدا جێکەوتەی (comp) پڕدەکاتەوە، لە راستیدا پڕکردنەوەی جێکەوتەی (comp) بە واژە تەواوکەری (کە) و واژەی مەرجی (ئەگەر)، کە رستەی مەرجی دێنێتەکایەوە

---

[64] بڕوانە لاپەڕە ( ٤٢-٤٥) ئەم پارە.

[65] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٤٦).

[66] Culicover(1976:199-200)
Chomsky(1993:140-149)
Radford(1998:561)

خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری بوونی جێکەوتەی (comp)ە لە زمانی کوردیدا، وەك لە نمونەی (٢٤) و (٢٥) دا دەبینرێت:

(٢٤) من رۆیشتبووم، [ comp کە ] تۆ هاتیت.

(٢٥) من ناچم، [ comp ئەگەر ] تۆ نەیێت.

### ٣- یاسای گواستنەوەی نەکردن:

پرۆسەی نەکردن لە زمانی کوردیدا وابەستەی مەودای کردارە، لە بەرئەوەی جێکەوتەکانی کردار چەسپاون و هەریەکە لەو کەرەستانەش کە ئەم جێکەوتانە پردەکەنەوە کەرەستەی فەرهەنگین[٦٧]. بۆیە مۆرفیمەکانی نەکردنی وەك (نە، نا، مە، نی....هتد) لە ئاستی قوڵی رستەدا دەهێنرێن و دەخرێنە جێکەوتەی کاتی کردار و واتای (کاتونەرێ)یش دەبەخشن. پەیرەوکردنی ئەم تیورییە، کە لەلایەن (محەمەد مەحوییەوە) پێشنیازکراوە لە کتێبی (مۆدێلی رێزمان کوردی) دا ئەوە دەسەلمێنێت، کە پرۆسەی گواستنەوەی نەکردن لە زمانی کوردیدا نییە[٦٨].

وەك لە نمونەی (٢٦) و (٢٧) و (٢٨) دا دەربڕاوە:

---

[67] محەمەد مەحوی(٢٠٠١: ٦٦).

[68] دیار عەلی (٢٠٠٢: ٦٩-٧٠) لە نامەی ماستەرەکەیدا، لە باسکردنی نەکردن لە زمانی کوردیدا رێبازێکی تەواو جیاوازی گرتۆتە بەر ، چونکە دانانی مۆرفیمەکانی (نەکردن) بە جۆرێکی یاسای گواستنەوە (بە ئارەزووییەکان "زیادکردن") دادەنێت. بەڵام لێرەدا ئاشکرا گرنکی رێبازەکەی خۆمانمان بۆ دەردەکەوێت لە نزیکەوتنی لە راستی و راستەقینەکان، چونکە شیکردنەوەکانی و ئەو رێبازەی گرتویەتیەبەر ناتوانێت دوو خاڵی سەرەکی یەکئالآبکاتەوە، کە هۆکاری راستەخۆن بۆ نزیکبونەوە لە راستی و راستەقینەکان:

١. دەرینەخستوە ئایا ئەم زیادکردنە لە ئاستی قوڵی رستەدا ر ودەدات یان لە ئاستی ر وکەشدا ر ودەدات

٢. لە زۆربەی ئەو داری زمانانەی بۆ نمونەکانی کردوە مۆرفیمی (کاتو نەرێی) لەگەڵ مۆرفیمی ئەسپێکتی بەردەوامی تێکەڵکردوە. بۆ نمونە ئەسپێکتی (دە)ی لە نمونەی (کۆترەکان نەدەفڕیین)دا بە مۆرفیمی (کات) داناوە و نەگەیشتۆتە ئەو راستیەی کە مۆرفیمەکانی نەکردن لە زمانی کوردیدا لە زۆربەی کاتدا مۆرفێمی (کاتونەرێکردن)یشە، هەروەك لە نمونەی (١٦) و (١٧) و (١٨) دا خراوەتەڕوو:

(١٦) من نانم نەخواردوە. (ڕابردو) (١٧) من ناچم. (ڕانەبردو) (١٨) کارەکە مەکە. (فرمان)

هەروەها (نەمدەکرد، نەدەچوم، نەدەڕۆیشتم، نەدەگەیشتم.....هتد.) هەریەکە لەم نمونانە سەلمێنەری ئەسپێکتی (دە)ن. لەهەمانکاتدا دەریدەخات، کە مۆرفیمی (نە) مۆرفیمی کاتونەکردنیشە.

(٢٦)    من رستەی دروست نانوسم.

(٢٧)    من رستەی نادروست دەنوسم.

(٢٨)    من رستەی نادروست نانوسم[٦٩].

بەڵام شیکردنەوەی پرۆسەی نەکردن پەیوەست بە پرۆسەی باسمەندەوە دەریدەخات، کە کرداری نەریٚ ناتوانێت بێتە پێشەوە بۆ دروستکردنی رستەی باسمەند، وەك لە (٢٩) دا دەردەکەوێت:

(٢٩) ا. من ناچم بۆ قوتابخانە.

ب. بۆ قوتابخانە، من ناچم.

پ.* ناچم من بۆ قوتابخانە

ت. من [ ناچم] بۆ قوتابخانە.

لە (٢٩) دا تەنها رستەی (ت) رستەی باسمەندی نەکردنە، چونکە لۆجیکیانە هاتۆتە دەرەوە و رستەی باسمەندی بەرهەمهێناوە، ئەم دەرهێنانەش هەموو مەودای نەکردنەکە دەگرێتەوە[٧٠].

لێرەدا ئاماژەدان بەو راستیەی، کە زمانی ئینگلیزی کۆمەڵێ دەربڕاوی هەیە واتای نەکردن دەبەخشن و دەتوانرێن بگوێزرێنەوە[٧١]. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پرۆسانە تا رادەیەك وابەستەی پرۆسەی (باسمەندە) بۆیە شیکردنەوەکانی دەخرێتە (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

---

[69] دەربارەی وردەکارییەکانی لێکدانەوەی مەودای نەکردن لەم جۆرە رستانەدا، بڕوانە لە کاری (وریا عومەر ئەمین)، کە ئەزمونبەندانە و پەیوەست بە رێبازی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لەم جۆرە پرۆسانەی نەرێی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٤: ٨٢-٨٥).

[70] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەرهێنانی لۆجیکی و ر ۆڵی لە بەرهەمهێنانی رستەی باسمەندا، بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.

[71] بۆ زانینی ئەم جۆرە پرۆسانەی زمانی ئینگلیزی بڕوانە: **Radford(1998:130-135)**.

### ٤- یاسای گواستنەوەی باســـەند:

لــە بــەر ئــەوەی ئــەم یاسـایە و چـەند و چـونەکانی لـە زمـانی کوردیـدا کـرۆك و نــاوەڕۆکی ئــەم لێکۆڵینەوەیــە، بۆیــە لــە (بەشــی دووەم) دا بــە وردی وردەکــاری و ئالۆزییەکانی شیدەکرێتەوە[٧٢].

### ٥- یاسای قرتاندن:

هێنانەکایــەی ئاســتی روکەشــی رســتەکان تــەنها بــە یاســاکانی گواســتنەوە ئــەنجامنادرێت، بـەڵکو پرۆسـەیەکی دیکـەش تێیدابەشـدارە، کـە یاسـای (قرتانـدن)ی کەرەستەکانە. ئەم کەرەستەیە لە سەر ئاستی سیمانتیکی بوونی خۆی هەیە، بەڵام لـە ئاسـتی روکەشـی رسـتەدا دەقرتێنرێـت. هـەروەها رسـتەی زمـانی کـوردی بەتایبـەتی (رستەی ئاوێتە) زۆربـەی یاسـاکانی قرتانـدنی بـە سـەردا جێبەجێـدەکرێت. زۆرێـك لـە کەرەستەکانیش، کـە لـە ئاسـتی سـیمانتیکدا بوونیـان هەیـە لای ئـاخێوەری کـورد لـە ئاستی دەربڕیندا بوونیان نامێنێت یان سەرپشکییانە دەقرتێنرێت.

لــە زمانەکەمانــدا هــەر پێــنج جۆرەکەشــی یاســای قرتانــدن بەدیــدەکرێت، کــە ئەمانەن:—

❖ **یاسای قرتاندنی بکەر** (Subject Deletion or Equi-NP-deletion):

بکەری رستە دەتوانرێت دەرنەبڕێت و بەرجەستە نەکرێت بە فۆنەتیکی پەیوەست بە مەرجی کۆنترۆڵکردنی لەلایـەن کـردارەوە[٧٣]. لـەم روانگەیـەوە و بـەو پێیـەی زمـانی

[72] پرۆسەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لەوەی، پێکهاتەیەك لەناو بەشی کـردارەوە(**IP**)ەوە دەگوێزرێتـەوە بۆ جێکەوتەی پێش (**com**) و پێوەی دەبەسترێتەوە. بڕوانە (**a,b** ١٩):

**(19) a. My teacher [ IP hasn't read this book.**
**b. [ CP [TOPIC This book] [IP my teacher hasn't read t ].**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**Huddleston(1976:229-230)**
**Chomsky(1993:94)**
**Radford(1998:172)**
**Haegeman&Gueron(1999:336-337)**
**Carnie (2002:337)**.

[73] **Seuren(2004:193)**

کوردی له زمانه بکەرخراوەکانە، ئەم کارەی زیاتر تێدا رودەدات و ئەو بکەرەش، کە دەرنابڕێت له شوێنی (pro)ێك دادەنرێت، وەك له نمونەی (٣٠) و (٣١) و (٣٢) و (٣٣) دا دەبینرێت:

(٣٠) تۆ ئەمشەو لەگەڵ نەسرین هەڵپەڕە.

(٣١) تۆ وەرە ئەوسا (pro) برۆ.

(٣٢) کوڕینە تا ئێرە نایەن. ← (pro) تا ئێرە نایەن.

(٣٣) شیرین مەڕۆ. ← (pro) مەڕۆ.

❖ **یاسای قرتاندن له رستەی لێکدراودا** Coordination&Conjunction[٧٤]:

ئەم یاسایە دەبێتە هۆی قرتاندنی فرێزی ناوی یان فرێزی کرداری، بەم شێوەیەی خوارەوە:–

**١– فرێزی ناوی**، وەك نمونەی (٣٤ ا و ب) و (٣٥ ا و ب):

(٣٤) ا. ئازاد حەزی له گۆشتە و ئازاد رقی له ماسییە. (DS)

ب. ئازاد حەزی له گۆشتە و (pro) رقی له ماسییە. (SS)

(٣٥) ا. من کورد پەرستم و من دوژمنی زۆردارم. (DS)

ب. من کورد پەرست و دوژمنی زۆردارم. (SS)

**٢– فرێزی کرداری**، وەك لەنمونەی (٣٦ ا) و (36ب) دا خراوەتەروو:

(٣٦) ا. ئازاد چو بۆ قوتابخانە و نەوزاد چو بۆ قوتابخانە. (DS).

ب. ئازاد و نەوزاد چون بۆ قوتابخانە. (SS).

له نمونەی ( ٣٦ ا ، ب) دا پاش جێبەجێکردنی یاسای قرتاندنی کردار هەردووو فرێزە ناوییەکە بەیەکەوە بەستراونەتەوە ، ئەمەش بەپێی تیوری (هەڵواسین)ی

[74] بەکر عومەر (١٩٩٢: ٤٦-٥٧) له نامەی ماستەرەکەیدا زۆر بە وردی و ئەزمونبەندانە له ژێر سەرناوی (بەستن و کەرەستە فڕێدان له کەڵەرستەدا) ئەم باسەی ر ونکردۆتەوە، بەڵام شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەی زیاتر پەیوەست کردوە بە قوتابخانەی (هالیدە)یەوە.

چۆمسکییه[٧٥]. هەربۆیە یاسای قرتاندن دەبێتە بەشێکی بەشدار و چالاکی چەشنی دووەمی یاساکانی گواستنەوە.

❖ **یاسای " شەق/ کەلێن"** Gapping[٧٦]:

بەم یاسایە کەرەستەیەك لە بەشی دووەمی رستەیەکی لێکدراودا ( کە زیاتر کردار دەگرێتەوە ) دەقرتێنرێت.وەك لەنمونەی (٣٧ ا و ب) و (٣٨ ا و ب) دا خراوەتەروو:

(٣٧) ا. ئازاد ویستی لە تۆیە و تۆش ویستت لە ئەو.

ب. ئازاد ویستی لە تۆیە و تۆش لە ئەو.

(٣٨) ا. نەسرین بۆ ئەو دەگریا و منیش دەگریام بۆ ئەو.

ب. نەسرین بۆ ئەو دەگریا و منیش بۆ ئەو.

❖ **یاسا ی قرتاندن لەرستەی بەراوردا** (Comparative deletion):

Bresanan(1973) دوو جۆری لەم یاسایە جیاکردۆتەوە یان بەراوردکردوە[٧٧] :

**١. یاسای قرتاندنی تەواو** (Comparative deletion):

ئەم جۆرە قرتاندنە بە یاسای (٣) و نمونەی (٣٩ او ب) و (٤٠ ا و ب) روندەکەینەوە:

یاسای (٣):

ئەو Y – چالاکی زیاترە لە X – چالاکی من. کاتێ ( Y > X )[٧٨]

نمونەی (٣٩) و (٤٠):

| | |
|---|---|
| (٣٩) ا. ئەو چالاکی زیاترە لە چالاکی من. | (DS) |
| ب. ئەو چالاکی زیاترە لە من. | (SS) |
| (٤٠) ا. ئەم ژورە روناکی زیاترە لە روناکی هۆڵەکە. | (DS) |
| ب. ئەم ژورە روناکی زیاترە لە هۆڵەکە. | (SS) |

---

[75] **Jacobsen (1986:246)** لەگەڵ محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٣٢٧)

[76] **Gapping** زاراوەیەکە لە ر ێزمانی بەرهەمیدا پێشنیازکراوە، کە ونبوونی یەکێك لە کردارە دوبارەکراوەکانی رستەیەکی لێکدراو دەبەخشێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Crystal(2003:196)**

[77] **Jacobsen (1986:257)**.

[78] هەمان سەرچاوە (١٩٨٦: ٢٥٨).

٢. **یاسای وەچە قرتاندن** (Sub deletion):

بۆ نمونەی ئەم جۆرەی قرتاندنە لە زمانی کوردیدا بڕوانە قرتاندنی (جێناوی ڕستەی سەرجێناوی) زمانی کوردی یاسای (هـ) لەم پارەدا.

❖ **یاسای قرتاندن لە ڕستەی سەرجێناویدا** Deletion in relativeclause:

یاسای قرتاندن لە ڕستەی سەرجێناویدا تەنها لە چەشنی (ڕستەی سەرجێناوی بەستراوە)دا دێت و لە چەشنی (ڕستەی سەرجێناوی نەبەستراوە)دا ڕونادات[٧٩].

لە بەرئەوەی ڕستەی سەرجێناوی زمانی کوردی لە چەشنی (بەستراوەیە)، بۆیە یاسای قرتاندنی بەسەردا دێت، کە ئەمانەن:

١. یاسای گێڕانەوە و کورتکردنەوەی ڕستەی سەرجێناوی:

لێرەدا ڕستەیەکی سەرجێناوی درێژ، کورت دەکرێتەوە، واتە ڕستەیەکی تەواو کورت دەکرێتەوە و دەکرێتە فرێز (پرۆسەی بە فرێزکردنی ڕستە)، وەك لە نمونەی (٤١ا) و (٤١ ب) و (٤٢ ا) و (٤٢ ب) دا ئەزمونبەندکراوە:

(٤١) ا. ئەو کوردانەی$_i$، کە pro$_i$ ژێردەستەن، pro$_i$ بۆ ئازادی دەجەنگن. (DS)

ب. کوردە ژێردەستەکان بۆ ئازادی دەجەنگن. (SS)[٨٠]

(٤٢) ا. ئەو پیاوەی$_i$، کە pro$_i$ ژنانیە، pro$_i$ نامەردە. (DS)

ب. پیاوی ژنانی نامەردە. (SS)

شیکردنەوەی نمونەکان دەریدەخات، کە هەردووو ڕستەی (ئەو کوردانەی، کە (pro) ژێردەستەن.) و (ئەو پیاوەی، کە (pro) ژنانییە.) کورتکراونەتەوە بۆ فرێزی (کوردە ژێر دەستەکان) و (پیاوی ژنانی). بەمەش ( پرۆسەی بە فرێزکردنی ڕستە) جێبەجێکراوە.

٢. یاسای قرتاندنی جێناوی ڕستەی سەرجێناوی:لەم یاسایەدا جێناوی ڕستە سەرجێناوییەکە، کە لەگەڵ ناوی ڕستە سەرجێناویەکەیە لادەبرێت، دەشێت ئەم قرتاندنە بە وەچەقرتاندن (Sub deletion) دابنێین، بڕوانە نمونەی (٤٣ ا) و

---

[79] (١٩٨٦: ٢٣٥) **Jacobsen**.

[80] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٣٢٩).

(٤٣ ب) و (٤٤ ا) و (٤٤ ب):

(٤٣) ا. ~~ئەو~~$_i$ پیاوانەی، کە pro$_i$ باوکسالارن، pro$_i$ زۆردارن. (DS)

ب. پیاوە باوکسالارەکان زۆردارن. (SS)

(٤٤) ا. ~~ئەو~~$_i$ دارانەی، کە pro$_i$ بێ بەرن، pro$_i$ زڕن. (DS)

ب. دارە بێ بەرەکان زڕن. (SS)

دیسانەوە ئەم قرتاندنە پەیوەستکراوە بە (پرۆسەی بە فریزکردنی رستە)ەوە، چونکە بە قرتاندنی جێناوی رستە سەرجێناوەکە هەر دوو رستەی (ئەو پیاوانەی، کە (pro) باوکسالارن) و (ئەو دارانەی، کە (pro) بێ بەرن) کراونەتە فریزی (پیاوە باوکسالارەکان) و (دارە بێ بەرەکان).

٣. یاسای قرتاندنی پارتیکڵی تەواوکەرانەی (کە) و مەرجی (ئەگەر) لە رستەی سەرجێناویدا: ئەو کەرەستانەی دەچنە ناو جێکەوتەی (comp)ەوە لە زمانی ئینگلیزیدا ناتوانرێن بقرتێنرێن، چونکە زانیاری و ناوەڕۆکێکی سیمانتیکیانەیان هەیە[٨١].

[81] لە رستەی سەرجێناوی زمانی ئینگلیزیدا، ئەو کەرەستانەی دەچنە ناو جێکەوتەی (**comp**)ەوە ناتوانرێن بقرتێنرێن، چونکە کەرەستەکە لە ناو جێکەوتەکەدا زانیاری و ناوەڕۆکی سیمانتیکی هەڵدەگرێت، ئەمەش کەرەستەکانە:

أ. فریزی پێشناوی، کاتێك پێشناوەکەی حەوکمکرا بێت و بە جێناوی رستەی سەرجێناوییەکە بەستراوەبێتەوە.

ب. فریزی سەرجێناوی وەك (**which car**).

پ. جێناوی سەرجێناوی سەربەخۆ، کە وەچە بەستێنەری (**antecedent**) نەبێت.

ت. جێناوی پرسیار.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Jacobsen (1986:235)**.

بەڵام لە زمانی کوردیدا، لەبەرئـەوەی جێکەوتـەی (comp) بـە هـەردوو پـارتیکڵی تەواوکەر و مەرجی (کە/ ئەگەر) پڕدەبێتەوە، کە هیچ ناوەڕۆکێکی سیمانتیکیان نییـە، بۆیە ئاساییە لە رستەدا سەرپـشکییانە بقرتێنـرێن یـان بنوسـرێن، چـونکە لـە هـەردوو بارەکەدا پرنسیپی یاسای قرتاندن لە ناو جێکەوتـەی (comp)دا پێـشێلناکات. وەك لـە نمونەی (٤٥) و (٤٦) و (٤٧) و (٤٨) دا ئەزمونبەندکراوە:

(٤٥) ئەو ژنەی، [ comp کـــــە ] pro دوێنێ بینیت، pro دایکمە.

(٤٦) ئەو کوڕەی، [ comp کـــــە ] pro کاسەلێسە، pro دوژمنە.

(٤٧) [ comp ئەگـــەر ] رازی ببیت، pro دەچم.

(٤٨) [ comp ئەگـــەر ] وریا نەبین، pro لە ناودەچین.

لەم بەشەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە زمانپژانی منداڵ بـە "سـەرتۆپ"ە. ئـەم پێزانینەش بنەمای داڕشتنی تیـوری "سـەرتۆپ– کۆمێنـت/تیـشکۆ/Focus"ە. خـودی تیۆرییەکـەش بنـەمای دروسـتەی رسـتەی باسمەنـدی زمـانی کوردییـە وەك بەرهـەمی یاسایەکی گواستنەوەی سەرپشکی "قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە".

# بەشی دووەم

# رستەی باسمەندی زمانی کوردی

# رستەی باسمەندی زمانی کوردی

## یەکەم: رستەی سەرتۆپی:

گریمانەی ئەم پارە ئەوەیە، کە بنەمای بەرهەمهێنانی رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا رستەی سەرتۆپییە؟

بۆ روونکردنەوەی کارەکە سەرەتا دروستەی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردی شیدەکەینەوە، بۆ لێکدانەوەی ئەم راستییە پێویستە سەرەتا شیکارێکی وردی ئەو کەرەستەیە بکەین، کە لە سەرەتای رستەدا دێت و بە بکەر ناسراوە تا بتوانین دروستەی بکەر بدۆزینەوە و بەراوردی بکەین لەگەڵ دروستەی سەرتۆپ و دروستەی هەردووکیان ئاشکرا بخەینە روو. لێرەشەوە ئاڵۆزییەکانی پێکهاتوی رستەی باسمەندمان بۆ رونببێتەوە.

دروستەی بکەر:

ئەو چەشنانەی بۆ دروستەی بکەر جیاکراونەتەوە لە رێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا لە سەر بنەمای سینتاکسی و سیمانتیکی دوو چەشنن:

١. بکەری رێزمانی، کرداری رستەکەیان هیچ جۆرە کردەیەکی تیادا نییە، بەڵکو هێندە هەیە رێکەوتنێکی رێزمانی لە نێوان بکەر و کردارەکەیدا هەیە، وەك لە نمونەی (١) و (٢) دا دیارە:

(١) من نامە دەنوسم.

(٢) ئێمە نامە دەنووسین.

واتە لێرەدا (قەڵەمەکە) لە راستیدا جێبەجێکەری کردەی کردارەکەیە نەك بکەرە رێزمانییەکە.

٢. بکەری لۆجیکی(سیمانتیکی)، کرداری رستەکەیان جۆرێك کردەی تێدایە، واتە ئەم چەشنە بکەرە دەرگای کردەی رستەکەیە. هەر ئەم بیرۆکەیە بووە بنەمای دانانی زاراوەیەکی تر بۆ ئەم چەشنە بکەرە، کە زاراوەی (actor) بوو، وەك لە (٣) و (٤) و (٥) دا خراوەتەروو:

(٣) ئازاد سێوەکەی خوارد.

(٤) ئارام بەپێ هات.

(٥) نەوزاد کوڕەکەی کوشت.

بەڵام لێرەدا راستەوخۆ بکەرەکە جێبەجێکەری کردەی کردارەکەیە.

پوختەی ئەم دوو چەشنەی بکەر ئاشکرا لە دروستەی بکەرنادیاردا دەردەکەوێت، کە لە یەك کاتدا بکەرێکی رێزمانی تێدایە و رێکەوتنی رێزمانی هەیە لەگەڵ کرداردا و بکەرێکی لۆجیکیشی تێدایە، کە جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەی لە ئەستۆ گرتوە[٨٢]، بڕوانە (٦) و (٧):

(٦) ئازاد بینرا لەلایەن نەوزادەوە.

بکەری رێزمانی — بکەری لۆجیکی

(٧) پێشمەرگەکە شەهید کرا بەدەستی دوژمن.

بکەری رێزمانی — بکەری لۆجیکی

زمانەوانان دەربارەی ئەو کەرەستانەی لە سەرەتای رستەدا دێن بیرۆکەی تەواو جیاواز لە دوو چەشنەکەی بکەر دەهێننە ئاراوە، کە چەمکی (مەبەست) لەخۆدەگرێت و زاراوەیەکی وەك(بکەری سایکۆلۆجی) دەکەنە سەرناوی و یەکانگیری دەکەن لەگەڵ زاراوەی (سەرتۆپ) دا، وەك لە نمونەی (٨ا و ٨ب) دا ئەزمونبەندکراوە:

(٨) ا. نەسرین ناتوانێت لە بیرکاری بگات. (DS)

ب. بیرکاری، نەسرین ناتوانێ t لێیــبگات. (SS)

$i \quad i \quad i$

بە وردبوونەوە لە (٨ ا) دەردەکەوێت، کە (نەسرین) هەم بکەری رێزمانییە و هەم بکەری لۆجیکیشە، چونکە هەم لە رووی رێزمانییەوە رێکەوتوە لەگەڵ کرداری رستەکە و هەم لە رووی واتاشەوە جێبەجێکەری کردەی کردارەکەیە. بەڵام لە (٨ب) دا پێکهاتەی (بیرکاری) کە لە سەرەتای رستەکەدا هاتووە بکەرێکی سایکۆلۆجییە، واتە سەرتۆپە، چونکە ئەو کۆپەیوەندییەی لە نێوان (بکەری لۆجیکی) و (actor)دا هەیە،

---

[82] بۆ چەند و چونەکانی دروستەی بکەر و شارەزابون لێیان، بڕوانە:

ا. **Huddleston (1976:26-27)**.

ب. ئەحمەد حەسەن (١٩٩٠: ٤٣-٤٤).

هەمان کۆپەیوەندیش لە نێوان (بکەری سایکۆلۆجی) و (سەرتۆپ)دا هەیە. هەرلەم ڕوانگەیەوە چەمکی سەرتۆپ دەبێتە سەرناوێك بۆ ئەم چەشنە کەرەستانەی لە سەرەتای ڕستەدا دێن و چیتر زاراوەی بکەر ناگرنە خۆیان، چونکە لە دروستەی ئەم ڕستانەدا زیاتر مەبەست بیرۆکەی ڕستەکەیە نەك ئەو کەرەستەیە کە لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەوێت یان کردەی کردارەکەی جێبەجێکردوە. واتە بە ڕێزمانیکردنی سەرتۆپ لە بکەردا ئەوە نابەخشێت زمان دروستەی سەرتۆپی لەدەستدابێت، چونکە کاتێك ڕستەیەکی بە سەرتۆپ دەستپێکراو دەردەبڕێت، پێناسەیەکی پەیوەستدار دەکرێت دەربارەی ئەوەی دەتەوێت لەو ڕستەیەدا بڵێیت چی؟ بەمەش سەرنجی گوێگر بۆ بیری ڕستەکە رادەکێشرێت، ئەگەر پرۆسەکەش سەرکەوتو بوو، ئەوا بەرانبەر ڕازیدەکرێت بە بیرۆکەکە و ڕستەکانیش کە هەڵگری بیرەکانن بە هەوادا ناڕۆن، واتە ڕستەی سەرتۆپدار خاوەن بیرۆکەی مەبەستدارە، وەك لە (٩) دا دەردەکەوێت:

(٩) نەوزاد بەرەو خوارووی ئاوایی ڕاونرا.

بکەری سایکۆلۆجی = سەرتۆپ.

لە (٩) دا >نەوزاد< بکەرێکی سایکۆلۆجییە(وەك سەرتۆپە)، ڕستەکە بێگومان دەربارەی >نەوزاد<ە نەك کردەیەکی دیاریکراو، کە پێویستە جێبەجێبکرێت، واتە ئەوەی دەربڕاوە بریتییە لەوەی (نەوزاد چی بەسەر هاتووە؟) نەك دەربارەی ئەوەی (کردەی جێبەجێکراو چی بووە؟). ئەم بیرۆکەیەش هاوتا دەبێت لەگەڵ مەبەستی نمونەی (١٨ و ٨ب) دا، واتە هەردوو ڕستەکە سەرتۆپدارن.

ئێستا لەم شیکردنەوەیەی بۆ دروستەی بکەر کرا و لەو ئەنجامەی لە بەراوردکردنی نمونەی (٨) و (٩)ەوە چنگکەوت، دەتوانرێت پێشنیازی چەشنە داڕشتنێکی نوێ بۆ پێکهاتەکانی ڕستەی زمانی کوردی بکرێت و ناوی بنرێت ( ڕستەی سەرتۆپی ). بنەمای ئەم جیاکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیورییەی دەڵێت: ((سەرەتای ڕستە (جێکەوتەی یەکەم) ئەو شوێنەیە کە لێوەی گەشتی ئاوەز بەرەو نادیار دەست پێدەکات))[83].

---

[83] Leech and Svartvik (1994:199)

رستەی سەرتۆپی زیاتر ئەو رستانە دەگرێتەوە، کە ئایا ئەو رستەیە دەربارەی چییە؟ واتە بیرۆکەی زاڵ لەو رستە دەربڕاوەدا چییە؟ پاشان چۆن ئەم بیرۆکە زاڵە بە درێژایی رستەکە فراوانکراوە و جیاکراوەتەوە و بیرۆکە و زانیاری هەریەکە لە پێکهاتەکانی تری دروستەی رستەکە خراوەتە خزمەت یەکلاکردنەوەی[٨٤].

وەك لە لێکۆڵینەوەکاندا بەرچاودەکەوێت رستەی سەرتۆپ خاوەن دروستەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی تایبەت بە خۆیەتی و دروستەسینتاکسیەکەشی چەند پەیوەندییەکی ناوەکی لەخۆ دەگرێت، لێرەوە و لە سەر بنەمای ئەو کاتەگۆرییانەی زمانەوان (Jacob's(2001 [٨٥] بۆ ئەم چەشنەی رستەی پێشنیازیکردوە، خودی پێشنیازەکەشی لە بنەڕەتدا بنەماکەی لەو بیرۆکە دروستەییەی چۆمسکییەوە وەرگیراوە و گەشەی پێدراوە، کە دەڵێت: ( بکەر لە رستەدا وابەستەی بەشی کردارە، واتە بەشی کردار و نیشانە واتاییەکانی وا دەکەن بکەر بێتە رستەوە و ببێتە ئەندامێکی کارای رستەکە)، وەك لە نمونەی (١٠ا و ١٠ب و ١٠پ) دا خراوەتەروو:

(١٠) ا. [ بکەر ] [ vp [ بەرکاری راستەوخۆ [ بەرکاری ناراستەوخۆ [ v **دەخوات**]]]] .

ب. [ **بکەر** ] [ vp [ بەرکاری راستەوخۆ **نان** [ بەرکاری ناراستەوخۆ **بەدەست** [ v **دەخوات**]]]] .

پێدانی دۆخی داتیڤی

پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤی

پ. [ بکەر **نەشمیل** ] [ vp [ بەرکاری راستەوخۆ **نان** [ بەرکاری ناراستەوخۆ **بەدەست**[ v **دەخوات**]]]] .

داواکردنی بکەر لە لایەن بەشی کردارەوە

واتە سەرەتا کردار و نیشانە واتاییەکانی دێنە ناو رستەوە و پاشان ئەم نیشانانە داوای بەرکاری راستەوخۆ دەکەن و رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانی ئەکوزەتیڤی (خستنەسەری) پێدەبەخشن. دواتر بەرکاری ناراستەوخۆ دێتە ناو بەشی کردارەکەوە و لە لایەن پێشناوەکەیەوە(کە سەری رێزمانییە) دۆخی رێزمانی داتیڤی پێدەبەخشرێت

---

[84] لێرەدا گەڕانەوە بۆ پێناسەکانی (سەرتۆپ و کۆمێنت) سودمەند دەبێت بۆ تێگەیشتن لەم چەشنەی رستە. بڕوانە پاری یەکەمی ( بەشی یەکەم )ی ئەم کتێبە.

[85] **Floor(2004:78ff)**

**و بەهۆی پرنسیپی کرداربەندییەوە[٨٦] ڕێی پێدەدەرێت لە ڕستەکەدا، پاشان لە کۆتـایی پرۆسەکەدا هەموو بەشی کردار داوای بکـەرێکی گونجـاو بـۆ ڕسـتەکە دەکـات[٨٧]. بـەڵام** Jacob's **ئەم لێکدانەوەیە پێچەوانە دەکاتەوە، سەرەتا ڕستەکە دابەشـدەکات بـە سـەر (سـەرتۆپ و کۆمێنـت) دا و زۆربـەی خاسـیەتەکانی (بکـەر و بەشـی کـردار)یـان پێدەبەخـشێتەوە و دواتـریش چـەند خاسـیەتێکی تـر دەبەخـشێتە (سـەرتۆپ و کۆمێنت)ەکە تا جیابکرێتەوە لە بکەر و بەشی کردار ( دواتر لە چەشنەکانی سـەرتۆپدا دەخرێنەروو) و هەروەها کـرداری بەشـی کۆمێنتەکـەش وەك پرۆسـەیەك سـەیردەکات، بڕوانە (١١):**

**(١١) دارِشتەی بنەڕەتی دروستەی ڕستەی سەرتۆپی:**

[ سەرتۆپ **سەرتۆپی سەرەکی** ] [ کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی یەك [ سەرتۆپی لاوەکی دوو [**پرۆسە**]]]] .

**لێـرەدا زمانـەوان** Jacob's **سـەرەتا سـەرتۆپی سـەرەکی دێنێـت و ئەوسـا بەشـی کۆمێنت دێت تا ببێتـە سەرچـاوەی ڕوونکردنـەوەی سـەرتۆپە سـەرەکیەکە، واتـە لـەم گریمانەیەدا سەرتۆپی سەرەکی(بکەری ڕێزمانی) گرنگترە و سـەرەتایە وەك لـە بەشـی کۆمێنت(بەشی کردار).**

**ئێـستا دەتوانرێـت لەسـەر بنـەمای ئـەم گریمانەیـە  سـێ چەشـنی دیـاریکراوی سەرتۆپ لە دروستەی ڕستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا بەدەستبخرێت[٨٨]، کە ئەمانەن:**

**١. سەرتۆپی سەرەکی (س.س)** (Primary Topic):

**سـەرتۆپی سـەرەکی لـە دروسـتەی ڕسـتەی سـەرتۆپیدا خـاوەنی دروسـتەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکییە، ڕستە دەربارەی سەرتۆپی سەرەکییە، سەرتۆپی سەرەکی**

---

[86] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٢٧-٢٩).

[87] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنی تیورییەکەی (چۆمسکی)، بڕوانە: یوئیل یوسف ( ١٩٨٧).

[88] ئەگەرچـی **Jacob's** چەشـنی چـوارەمی سەرتۆپیـشی جیاکردۆتـەوە و ناوینـاوە (**Tail Topic**) و بـەم شێوەیەش پێناسەی کردوە: ( بەهۆی سەرتۆپی **X** ەوە مەبەستم سەرتۆپی **Y**یـە/ **Y** مەبەسـتی منـە)، هـەر ئـەم چەشـنەی سـەرتۆپ (**Lambrecht**) ناوینـاوە (**anti topic**). بـەڵام ئـەم چەشـنە سـەرتۆپە و شیکردنەوەکانی لە دروستەی ڕستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا بەدیناکرێت.

بۆ زیاتر شارەزابون دەربارەی ئەم چەشەنەی سەرتۆپ بڕوانە:
**.Floor(2004:93-95)**

بەشی کرداری ڕێزمـانی هەیـە هـەروەك بکـەری ڕێزمـانی و ئـەم بەشـی کـردارەش، کـە جەختی دەخرێتە سەر بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی (گەشتی بـەرەو نادیـاری ئـاوەزە). کاتێك دەوترێت سـەرتۆپی سـەرەکی خـاوەنی دروسـتەی سینتاکسی و سـیمانتیکییە، مەبەست لەوەیە ئەو وشـەیەی یـان فرێـزەی دەبێتـە سـەرتۆپی سـەرەکی دەبێـت دوو خاسیەتی هەبێت:

ا. لـە ڕووی ڕێزمانییـەوە: سـەرتۆپی سـەرەکی دەبێـت ببەسـترێتەوە بـە بەشـی کردارەکەیەوە(کۆمێنت)، ئەمـەش زیـاتر بـەهۆی نیـشانە ڕێزمانییەکانـەوە دەبێـت بـە تایبـەتی نیـشانەی (دۆخـی ڕێزمـانی)، کـە لەلایـەن کـرداری کـات وکەسـداری زمـانی کوردییەوە پێیدەبەخشرێت.

ب. لـــە ڕوانگـــەی ســـیمانتیکییەوە: دەبێـــت ســـەرتۆپی ســـەرەکی خـــاوەنی بیرۆکەیـەکی نادیـار بێـت، ئـەم بیرۆکـە نادیـارە بـە هـۆی واتـای کۆمێنتەکەیـەوە ڕوندەبێتـەوە. لێـرەدا دەبێـت سـەرتۆپی سـەرەکی خـاوەنی نیـشانەیەکی واتـایی وەهابێت، کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ واتای کۆمێنتەکەیدا و پێکەوە واتایـەکی ڕون بـدەن بەدەستەوە، واتە سەرتۆپی سەرەکی وەك لکێنەری واتـایی ڕۆڵـدەبینێت و دوو بەشـە سەرەکییەکەی ڕستەی سەرتۆپ (سەرتۆپ و کۆمێنت) لە ڕووی واتاوە گرێدەدات.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو تایبەتێتیە با لە نمونەکانی (١٢) و (١٣) بڕوانین:

(١٢) [ س.س دزەکان] [ ك[ پ. گیران]].

(١٣) [ س.س زێڕابەکە] [ك[ پ. گیراوە]].

بە وردبوونەوە لە هەردووو نمونەکە، دەردەکەوێت هەردووو سـەرتۆپی سـەرەکی (دزەکـــان) و (زێڕابەکـــە) لـــە ڕووی ڕێزمانییـــەوە بەســـتراونەتەوە بـــە بەشـــی کۆمێنتەکەیانەوە، چونکە لە لایەن کردار(پڕۆسـە)ی کـات و کەسـدارەکەیانەوە دۆخـی ڕێزمـانی بکـەرییان پێبەخـشراوە، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە ڕووی (کـەس و ژمـارە)وە ڕێککەوتون. هەروەها هـەردوو سـەرتۆپە سـەرەکییەکە لـە ڕوانگـەی سیمانتیکیـشەوە خاوەنی نیشانەیەکی واتـایی وەهـان، کـە یـەکانگیر بێـت لەگـەڵ نیـشانە واتاییـەکانی پڕۆسەی کۆمێنتەکەیان، بەوەی سەرتۆپی سـەرەکی (دزەکـان) لـە (١٢) دا نیـشانەی واتاییەکـەی یەکدەگرێتـەوە لەگـەڵ نیـشانەی واتـایی پڕۆسـەی (گـیران) دا، کـە [ + بەندکردنــە]، هــەروەها ســـەرتۆپی ســـەرەکی (زێڕابەکــە)ش دیــسانەوە نیــشانەی

واتاییەکەی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ نیشانەی واتایی پرۆسەی (گیراوە) دا، کە [ + پڕکردنەوە]یە.

کەواتە لە شیکردنەوەی ئەم چەشنەی سەرتۆپەوە دەردەکەوێت هەر وشەیەك یان فرێزێك لە زمانی کوردیدا بچێتە جێکەوتەی (بکەری رێزمانییەوە) دەبێتە (سەرتۆپی سەرەکی). بەلاّم ئەم شیکردنەوەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەر کەرەستەیەك (بکەر) بوو ئیتر (سەرتۆپی سەرەکییە)، چونکە بکەر وا بەستەی بەشی کردارە و بەشێکە لە هەمو رستەکە[٨٩]، بەلاّم سەرتۆپی سەرەکی لە رستەی سەرتۆپیدا بنەمایە و بەشی کردارەکەشی (کۆمینت)ەکەی بۆ روونکردنەوەی ئەمە[٩٠]، ئەمەش دوو رونکردنەوە و لێکدانەوەی تەواو پێچەوانەی یەکترین. دەبێت دروستەی بکەرنادیار ئاشکرا ئەم جیاوازییە رونبکاتەوە، لە بەرئەوەی سەرتۆپی سەرەکی لە دروستەی بکەرنادیاردا هەمیشە بکەری لۆجیکی نییە وەك بکەری رێزمانی لە دروستەی بکەرنادیاردا، وەك لەنمونەی (١٤) و (١٥) دا ئەزمونبەندکراوە:

(١٤) نانەکە خورا.
سەرتۆپی سەرەکی

(١٥) ئازاد کوژرا بە دەستی دوژمن.
بکەری رێزمانی — بکەری لۆجیکی

لە (١٤) دا پرسیار دەربارەی مان ونەمانی (نانەکە)یە و بکەری لۆجیکی بۆ ئەم کردەیە هەمیشە پێویست نییە. بەلاّم لە (١٥) دا رەنگە زانینی (بکوژ) گرنگتر بێت بۆ گوێگر وەك لە (کوژراو)، بۆیە ئەگەر بکەرە لۆجیکیەکە دەریشنەبڕدرێت گوێگر زانیاری هەیە دەربارەی، بەمەش بکەرە لۆجیکیەکە بۆ بکەر رێزمانییەکە هەمیشە بوونی هەیە، هەر ئەمەشە وایکردوە دەرنەبڕینی پێکهاتەی (خورا)

لە (١٤) دا رستەیەکی نارێزمانی و بێ واتا دەربچێت وەك لە نمونەی (١٦) دا خراوەتەروو، بەلاّم بە دەربڕینی پێکهاتەی (خورا) تا رادەیەك واتا بۆ گوێگر ئاشکرا دەبێت و گەشتی ئاوەزی بەرەو نادیار یەکلادەکاتەوە.

---

[89] بۆ ر ونکردنەوەی ئەم وابەستەیەی بکەر، بڕوانە پرۆسەی وەرگرتنی (دۆخی ر ێزمانی بکەریی) لە زمانی کوردیدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٦٢).

[90] Floor(2004:79).

(١٦) * نانەکە......!

دەتوانرێت چەند نمونەیەکی سەرتۆپی سەرەکی لە (١٧) و (١٨) و (١٩) و (٢٠) دا بخرێتەروو:

(١٧)[ سەرتۆپ سەرەکی **نەسرین** ] [ **کۆمێنت** [سەرتۆپی لاوەکی یەك **گاوانی** [ پرۆسە **دەکات**]]] .

(١٨)[س.س ئـــەو کـــچەی]،[ك[ compكـــــە] [ ك١ (pro) تـــۆ دەتـــەوێت،[ك٢(pro)لـــە دایکنەبووە]]][91].

(١٩)[ سەرتۆپ سەرەکی **پیاوەکە** ] [ **کۆمێنت** [سەرتۆپی لاوەکی دوو **لە خۆڕا** [ پرۆسە **کوژرا**]]] [92]

(٢٠[ سەرتۆپ سەرەکی **هەڵۆ**] [کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی یەك **سبەینێ** [سەرتۆپی لاوەکی دوو **بۆ ئێرە**[ پرۆسە**دێت**]]]]

لەم رستانەدا هەریەکە لە (نەسرین، ئەو کچەی، پیاوەکە، هەڵۆ) سەرتۆپی سەرەکی رستەکانن و بەشی کردارەکەشیان (کۆمێنتەکەیان) بۆ رونکردنەوە و دەرخستنی زیاتری سەرتۆپی سەرەکییە.

هەر لەم چەشنەی سەرتۆپدا پێویستە ئاماژە بۆ جۆرێکی تری سەرتۆپی سەرەکی بکرێت بە پشتگوێخستنی تایبەتی دووەمی سەرتۆپی سەرەکی، کە (لکێنەری واتاییە)، واتە ئەگەر پەیوەندی واتایی نێوان سەرتۆپی سەرەکی و کۆمێنتەکەی پشتگوێ بخەین ئەوا دروستەی رستەکەی وەك نمونەی (٢١) و (٢٢) و (٢٣) لێدێت:

(٢١) [ سەرتۆپ **گوڵ**]،[S ریحانە جوانە].

(٢٢) [ سەرتۆپ **سێو**]،[S سێوی لاسورە خۆشە].

(٢٣) [ سەرتۆپ **گوێز**]،[S گوێزی هەورامان ناسکە].

لە نمونەی (٢١) و (٢٢) و (٢٣) دا ئەگەرچی هەریەکە لە (ریحانە و سێوی لاسورە و گوێزی هەورامان) سەر بە پۆلی (گول و سێو و گوێز)ن، بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندییەی لە نێوان جۆرەکانی چەشنێکدا هەیە پشتگوێ بخرێت، ئەوا دەکرێت

---

91 بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شیکردنەوەی رستەی سەرجێناوی بەپێی ئەم تیورییە، بڕوانە لاپەڕە ( ٩٦-٩٨ ) پاری دووەمی بەشی دوەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

92 بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شیکردنەوەی رستەی بکەرنادیار بەپێی ئەم تیورییە، بڕوانە لاپەڕە (٩٩-١٠٢) ی پاری دووەمی ( بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هەریەکە لە (گوڵ و سێو و گوێز) بە سەرتۆپی سەرەکی دابنرێت و هەریەکە لە (ڕیحانە) و (سێوی لاسورە) و (گوێزی هەورامان) بە سەرتۆپی لاوەکی دابنرێت.

٢. سەرتۆپی لاوەکی(س.ل) ( Secondary Topic ):

لە دروستەی ڕستەی سەرتۆپیدا، ئەم چەشنەی سەرتۆپ بە بەراوردکردنی بە سەرتۆپی سەرەکی دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە، چونکە لە دروستەکەدا پشت دەبەستێت بە بوونی سەرتۆپی سەرەکی. لە هەمانکاتدا سەرتۆپی لاوەکی جیادەبێتەوە لە سەرتۆپی سەرەکی بەوەی، کە سەرتۆپی لاوەکی بەشێکی تیشکۆ-Focusداری کۆمێنتە، بەڵام ناونیشانی سەرەکی بیرۆکەی ڕستەکە نییە بەڵکو سەرتۆپی سەرەکی ئەم ناونیشانەی هەڵگرتوە[٩٣].

پرسیاری گرنگ بۆ ئەم چەشنەی سەرتۆپ، ئەوەیە، ئایا بە سەرتۆپی ڕاستەقینەی تێبگەین یان نا؟

ئەگەر ئەو سێ مەرج و ڕێسایەی، کە زمانەوان Jacob's پێشنیازی کردوە بۆ پێوانەکردنی سەرتۆپ[٩٤] وەربگرین، ئەوا ئاشکرا دەتوانرێت ئەم چەشنەی سەرتۆپ بە سەرتۆپێکی ڕاستەقینە دابنرێت لە زمانی کوردیدا،چونکە هەرسێ ڕێساکەی ئاشکرا تیا دەردەکەوێت، کە ئەمانەن:-

**أ. چالاکی یاخود چالاککردن:** سەرتۆپی لاوەکی بەشدارێکی چالاکی دروستەکەیە یاخود دەتوانرێت چالاك بکرێت ئەگەر چالاکیش نەبێت، ئەم چالاککردنەش خۆی لە پرۆسەی (باسمەند) دا دەبینێتەوە[٩٥]. وەك لە (٢٤ا و ٢٤ب)دا خراوەتەروو:

(٢٤) ا.[ س.س من] [ك[ س.ل١ ئەم کتێبە[پ. دەکڕم]]]. (DS)

ب.[ س.ه ئەم کتێبە]i،[ س.ل من]i [ ك[ س.ل١ t ]i دەیکڕم]]]. (SS)

**ب. گرنگیی لە دروستەکەدا:** بەهۆی ڕێسای یەکەمەوە ئەم ڕێسایەش خۆی دەنوێنێت لەم چەشنەی سەرتۆپدا، واتە بەهۆی چالاکییەوە یان چالاککردنییەوە

---

[٩٣] Floor(2004:88)

[٩٤] هەمان سەرچاوە.

[٩٥] بڕوانە پاری دووەمی ( بەشی دووەم)ی ئەم کتێبە.

دەبێتە پێکهاتەیەکی گرنگ لە دروستەکەدا، بۆ نمونە رستەی (٢٥ب) هەڵەبوونی بە **هۆی لابردنی سەرتۆپی لاوەکییەوەیە لە رستەی (٢٥ ا) دا:**

(٢٥) ا. [ س.س **کورد**] [ك[ س.ل١ **دۆستی خۆی**[پ. **خۆشدەوێت**]]].

ب.*[ س.س **کورد**] [ك[ س.ل ١ O [پ.**خۆشدەوێت**]]].

**پ. دەوڵەمەندیی لە زانیاریدا،** هۆی گرنگی سەرتۆپی لاوەکی لە دروستەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی ئەم چەشنەی سەرتۆپ لە زانیاریدا، چونکە بێ ئەو زانیارییەی ئەم دەیبەخشێت لە سەر سەرتۆپی سەرەکی (گەشتی ئاوەز) هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، بڕوانە

(٢٦ا و ٢٦ب):

(٢٦) ا. [ س.س ئازاد] [ ك[ پ. دەڕوات]]

ب.[ س.س ئازاد] [ك[ س.ل به پێ بەیانی لەگەڵ قاچاخچیەکاندا [ پ. دەڕوات]]][٩٦].

دەبینین لە (٢٦ ا) دا، زانراو تیایدا تەنها رۆیشتنی (ئازاد)ە، کە مەبەست و سەرتۆپی سەرەکییە، بەڵام لە (٢٦ب) دا بەهۆی سەرتۆپە لاوەکییەکانەوە سەرتۆپی سەرەکی زیاتر رونکراوەتەوە.کەواتە شیکردنەوە و نمونەکانی ئەم چەشنەی سەرتۆپ دەریدەخەن، کە سەرتۆپی لاوەکی زیاتر ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە دەبنە (بەرکاری راستەوخۆ و چەشنەکانی فرێزی پێشناوی ( بەرکاری ناراستەوخۆ و ئاوەڵکرداری "کاتوشوێن و چەندێتی و چۆنیەتی" ) و پێشناوە فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەکان و پێکهاتەی نەکردن)ن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەم پێکهاتانە خاوەنی مەرجێکی تایبەتی بن تا ببنە سەرتۆپی لاوەکی ئەویش ئەوەیە، کە( دەبێت ئاشکرا بناسرێنەوە و پێشبینی بکرێن وەك بەشێکی کۆمێنتی دروستەکە، کە تیشکۆ–Focusی لەسەرە، ئەمەش بەهۆی ئەو نیشانە رێزمانیانەوە، کە دەچنە سەر هەر یەکێك لەم پێکهاتانە)[٩٧]. لێرەشەوە دەتوانرێت دوو جۆر سەرتۆپی لاوەکی لە

---

[96] هەریەکە لە سەرتۆپەکان (سەرەکی و لاوەکییەکان) (هێزی سەرتۆپی) تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام سەرتۆپی سەرەکی هێزی پلە یەك وەردەگرێت و هێزی پلە (٢ و ٣ و ٤...هتد) بۆ سەرتۆپە لاوەکییەکان دەمێنێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، پاری دووەمی (بەشی دووەم) ئەم کتێبە.

[97] Floor(2004:89)

یەکتری جیابکرێتەوە، جۆری یەکەمیان سـەرتۆپی لاوەکـی یـەك (س.ل١)ە، کـە زیـاتر (بـەرکاری راسـتەوخۆ) دەگرێتـەوە و خـودی نیـشانە واتاییـەکانی کـردار داوایکـردوە، جۆری دووەمیشیان سەرتۆپی لاوەکی دوو (س.ل٢)ە، کە پێکهاتەکانی تر دەگرێتەوە، کە لە سەرەوە ناوبران.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە سەرتۆپی لاوەکی یەك بە پێی رێساکانی Jacob's و لە رووی گرنگیـەوە، لـە دروسـتەکەیدا گـەلێك گـرنگترە وەك لـە سـەرتۆپی لاوەکی دوو، چونکە بە لابردنی لە دروستەکە رستەکە نارێزمـانی دەردەچێت وەك لـە نمونەی (٢٥ب) دا دەرکەوت، ئەمە جگە لەوەی کاتێك سەرتۆپی لاوەکی یەك دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەی باسمەنـدەوە و دەبێتـە (سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە) قـسەکەر ناتوانێت دەستبەرداری گرنگییەکەی ببێت، هەربۆیە جێگرەوەیەکی لە دروستەکەدا بـۆ دادەنێت، کە ئەویش کلیتیکێکە و لە ناو پرۆسەی کۆمێنتەکەیدا دەردەکـەوێت وەك لـە نمونـەی (٢٤ب) دا خرایـەروو. لـە کاتێکـدا سـەرتۆپی لاوەکـی دوو نـە بـەلابردنی لـە دروسـتەکە رسـتەکە نارێزمـانی دەردەچـێت و نـە لـە کـاتی کردنیـدا بـە سـەرتۆپی هێنراوەپێشەوە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە ناو پرۆسەی کۆمێنتەکەیدا دەردەکەوێت. وەك لە نمونەی

(٢٧ ا و ٢٧ب و ٢٧پ) دا ئەزمونبەند دەکرێت:

(٢٧) ا. [ س.س ئێمە] [ ك[ س.ل٢ بەیانی [ پ. دەڕۆین]]].

ب.[ س.س ئێمە] [ ك [ پ. دەڕۆین]].

پ. [ س.هـ بەیانی ]$_i$،[ س.ل ئێمە] [ ك[ س.ل٢ $t_i$ [ پ. دەڕۆین]]].

دەبینین لە (٢٧ب) دا، سەرتۆپی لاوەکی دوو لابراوە و رستەکەش هەر رێزمانییە، هەروەها لە(٢٧پ)شدا سەرتۆپی لاوەکـی دوو بـە کاریگـەری پرۆسـەی باسمەنـد بۆتـە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە.

٣. سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە(س.هـ) ( Topic Frames)[٩٨]:

ئەم چەشنەی سەرتۆپ بێ هاتنی سەرتۆپی سەرەکی نایەتەکایەوە.

---

[98] ئەم چەشنەی سەرتۆپ لە قوتابخانەی (هالیدەی) دا زاراوەی (باس"Theme") ی بۆ دانراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٣٢-٤٥).

ب.ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠٠٣: ٦٣-٨٢).

به شێوەیەکی گشتی کاتێك سەرتۆپی لاوەکی دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەی باسمەندەوە و دەهێنرێتە پێشەوەی رستەکە، ئەوا سەرتۆپە لاوەکییەکە دەبێتە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، کە مەبەست لە هێنانەپێشەوە ئەوەیە دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەو بیرۆکەیەی رستە، کە دەربارەی چ شتێکە؟

پاش رودانی ئەم پرۆسەیە سەرتۆپی سەرەکی جێکەوتەی سەرەتا لەدەستدەدات و سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە دەبێتە خاوەنی ئەم جێکەوتەیە، بەمەش سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە دەبێتە سەرتۆپی سەرەکی رستەکە و سەرتۆپی سەرەکیش دەبێتە سەرتۆپی لاوەکی رستەکە، وەك

(٢٨ا و ٢٨ب):

(٢٨) ا. [ سەرتۆپی سەرەکی **شــوان** [ کۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەکی **شــوانی** ] **دەکات** ]].

ب. [ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە **شــوانی** ]i، [سەررتۆپی سەرەکی **شوان**] [کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی t ]i **دەیـکات**]]i.

دەبێت بە ↓ **سەرتۆپی سەرەکی**　　دەبێت بە ↓ **سەرتۆپی لاوەکی**

### ☒ چۆنیەتی بەستنەوە لە رستەی سەرتۆپیدا:

لە سەرەتای ئەم پارەدا ئاماژە درا بەوەی، کە دروستەی رستەی زمانی کوردی خاوەنی دروستەیەکی سینتاکسی تایبەت بە خۆیەتی و ئەم دروستە سینتاکسیەش چەند پەیوەندییەکی ناوەکیی سینتاکسی لەخۆ دەگرێت، کە دەتوانرێت بەم شێوەیەی خوارەوە رونبکرێتەوە:-

١. سەرەتا قسەکەر سەرتۆپی سەرەکی دێنێت بۆ دەستکردن بە گەشتی ئاوەز بەرەو نادیاری.

٢. پاشان قسەکەر بەشی کۆمێنێت دێنێت بۆ روونکردنەوەی واتای نادیاری سەرتۆپە سەرەکییەکە و بەم شێوەیەی خوارەوە بە سەرتۆپی سەرەکی دەبەسترێتەوە:-

أ. قسەکەر سەرەتا بەشی کۆمێنێت بە هێنانی سەرتۆپی لاوەکی یە ك دادەمەزرێنێت.

ب. ئینجا قسەکەر پرۆسە(کردار)ێکی گونجاو دێنێت، کە بگونجێت لەگەڵ نیشانەی واتایی سەرتۆپی لاوەکی یەکدا و بەمەش پرۆسەکە دەبەسترێتەوە بە سەرتۆپی لاوەکی یەکەوە، چونکە پرۆسەکە بۆ روونکردنەوەی سەرتۆپی لاوەکی یەکە.

پ. دواتر قسەکەر سەرتۆپی لاوەکی دوو دێنێت و دەیبەستێتەوە بە سەرتۆپی لاوەکی یەکەوە بۆ زیاتر روونکردنەوەی سەرتۆپی لاوەکی یەك.

شیکردنەوەکە لە نمونەی (٢٩) دا ئەزمونبەند دەکرێت:

(٢٩) [ س.س دارا] [ك[ س.ل١ نان[ س.ل٢ بە دەست[پ.دەخوات]]]].

دەبینین هەموو بەشی کۆمێنت بۆ روونکردنەوەی سەرتۆپی سەرەکییە، بۆیە بە سەرتۆپە سەرەکییەکەوە بەستراوەتەوە. لە ناو کۆمێنتەکەشدا سەرەتا (نان) هاتووە و پاشان پرۆسەی (خواردن) بۆ روونکردنەوەی ئەو کردەیەی بە سەر (نان)دا هاتووە دێت، بەمەش پرۆسەکە بەستراوەتەوە بە سەرتۆپی لاوەکی یەکەوە، دواتر سەرتۆپی لاوەکی دوو هاتووە بۆ روونکردنەوەی ئامرازی خواردنەکە، بەمەش سەرتۆپی لاوەکی دوو بە سەرتۆپی لاوەکی یەکەوە دەبەسترێتەوە و دروستەیەکی لێکنەپچراو دێتە بەرهەم.

### ☒ جیاوازی دروستەی بکەر و سەرتۆپ:

لەگەڵ ئەو لێکچونانەی لە نێوان هەردوو دروستەکەدا بەدیدەکرێت، وەك لە چەشنەکانی سەرتۆپدا دەرکەوت، دروستەی سەرتۆپ پراوپڕ هەمان دروستەی بکەر نییە، لە بەرئەوەی دروستەی سەرتۆپ لە هەندێك لایەنەوە لە دروستەی بکەر جیادەبێتەوە:-

١- بەڵگەی ناوەکی:

أ- جیاوازییان لە رووی خێرایی کات و وتنەوە: بکەر خێراتر دەردەبڕێت لە سەرتۆپ، چونکە سەرتۆپ لە دەربڕینیندا ئاوازێکی تایبەتی لەسەرە و تەنانەت لە چەشنی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەدا و لە نووسیندا بە فاریزەیەك جیادەکرێتەوە، بۆ نمونە بڕوانە (٢١) و (٢٢) و (٢٣) و (٢٤ب)ی ئەم پارە. نیشانەکانی دۆخی رێزمانی، ئەگەرچی زمانی کوردی دۆخی رێزمانی زگماکی نییە و زیاتر دروستەییە و جێکەوتەی

چەسپاوی هەیە[99]. بۆیە ئەگەر بکەری ڕێزمانی هەمیشە جێکەوتەیەکی نۆمینەتیڤی هەبێت، ئەوا ئەمە بۆ سەرتۆپ هەمیشە مەرج نییە، وەك لە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەدا دەرکەوت، دەرهێنانەکەش زیاتر بە هۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە ڕێگەی پێدەدرێت.

ب- ساغکردنەوە و ناسینەوەی سەرتۆپ گەلێ گرانترە وەك لە بکەر، هەر ئەمەشە وایکردوە زمانەوانان بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی پەنا بەرنە بەر ڕێباز و قوتابخانەی زمانەوانی جیاواز[100].

٢- بەڵگەی دەرەکی:

لە هەردوو زمانی (یابانی و کۆریی) دا ئەو پێکهاتەیەی دەبێتە سەرتۆپ بۆرستەکە و لە سەرەتای دروستەکەدا دێت نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە و پێوەی دەلکێت، هەروەك چۆن هەریەکە لە پێکهاتەکانی (بکەر و بەرکار) نیشانەی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەسەریان دەردەکەوێت[101]. ئەم بەڵگەیەش ئاشکرا دەیسەلمێنێت، کە دروستەی سەرتۆپ هەمان دروستەی بکەر نییە. بەڵام لە زمانی کوردیدا لە بری ئەم پاشگرە پرۆسەی هاونیشانەکردن هەیە لە نێوان سەرتۆپ و جێکەوتەی بنەڕەتی یاخود کلیتیکی باسمەندیدا (یاخود لەگەڵ هەردووکیاندا). بۆ ئەزمونبەندکردنی ئەم

---

99 محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٦٢) و تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٢٤-٢٦).

100 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێباز و قوتابخانانە، بڕوانە:

ا. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢).

ب. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠٠٣).

پ. پاشان بەراوردیان بکە بە ڕێباز و قوتابخانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

101 لە زمانی یابانیدا، ئەو مۆرفیمەی دەلکێت بە سەرتۆپەوە، بریتییە لە /**wa**/ ، لە کاتێکدا مۆرفیمی (بکەری و بەرکاری) لەم زمانەدا، بریتییە لە / **ga**/ و / **o** /. بەڵام لە زمانی کۆریدا ئەو فرێزە ناوییەی دەبێتە سەرتۆپ نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتییە لە /**nun** / و لە سەر پێکهاتەکە دەردەکەوێت، بڕوانە (١ و ٢):

**(1) Kinoo WA jooko ga pinao o hiita.**
**(2) Wundongcang-eysei-nun [S aitul-i tinol-ko iss-ess-ta].**

بۆ زانیاری زیاتر لە شیکردنەوەکانی ئەم پرۆسەیە لەو دوو زمانەدا، بڕوانە:

ا. **Hudson (2000:68)**.

ب. **Sun-HeeLee (2003:73)**.

شیکردنەوەیە بڕوانە (٣٠) و (٣١) و پاشان بەراوردییان بکە بە نمونەی (١) و (٢)ی پەراوێزی لاپەڕە (٤٩)ی ئەم لێکۆڵینەوە:

(٣٠)[ سەرتۆپ **دوێنێ** ] [ بکەر **ئازاد** ] [ vp [ بەرکار **پیانۆی** ] [ ئاوەڵکرداری کات t ] [ v **لێدەدا**]]].

i ⟶ i

(٣١)[ سەرتۆپ **لە یاریگای منداڵاندا** ]، [ S **منداڵەکان** t **یاریدەکەن** ].

i پرۆسەی هاونیشانەکردن i

## دووەم: پرۆسەی باسمەند لە زمانی کوردیدا:

بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی تەواو و پراوپڕی پرۆسەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، دەبێت سەرەتا شیکارێکی وردی ئەو پرۆسانە بکرێن، کە هاوشێوەی پرۆسەی باسمەندن، ئەوانیش هەردوو پرۆسەی "جێگۆڕکێ" Dislocation و "سکرامبلینگ" Scrambling نن. لە راستیدا باسکردنی ئەم دوو پرۆسەیە زیاتر بۆ ئەزمونبەندکردنی شیکردنەوەکانە لە سەر پرۆسەی باسمەند، چونکە بە دابڕانی پرۆسەی باسمەند لەم دوو پرۆسە هاوشێوەیەی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ دەکێشرێت و ئەو چێوەیەش تایبەتمەند دەکرێت بە پرۆسەکە و ئەمەش خۆی بۆ خۆی هەنگاوێکە بۆ نزیکبوونەوە لە راستی و راستەقینە، کە بنەمای هەموو کارێکی زانستییە. بۆیە لێرەدا پەیوەست بەو تێکەڵکردنەی لە سەرچاوەکاندا بە دیدەکرێت لە نێوان هەرسێ پرۆسەکەدا، بە پێویست زانرا، کە هەر یەکە لەم دوو پرۆسەیە شیبکرێنەوە و هەڵبدرێت بۆ روونکردنەوەی ئەوەی، بۆچی رستەی باسمەندی زمانی کوردی بەم دوو پرۆسەیە ئەزمونبەندانە ناخرێنەروو و پێویستی بە پرۆسەی باسمەندە بۆ شیکردنەوە و خستنەرووی.

- **جێگۆڕکێ** ( Dislocation ):

بریتیە لە دانانی کەرەستەی رستەیەك لە دەرەوەی چوارچێوەی سینتاکسی رستەکە خۆی[102]. ئەم یاسایە لە دوو چەشنی سەرەکی پێکدێت، کە هەریەکەیان

**Payne (2004:273)** [102]

یاسایەکی زمانەوانی تایبەتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەوی تری جیادەکاتەوە و هەریەکە لەم دوو چەشنەش چەند جۆرێکی خۆی هەیە و ئەم جۆرانەش تایبەتێتی هاوبەشی و جیاوازی خۆیان هەیە.

### ١- **چەشنەکانی جێگۆڕکێ** (Type of Dislocation)[١٠٣]:

**أ/ جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ** ( Left Dislocation" L.D" ):

لەم چەشنەی جێگۆڕکێدا کەرەستەیەکی رستەکە دێتە پێشەوە و لە چێوەی سنوری رستەکەدا نامێنێت، بەڵام لە ئاستێکی باڵاتردا بە رستەکەوە دەبەسترێتەوە[١٠٤]. پێکهاتوی جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ سێ جۆری سەرەکی هەیە و هەریەکەیان تایبەتمەندی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکی هەتا فۆنۆلۆژیشیان هەیە، بەمەش جیادەبنەوە لە یەکتری لە شیکردنەوە و دیاریکردن و پێناسەکردنیاندا، بەڵام هەر سێ جۆرەکەش هاوبەشییەکی بنەڕەتیان هەیە، کە تیایدا بەشدارن و دەیانکاتە سێ جۆری چەشنێك، ئەویش بریتییە لەوەی، کە (( هەر سێ جۆرەکەی پێکهاتوی جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ هێنانەپێشەوەیان تێدا رودەدات و لە هەرسێکیشیاندا جێناوێك ( کلیتیکێك) لە یەکێك لە جێکەوتەکانی دروستەکەیدا دەمێنێتەوە یاخود دادەنرێت))[١٠٥].

**جۆرەکانی پێکهاتوی جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ بریتین لە:-**

- جێگۆڕکێی کلیتیکی بۆ لای چەپ **Clitic Left Dislocation (CLLD).**
- جێگۆڕکێی هەمبەری بۆ لای چەپ **Contrastive Left Dislocation (CLD).**
- سەرتۆپی جێگۆڕکێ پێکراوی ئاستی قوڵ **Hanging Topic Left Dislocation (HTLD).**

---

[103] لە هەندێك لە کارە زمانەوانییەکاندا لە بری زاراوەی (**Dislocation**) زاراوەیەکی تری بۆ بەکاردەهێنرێت ، کە زاراوەی ( هێنانەپێشەوە " **Xstraposition**")یە و هەروەك جێگۆڕکێ دوو چەشنی سەرەکیشی تیاجیاکراوەتەوە، کە بریتین لە:-

١. هێنانەپێشەوە (**Preposing**) = **Left Dislocation**

٢. بردنە دواوە (**Postposing**) = **Right Dislocation**

[104] **Payne (2004:273)** لەگەڵ ( **Grohman(2003:35ff**.

[105] **Grohman(2003:136)**.

پێکهاتوی هەر سێ جۆرەکەش لە نمونەکانی (a,b,c٣٢) دا خراوەتەڕو:

(32) a. [After ton andra], dhen ton kesero. (Greek CLLD)
b. [Diesen Mann], den kenne ich niht. (German CLD)
c. [This man], I don't know him. (English HTLD)

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم سێ جۆرەی جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ دەتوانین نمونەی (a,b,c32) لە نمونەی (33 ا و ب و پ) دا وەربگێڕین بۆ زمانی کوردی و بخرێنەروو:

(٣٣) ا. ئەم پیاوە، من نا [یــ]ناسم. لە زمانی گریکیدا (CCLD)
ب. ئەم پیاوە، من [ ئەو ] ناناسم. لە زمانی ئەڵمانیدا (CLD)
پ. [ ئەم پیاوە] ، من نایناسم. لە زمانی ئینگلیزیدا (HTLD)

دەربارەی ئەم سێ جۆرەی چەشنی یەکەم، هەردووو زمانەوان Ross(1967) و Emond(1976) تێبینی ئەوەیان کردوە، کە (( فرێزی جێگۆڕکێ پێکراو بۆ لای چەپ هەمیشە کارەکتەرێکی(کەرەستەیەکی) زیادکراوی هەیە))[١٠٦]. لە راستیدا ئەم کەرەستە زیادکراوە بریتییە لە کلیتیکێك، کە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بە زاراوەی (Resumptive Pronoun"RP")[١٠٧] ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم کەرەستەیەش بەڵگەیەکی بەهێزی دەرکەوتنی جیاوازییەکانی ئەم سێ جۆرەیە، چونکە لە جۆری یەکەم و دوەمدا ئەم کەرەستەیە لە ئاستی قوڵدا نییە و لە ئاستی روکەشدا و پاش جێگۆڕکێی پێکهاتەکە بۆ لای چەپ دادەنرێت. بەڵام لە جۆری سێیەمدا ئەم کەرەستەیە هەر لە ئاستی قوڵدا هەیە و دەشمێنێتەوە پاش جێگۆڕکێی پێکهاتەکە بۆ لای چەپ نەك دابنرێت دوای جێگۆڕکێی پێکهاتەکە، وەك لە هاوبەشیە بنەڕەتییەکەی ئەم سێ جۆرەدا دەرکەوت. خودی ئەم جیاوازییەش کراوەتە بنەما بۆ ئەو گریمانەیەی، کە ((جۆری سێیەم بێ هیچ یاسایەکی گواستنەوە دێتە بەرهەم، بەڵام جۆری یەکەم و دووەم بەهۆی یاسای گواستنەوە دێنە بەرهەم))[١٠٨]، هەر ئەم گریمانەیە بۆتە کرۆکی ئەوەی، کە جۆری سێیەم جیاواز بێت لە یاسای باسمەند. بەڵام جۆری یەکەم و دوەم هاوشێوەی پرۆسەی باسمەندن، چونکە لەم دوو جۆرەدا پێکهاتەیەك(XP) لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەیەکی ترو

106 .Grohman (2003:136)
107 ا. R.L.Trask (1993:240) ب. Crystal (2003:398).
108 .Grohman(2003:142-143)

له جێكەوتـە بنەڕەتیەكەشـیدا كەرەسـتەیەك (RP) دادەنرێت، ئـەم شـیكردنەوەیەش ئەگەر نەچێتە ناو كرۆكی یاسای باسمەندەوە خۆی لە سنورەكانی نزیك دەخاتەوە.

**ب/ جێگۆڕكـێ بـۆ لای راسـت** ("Right Dislocation"R.D)[١٠٩] : بریتییـە لـەو یاسـایەی كەرەسـتەیەك یـان پێكهاتەیـەك دەباتـە لای راسـتی ئـەوەی پێیـدەوترێت جێكەوتەی كۆتایی رستە و بـە شـێوەیەكی گشتیش كەرەسـتەكە پـێش رسـتەكە یـان رستیلەكە دەكەوێت.

ئـەم چەشـنەی جێگۆڕكـێ لـە لایـەن زمانـەوان Ross(1967)ەوە بەیاسـای (١) و نمونەی (a,b٣٤ ) رونكراوەتەوە:

یاسای (١):

NP

X – [ -Pro ] – Y ⟶ [ 1 [+pro ] =/= 3][110]

1 2 3 (2)

( 34) a. The oldman over there I have seen him before.
b. I have seen him before, the oldman over there.

هەم بەپێی یاساكە و هەم بە پێی نمونەكـەش، فرێـزی جێگۆڕكـێ پێكـراو بـۆ لای راستی رستەكە پێویستە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ [ +pro ] ێكدا، كە ئەمیش فرێزێكـی ناوییە لە رستەكەدا.ئێستا بە گەڕانەوە بۆ ئەو پەیوەندی و هاشێوەبوونەوەی لە نێـوان جـۆری یەكـەمی چەشـنی یەكـەمی جێكـۆڕكێی (CLLD) و باسمەنـدا هەیـە، ئەگـەر پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی سـەرتۆپی (هێنراوەپێـشەوە) لـە سـەرتۆپی لاوەكییـەوە لـە چوارچێوەی یاساكانی جێگۆڕكێدا شیبكرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت وەك گریمانەیەك ئەوە پێشنیاز بكرێت، كەوا جێگۆڕكێ لـە زمـانی كوردیـدا لـە چەشـنی ( جێگـۆڕكێی بـۆ لای چەپ "Left Dislocation")ە لە جۆری یەكەم ( كلیتیـك "CLLD")ە، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:–

١.ئاراستەی جێگۆڕكێی پێكهاتەكە لە زمانی كوردیدا بۆ لای چەپی رسـتەیە نـەك بە پێچەوانەوە.

---

[109] هەنـدێكجار لـە كـارە زمانەوانییەكانـدا لـە بـری ئـەم زاراوەیـە، زاراوەی ( **After thought** **topicalization** ) بەكاردێت، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: **Payne(2004:273)**

[110] **Yam Leung (1997:5-7)**.

٢. كەرەســتەی دانــراو وەك هــەردوو زمانــەوان (Roos(1967 و (Emond(1976 پێشنیازیان كردوە لە زمانی كوردیـشدا زیـاتر هـەر كلیتیكـە و دەچـێتە نـاو پێكهاتـەی كردارەوە و لە بری پێكهاتە جێگۆڕكێ پێكراوەكە دادەنرێت.

٣. وێـڕای ئـەم دوو بەڵگـە ناوەكییـە، لـە رووی تیوریيــەوە ( وەك بەڵگەیــەكی دەرەكـی ) و بـە پێـی یاسـای ( پەنجـە گـەورە "rule of thumb")، كـە دانـراوە بـۆ جیاكردنەوەی چەشنی یاساكان، دەكرێت پێشبینی ئەوە بكرێت، كە ئەم پرۆسـەیە لـە زمانی كوردیدا تـەواو و پراوپـڕ پـەیكاڵی یاسـای جێگۆڕكێیـە بـۆ لای چـەپ لـە جـۆری یەكەم. هۆكاری ئەمەش ئەوەیە، كە كرۆكی یاساكە و شیكردنەوەی نمونە كوردییـەكان یـەكانگیردەبن و یاسـاكەش دەڵێـت: (( ئەگـەر فرێـزە ناوییەكـەی سـەرەتا بـە بـاقی رستەكەوە بەسترابۆوە لە رێگای فۆڕمێكی سەربەخۆوە ( جا رێككەوتنی رێزمانی بێت، وەستان و قورسكردن بێت لە خوێندنەوەدا یان دانانی فاریزەیەك بێت لە نووسیندا یان هەرچ پارتیكڵێك بێت) و توانی بكەوێتە نێوان فرێزە ناوییەكە و باقی رسـتەكەوە، ئـەوا ئەگەری زۆری حاڵـەتی جێگۆڕكێیـە بـۆ لای چـەپ))[١١١]. وەك لـە نمونـەی (٣٥ ا و ب) و (٣٦ ا و ب) دا ئەزمونبەند دەكرێت:

(٣٥) ا.[ سەرتۆپی سەرەكی **ئاكۆ** ] [ كۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەكی **دوگۆڵی**[ پرۆسە **دەكات** ]]].

ب.[ **س.**هێنراوەپێشەوە **دوگۆڵی** ]، [ س.ل **ئاكۆ** [ كۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەكی t [ پرۆسە **دە**[ **ی**]**كات** ]]].

i ⟶ i

(٣٦)

ا.[ سەرتۆپی سەرەكی **نەسرین**] [ ك [سەرتۆپی لاوەكی یەك **چا** [سەرتۆپی لاوەكی دوو **بۆباوكی** [ پرۆسە **تێدەكات** ] ]].

ب.[س.هـ **چا**]،[ س.ل ١ **نەسرین**] [ **ك**[ س.ل t١ [ س.ل ٢ **بۆ باوكی** [ پ.[ **تیَ**] [**ی**] [ **دەكات**]]][112].

i ⟶ i ⟶ i

---

[111] Payne(2004:274)

[112] لێرەدا دەبێت ئاماژە بدرێت بەوەی، كە كرداری نمونەكانی (٣٥ ا و ب) و (٣٦ ا و ب) كرداری لێكدراوی ناو فەرهەنگن، واتە كرداری رستـەكان بـریتیین لـە (دوگـۆڵیكردن) و (چـاتێكردن). بـەڵام كاتێـك دێنـە نـاو سینتاكسەوە لە یەكتری جیادەبنـەوە و بەشـی یەكـەمی كردارەكـە دەچـێتە جێكەوتـەی بـەركارەوە و دەبێتـە بەركاری رستەكە.

بـەڵام نابێـت ئـەم شـیکردنەوەیەی پرۆسـەی جێگۆڕکـێ لـە زمـانی کوردیـدا وەك جێگرەوەیەك بۆ پرۆسـەی باسمەنـد لێکبدرێتـەوە، بـەڵکو دەبێـت رسـتەی باسمەنـدی زمانی کوردی هەر بە یاسای باسمەند شیبکرێتەوە و بخرێتەروو، ئەمەش بە هۆی:-

١. ناتوانرێـت یاسـای جێگۆڕکـێ بـۆ لای چـەپ لـە جـۆری یەکـەم وەربگیرێـت و سەرجەم رستە هاوشێوەکانی نمونەی (٣٥) و (٣٦)ی پێ شـیبکرێتەوە، چـونکە مـەرج نییـە هـەر پێکهاتەیـەك (XP) لـە جێکەوتـەی بنەڕەتییـەوە هێنرابێتـە دەرەوە بـۆ جێکەوتەی سەرەتای رستە (کلیتیکێك) لە جێکەوتەی بنەڕەتیدا دابنرێت و بخرێتە نـاو پێکهاتەی کردارەکەوە، لە بەر ئەوەی زۆر پێکهاتەمان هەیە لە زمانی کوردیدا نیشانەی واتایی بوون بە سـەرتۆپی (هێنراوەپێـشەوە) لـە سـەرتۆپی (لاوەکییـەوە)هەڵدەگرن و هیچ کەرەستەیەکیش (بـە تایبـەتی کلیتیـك) لـەبری و لـە نـاو پێکهاتـەی کردارەکەیـدا دانانرێت[113].

٢. ئەگەر زمانـەوان بـە یاسـای جێگـۆڕکێ بـۆ لای چـەپ بتوانێـت چـەند جـۆرێکی رستەی باسمەند شیبکاتەوە و بخاتە روو، ئەوا یاسای جێگۆڕکێ بۆ لای راست ( Right Dislocation) ناتوانێـت ئـەم چـەند جـۆرەی رسـتەی باسمەنـدیش رونبکاتـەوە و بخاتەروو، چونکە:-

**أ**/ هەروەك لە سەرناو و پێناسەی یاساکەدا دیـارە ئاراسـتەی پێکهاتـە جێگۆڕکـێ پێکراوەکە بۆ لای راستە، لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا بە پێچەوانەوەیە.

**ب**/ لەم یاسـایەدا کەرەسـتەی هاونیـشانە لەگـەڵ فرێـزی جێگۆڕکـێ پێکراوەکـەدا دەبێت (pro) یەك بێت، ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ رێگـەدان بـە هێنانـەدەرەوەی پێکهاتەکـە. بـەڵام لـە زمـانی کوردیـدا پێکهاتـە جێگۆڕکـێ پێکراوەکـە نـە هـیچ جـۆرە رێککەوتنێکی هەیە لەگەڵ هیچ جۆرە (pro)یەکدا و نە لە بنەڕەتیـشدا (pro)مـان هەیـە تا رێکبکـەوێت و هاونیـشانە بێـت لەگەڵیـدا، بـەڵکو هـەروەکو رونکرایـەوە کەرەسـتەی دانراو زیاتر (کلیتیکە) نەك (pro)، بڕوانە (٣٧ ا و ب):

---

[113] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاکاری ئەم جۆرە پێکهاتانـەی زمـانی کـوردی، بڕوانـە یاسـای باسمەنـدی فرێـزە پێشناوییەکان، لاپەڕە (٧٦-٩٦).

(٣٧) ا. [ س.س ڤانيا ] [ ك[ س.ل١ گوێز [ پ. دەشكێنێت]]].

ب. * [ س.س ڤانيا ] [ ك [ س.ل١ t [ پ. دەشكێنێت]]]،[ س.ھ گوێز]

i ← i

ئەگەر لە نمونەی (٣٧ب) وردببینەوە دەبینرێت رستەكە نارێزمانییە. بەڵام نابێت ئـەوە لـە یـاد بكرێـت، كـە رەنگـە قـسەكەر بتوانێـت ئـەمجۆرە رسـتانە دەربڕێـت (بـە شێوەیەكی نائاسایی)، لـە بـەر ئـەوەی دەبێـت قـسەكەر بـۆ دەربڕینیـان زۆر لـە خـۆی بكـات. دیـسانەوە دەتوانرێـت ئەمـە وەك بەڵگەیـەك وەربگیرێـت بـۆ راسـتنەبوونی شیكردنەوەی رستەی باسمەنـدی زمـانی كـوردی بـە پێـی پرۆسـەی جیگۆڕكـێ بـۆ لای راست.

## پرۆسەی سكرامبلینگ (Scrambling):

لە زانستی زماندا جگە لە یاسای "جێگۆڕكـێ"Dislocation، یاسـا و پرۆسـەیەكی تریش هەیە تـا رادەیـەك هاوشـێوەی یاسـای باسمەنـدە و لـە هەمانكاتیـشدا لـە چـەند لایەكەوە لێی جیاوازە. ئەم پرۆسەیە وەك یاسایەكی سەرپشكی پێشنیازكراوە، بەوەی هەندێك لە پێكهاتەكانی رستە لە ریزبوونیاندا ئازادانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێـت و شیاو بێت لە هەر جێكەوتەیەكی رستەكەدا بێت. كاركردنی یاساكەش لە یاسـای (٢) دا خراوەتەروو:

یاسای (٢):

ا+ب+پ+ت ← ا+پ+ب+ت[114]

RadFord پێیوایـە، كـە ((سـكرامبلینگ شـیكردنەوەیەكی چـاولێكەرییە و تیایـدا پێكهاتە گواستراوەكە لە دروسـتەی رسـتەكەدا بـە لای چـەپی گـەورەترین پرۆژەكـەوە هەڵدەواسـرێت))[١١٥]. بـۆ زیـاتر تێگەیـشتن لـەم پرۆسـەیە و هەوڵـدان بـۆ شـیكردنەوەی رسـتەی سـەرتۆپی لـە روانگـەی ئـەم یاسـایەوە، كـە تیایـدا سـەرتۆپی (لاوەكـی) هاتبێتەدەرەوە و بووبێتە سەرتۆپی (هێنراوەپێشەوە) ئەوا دەتوانرێت رسـتەكانی (٣٨

---

[114] ا. .R.L.Trask(1993:184)

ب. .Crystal(2003:407)

[115] RadFord(1998:227-228).

ا و ب) و (٣٩ ا و ب) و داری زمـانی (١) بکرێنــه نمونــه و تــا رادەیــەك هــەنگاوەکانی یاساکەی تێدا رونبکرێتەوە:ـ

(٣٨)

ا. [ س.س **بڕیار** ] [ك[ س.ل١ **شوتی**[ س.ل٢ **به چەتاڵ**[ پ. دەخوات]]]].

ا + ب + پ + ت

ب. [ س.س **بڕیار** ] [ك[ س.ل٢ **بەچەتاڵ**[ س.ل١ **شوتی**[ پ. دەخوات]]]].

ا + پ + ب + ت

(٣٩)


ا. [ س.س **هەوار** ] [ ك[ س.ل ئاوەڵکرداری **پار** [ پ. ڕۆیشت.]]]

ا + ب + پ

ب. [ س.هـ **پار** ] [ س.ل **هەوار** ] [ك[ س.ل ئاوەڵکرداری t [ پ. ڕۆیشت]]].

ب + ا + پ

**داری زمانی** (١):



ئەگەرچی لە نمونەی (٣٨) و (٣٩) دا تا رادەیەك یاساكەی تێدا جێبەجێكراوە بە هۆی ئەوەی پێكهاتەی (بە چەتاڵ) لە (٣٨ب) دا فرێـزی پێـشناوییە و راستەوخۆ لە لایەن پێـشناوەكەیەوە (كـە سـەری رێزمانییـە) دۆخـی رێزمـانی پێـدەدرێت، هـەروەها پێكهاتەی (پار) لە (٣٩ب) دا ئاوەڵكردارە و پەیوەنـدی بـە دۆخـی رێزمانییـەوە نییـە. بـەڵام ئـەم جێبەجێكردنـە لـە گـشت ئـەو پێكهاتانـەدا نابینرێتـەوە كـە لـە جێكەوتـەی بنـەڕەتی خۆیانـەوە بـێ هـیچ رێگرییـەك دێنـە دەرەوە، چـونكە بـە پێـی رێـساكانی "قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواسـتنەوە" هـەر گواسـتنەوەیەك یـان گۆڕانكارییـەك لـە پێكهاتـەكانی دروسـتەی رسـتەدا بكرێـت دەبێتـە هـۆی تێكـچون و تـەواو كارنـەكردنی رێساكانی ئەم قوتابخانەیە. لە بەرئـەوەش دروسـتەی رسـتەی زمـانی كـوردی بـە پێـی مەرج و رێساكانی قوتابخانـەی بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوە شـێدەكرێتەوە و دەخرێتـە روو[١١٦]، بۆیە ناكرێت و ناشێت ئـەم جـۆرە ریزبوونـە ئازادانـە بـۆ پێكهاتـەكانی رسـتەی زمـانی كـوردی هـەبێت. بـە پێـی ئـەم شـیكردنەوەیە پرۆسـەی سـكرامبلینگ ناتوانێـت هــەمان رۆڵوئــەركی پرۆســە و یاســای باسمەنــد ببینێــت لــە جیگــۆركێ پێكردنــی پێكهاتەكانی دروستەی رستەی زمانی كوردیدا، لەگەڵ ئەو مەرج و یاسا و قەیدانەشدا، كە یاساكە دەیهێنێتەكایەوە بۆ جێگۆڕكێ پێكردنی پێكهاتەكان. زمـانی كـوردی چـەند ستراتیژیەكی تایبەتی هەیە بۆ دەربازبوون لەم قەیدانە، كە ئەمـەش تـەواو پێـچەوانەی هەڵسوكەوتكردنی زمـانی كوردییـە لەگـەڵ پرۆسـەی سـكرامبلینگدا، بڕوانـە (٤٠ ا و ب) (٤١ ا و ب):

(٤٠)

ا. [ س.س ڕۆژگار ] [ك[ س.ل **هەواری** [ پ. **چۆڵكرد**]]]. (D.S)

ب. * [ س.هـ **هەواری** ]، [ س.ل ڕۆژگار] [ ك[ س.ل١ t [ پ. **چۆڵكرد**]]]. (S.S)

(٤١)

ا. [ س.س **ئاراس** ] [ك[ س.ل١ **منی** [ پ. **جێهێشت**]]].

ب. * [ س.هـ **منی** ]، [ س.ل **ئاراس**] [ ك[ س.ل١ t [ پ. **جێهێشت**]]].

[116] هەروەك لەم چەند كارەی ساڵانی ر ابردودا سەلمێنراوە:
محەمەد مەحوی(٢٠٠١) و دیار عەلی(٢٠٠٢) و عیرفان موستەفا (٢٠٠٢) و تارا موحسن(٢٠٠٤)
و محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر(٢٠٠٥) و عەبدولجەبار موستەفا(٢٠٠٥).

هەڵبوون و نارێزمانی هەردووو نمونەی (٤٠ب) و (٤١ب) دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:-

١. بوونی جێناوی لکاوی بەرکاری لە سەر سەرتۆپی (هێنراوەپێشەوە)، کە لە سەرتۆپی (لاوەکییەوە) وەرگیراوە و لە ئاستی قوڵدا ئەم جێناوە لکاوە رێککەوتنی سەرتۆپی سەرەکی و کرداری بەشی کۆمێنت دەرەخسێنێت[١١٧].

٢. هاونیشانە نەبوونی سەرتۆپی (هێنراوەپێشەوە) لەگەڵ جیکەوتەی بنەڕەتییدا بە هۆی نەبوونی کلیتیکێکەوە لە ناو پێکهاتەی کردارەکەیدا، کە دەبێتە هۆی ئەوەی رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانی کردارەکە خاڵی نەبێتەوە و لە هەمانکاتدا سەرتۆپی (هێنراوەپێشەوە)ەکەش نەبێتە خاوەنی رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانی و ئەمەش نارێزمانی هەردووو رستەی (٤٠ب) و (٤١ب) دەسەلمێنێت.

لە راستیدا ئەم جۆرە شیکردنەوەیە سەلمێنەری بوونی هاوبەشی و جیاوازییە لە نێوان هەردوو پرۆسەی "سکرامبلینگ" و "باسمەند" دا. بەڵام لایەنی جیاوازی زۆر زیاترە لە لایەنی هاوبەشی و ناوکۆیی، هەردوو پرۆسەکەش جیاوازانە لە یەك زماندا و زمانەکانی جیهانیشدا کاردەکەن[١١٨]. کەواتە رێساکە جیهانییە، بەڵام زمانی کوردی بە شێوەیەکی جیاواز (هەروەك شیکرایەوە) هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا دەکات.

## پرۆسەی باسمەندی زمانی کوردی:

لە "قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە" دا چەمکی "باسمەند" بە نیشانەیەکی سینتاکسی گواستنەوە دادەنرێت و زیاتر دروستەی پێشخستنی سینتاکسی دەگرێتەوە بە شێوەیەکی سەرپشکییانە، کە خۆی لە بەسەرتۆپکردنی (هێنانەپێشەوەی) کەرەستەیەك یان ئاماژەپێکراوێکدا دەبینێتەوە. لە راستیدا زاراوەی

[117] بۆ شارەزایی تەواو لەم پرۆسەی گواستنەوەیە، بڕوانە پاری دووەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە
[118] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوکۆیی و هاوبەشی هەردو پرۆسەکە، بڕوانە:
ا. Muller(1998:125-195).
ب. HeeLee(2004:77ff).

(Topicalization) لــە لایــەن چــەندین زمانەوانــەوە بــەکارهاتووە و هەریەکــەیان نــاو پێناسینی جیاوازییان پێبەخشیوە[١١٩].

ئـەم جـۆرە گواسـتنەوەیە جوڵەیـەکی سـەرەکی و دەربڕینـی روکەشـی گـۆکردنی ئاماژە و نیشانەکانی ریزبوونێکی تایبەتی وشـە و پێکهاتـەکانی رسـتەیە. سـەرەتاکانی شیکاری پرۆسەی باسمەند ساکار بوون و لوتکەی دۆزینەوەکانیان بـۆ پرۆسـەکە خـۆی لەوەدا بینیوەتەوە، کە: (( پرۆسەیەکە و پێویستی بـە گواسـتنەوەی پێکهاتەیەکـە بـۆ سەرەتای رستە))[١٢٠]. ئەم سەرەتایەش لـە لایـەن چۆمـسکییەوە وەرگـیراوە و گەشـەی پێدراوە و خراوەتـە چوارچێوەی یاسـایەکی سینتاکسی تایبەتـەوە[١٢١] و دواتـریش بـە یاسایەکی سینتاکسی تر ئەزمونبەندکراوە، کە لە یاسای (٣) دا خراوەتەروو:-

یاسای (٣):

a. $S^{=} \longrightarrow TOP\ S^{-}$

b. $S^{-} \longrightarrow COMP \begin{Bmatrix} S^{=} \\ S^{-} \end{Bmatrix}$ [122]

---

119 ئەم پرۆسەیە بۆ یەکەم جار لە لایەن زمانەوان **Ross(1967)**ەوە بە (گواستنەوەی- **Y "Y-Movement"**) ناوبراوە و پاشان لە لایەن زمانەوان **Postal**ەوە بە (**Y(iddish)-Movement**) ناوبراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(**Givon(1979:4**.


120 **Jacobsen(1986:230)**.

121 بڕوانە یاسای (١) لە پاری یەکەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

122 **Jacobsen(1998:230)**.

یاسای (٣) له داری زمانی (٢) دا خراوه‌ته‌روو:

**داری زمانی** (2):




له‌م داری زمانه‌دا گرێی (comp)ی زمانی کوردی به‌تاڵه، چونکه هه‌روه‌ك له به‌شی یه‌که‌مدا رونکرایـه‌وه ئـه‌م جێکه‌وته‌یـه شـوێنزای هـه‌ردوو پـارتیکڵی (کـه، ئه‌گـه‌ر)ه[١٢٣]. به‌لآم له به‌رئه‌وه‌ی ئه‌م دوو که‌ره‌سته‌یه که‌ره‌سته‌ی رسته‌ی ناساده‌ن، بۆیه له رسـته‌ی ســاده‌دا نییــه، بــه‌لآم وه‌ك جێکه‌وته‌یــه‌کی ئه‌بــستراکت لـــه داری زمـــانی (١) دا ســه‌یریده‌کرێت و داشــنراوه‌ته‌وه، هــه‌روه‌ك چــۆن لــه زمــانی ئینگلیزیـدا جێکه‌وتــه‌ی (comp) شوێنزای (Wh و That)ه و به یاسای قرتاندن له‌یاساکه‌دا لاده‌برێت[١٢٤]. به‌لآم بۆ ئاسانی لایه‌نی تیوری کاره‌که ده‌توانرێت یاسـای (٣) و داری (٢) لـه یاسـای (٤) و داری زمـانی (٣ ا و ب) دا زیـاتر شـیبکرێته‌وه و دروسـته‌ی رسـته‌ی باسمه‌نـدی زمـانی کوردی پێبخرێته‌روو:

یاسای (٤):

---


[123] بڕوانە پاری سێیەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[124] بۆ زانینی چۆنیەتی ئەم قرتاندنە، بڕوانە **(Jacobsen(1986:131**.

[ Y – ف.ن –X ] ⟵ ف.ن [ Y –t – X ].

١ ٢ ٣ ⟵ ٢ [ ١- t - ٣ ].

داری زمانی (٣ب):      : (ا ٣)




پوختــەی شــیکردنەوەی هــەم یاســای (٣) و (٤) هــەم داری زمــانی (٢) و (٣ ا وب)یش بریتییە لەوەی، کە پێکهاتەیەکمان هەیە و لە ئاستی قولّی رستەدا لە ناو بەشــی کرداردایــە(کۆمێنــت) و بــە هــۆی یاســای باسمەنــدەوە دەگوێزرێتــەوە بــۆ جێکەوتەیەکی تر لە ئاستی روکەشدا، بەمەش گرێیەکی (نۆدێکی) نویّ پێکدێت، کە گرێــی ( $S^{=}$).هەربۆیــە شــیکردنەوەیەکی وردی زانــستی بــۆ جێکەوتــەی بنــەڕەتی و جێکەوتەی گیرسانەوەی پێکهاتەی (سەرتۆپ) بە یاسای (باسمەند) بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پرۆسەکە گرنگییەکی تایبەتی دەبێت.

پێویستە سەرەتای شیکردنەوەکان سەبارەت بەم پرسیارە بێت: ئایا رستەی باسمەندی زمانی کوردی لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدێت؟ یاخود بە گواستنەوە و لە ئاستی روکەشدا بەرهەمدێت؟

ئەگەر رستەی باسمەند واشیبکرێتەوە، کە لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدێت، ئەوا دەبێت پێشنیازەکەی پاری یەکەمی ئەم بەشە (ل٤٥) هەڵە بێت. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە رستەی سەرتۆپی بناغەی رستەی باسمەند بێت. تەنانەت ئەگەر پێشنیازەکەی (د. محەمەد مەحویی)[125] یش پەسەند بکرێت بەوەی، ئەگەر کلیتیکی دانراو لە پێکهاتەی کرداردا لەبری سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی رستەی باسمەند بەڵگە بێت بۆ ئەوەی، کە رستەی باسمەند بێ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە رستەیەکی تەواوە. واتە کردارەکە رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانی خۆی لە کلیتیکەکەدا خاڵیکردۆتەوە. پاشان پێکهاتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەکە جێکەوتەکەی پڕدەکاتەوە و بە هۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە ئەم رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانییەی بۆ دەگوێزرێتەوە. ئەوا لە راستیدا خودی پێشنیازەکەی مامۆستا دوو قۆناغ دیاریدەکات بۆ هاتنەکایەی رستەی باسمەندی زمانی کوردی، کە ئەمانەن:-

**قۆناغی یەکەم:** بەرهەمهێنانی رستەی باسمەند وەك رستەیەکی تەواو بێ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، بڕوانە (٤٢):

[125] محەمەدی مەحوی، وانەی تایبەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦/١/٣١. لەم پێشنیازەیدا پێیوایە پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی رستە تەواوکەرەکەی رستەی باسمەند و جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی رستەی باسمەند پرۆسەیەکی خێرایە و یەك لە دوای یەك (واتە سەرەتا رستەکە و دواتر جێکەوتەی سەرتۆپەکە) پڕدەکرێنەوە لە ئاستی قوڵدا.

(٤٢)

[ o ]، پێشمەرگە ئازادیـــــکرد.

پێدانی ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی (ئەکوزەتیڤ) بە کلیتیکی (یـــ)، کە جێگەی پێکهاتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی گرتۆتەوە و بەڵگەیە بۆ تەواویی ڕستە تەواوکەرەکەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی.

**قۆنـــاغی دووەم:** قۆنـاغی بەرهـەمهێنانی سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەی ڕسـتەی باسمەنـد لـە دوای بەرهـەمهێنانی ڕسـتەی تـەواوی قۆنـاغی یەکـەم، پاشـان بـە هـۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنی سەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەکە لەگـەڵ کلیتیکـی (یـــ)دا ڕۆڵـی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت، وەك لە نمونەی (٤٣) دا خراوەتەروو:

(٤٣)

[ کوردستان] ، پێشمەرگە ئازادیـــــکرد.

i ⟶ i

پڕۆسەی هاونیشانەکردن بۆ مەبەستی گواستنەوەی ڕۆڵ و دۆخ بۆ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە.

ئەگـەر هـەردووو قۆناغەکـەش لـە ئاسـتی قوڵـدا بەرهـەمبێن وەك مامۆسـتا پێشنیازیدەکات، ئەوا بـۆ مەبەسـتی تـەواو شـیکردنەوەی پڕۆسـەکە و تێگەیـشتن لێـی دەتوانرێت قۆناغی یەکەم بە ئاستی قوڵی ڕستەکە و قۆناغی دووەم بە ئاستی ڕوکەشی ڕستەکە دابنرێت، کە یاسای گواستنەوەی باسمەند دەیهێنێتە بەرهەم. لە بـەر ئـەوەی میکانیزمی ئەم پڕۆسە خێرا یەك لە دوای یەکەی ئاوەز ڕون نییە و بۆ لێکۆڵینەوەکـەش لـە بەردەسـتدا نییـە. هـەر لێـرەوە پێـشبینی ئـەوە دەکرێـت، کـە ڕسـتەی باسمەنـد ڕستەیەکی ئاستی ڕوکەشـە و ئاسـتی قوڵیـشی ڕسـتەی (سـەرتۆپی)یـە، کـە لـە پـاری یەکەمی ئـەم بەشـەدا پێشنیازکرا. هەڵبـژاردنی ئـەم ئاراسـتەیەش لـە لێکۆڵینەوەکـەدا دورماندەخاتـەوە لـە برینـدارکردنی لایـەنی تیـوری قوتابخانـەی (بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوە) لـە پەسـنکردنی پڕۆسـەی باسمەنـدا، چـونکە بـە یـەکێك لـە یاسـاکانی گواستنەوەی دادەنێت[١٢٦].

[126] بڕوانە شیکردنەوەی یاساکە لە پاری سێیەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە.

**- جێکەوتەی بنەڕەتی سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە:**

ئەو جێکەوتە بنەڕەتییەی سەرتۆپی لاوەکی رستەی سەرتۆپی لێدەگوێزرێتەوە کۆمێنتە (واتە بەشی کردار)، چونکە لە (ل٤٥) دا سەلمێنرا جێکەوتەی سەرتۆپی لاوەکی ناو کۆمێنتە. لەوەش زیاتر شیکرایەوە، کە ئەو پێکهاتانەی دەتوانن ببنە سەرتۆپی لاوەکی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردی بریتین لە: ( بەرکاری راستەوخۆ و چەشنەکانی فرێزی پێشناوی ( بەرکاری ناراستەوخۆ و ئاوەڵکرداری "کاتوشوێن و چەندێتی و چۆنیەتی" ) و پێشناوە ناڕسەنەکان و پێکهاتەی نەکردن)ن، ئەگەر بێتو ئەمە بەراورد بکرێت لەگەڵ هەر رستەیەکی ئاسایی تردا دەردەکەوێت، کە جێکەوتەی بنەڕەتی ئەم پێکهاتانە ناو بەشی کردارە، کە لەرستەی سەرتۆپیدا بەرانبەر دەبن بە (کۆمێنت)، ( بڕوانە نمونەکانی (٢٣ و ٢٦ و ٢٧ و ٢٨)ی پاری یەکەمی ئەم بەشە).

**- جێکەوتەی گیرسانەوەی سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە لە رستەی باسمەنددا:**

لە زمانی ئینگلیزیدا پێشنیازی ئەوە کراوە، کە پێکهاتەکە هەڵدەواسرێت و دەبەسترێتەوە بە گرێی (IP) یان (CP)ەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەی گرێیەکی نوێ لە چەشنی گرێ پیاهەڵواسراوەکە بە پێی رێسای (هەڵواسینی چۆمسکی)[127] و وەك پێکهاتەیەکی دەستەخوشك بۆ رستەکە بەکاردێت. واتە جێکەوتەی گیرسانەوەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە وەك سەرێکی رێزمانی، پرۆژەیەکی گۆکەرەی جیاکراوەی نییە، بەڵکو گرێیەکی هەڵواسراوە بە داری زمانەکەوە، خودی ئەم شیکردنەوەیەش یاسای (باسمەند) دەکاتە جۆرێکی چەشنی دوەمی یاساکانی گواستنەوە[128].

---

[127] بڕوانە پاری دووەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[128] هەمان سەرچاوە .

ئەم جێکەوتەیەش ناونراوە(جێکەوتەی سەرتۆپ"Topic Position"). هەر لە سەر ئەم بنچینانەش وا دانراوە یاسای (باسمەند) لە زمانی ئینگلیزیدا بریتی بێت لە بەستنەوە بە جێکەوتە بەتاڵەکانی (spec)ی ( IP) یاخود (spec)ی (CP)ەوە[١٢٩].


لە چێوەی ئەم تیۆریەدا و بە پشت بەستن بەم شیکردنەوانە، دەتوانرێت بۆ جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی رستەی باسمەندی زمانی کوردی پێشنیازی دوو جێکەوتە بکرێت بە گریمانە و دواتریش هەوڵی تاقیکردنەوەیان بدرێت، تا جێکەوتەی راست و دروستی گیرسانەوەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی و بەرهەمهێنانی دروستەی رستەی باسمەندی زمانی کوردی بخرێتەروو:-

گریمانەی یەکەم:بە گەڕانەوە بۆ تیوری ($\bar{X}$) و ئەو جێکەوتانەی بۆ پێکهاتەکانی رستەی زمانی کوردی خراونەتەروو، زمانی کوردی پرۆژەکانی رستەی پرۆژەی ($\bar{X}$)ن، چونکە پرۆژەکانی(IP و CP)ی نییە[١٣٠]، وەك لە داری زمانی (٤) و (٥) دا خراوەتەروو

[129] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Huddleston(1976:190)
Culicover(1976:279)
Jacobsen(1986:230-233)
Aarons(1994:147-149)
RadFord(1998:172)
Haegman&Gueron(1999:336-337)
Bayer(2001:11ff)
Carnie(2002:369-370)
Grohman(2003:139)
Formkin&Rodman&Haymas(2003:163)
Floor (2004:68) لەگەڵ HeeLee (2004:77)


[130] محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٣٧-٤٤) لەگەڵ تارا موحسن قادر(٢٠٠٤: ٦٢).

**داری زمانی (٤):**




داری زمانی رستەی زمانی کوردی پێشنیازکراو لە لایەن مامۆستا (محەمەدی مەحویی)ەوە:


**داری زمانی (٥):**




لێـــرەوە دەتوانرێـــت جێکەوتـــەی (spec) پێـــشنیاز بکرێـــت بـــۆ ســـەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی زمـانی کـوردی، کـە جێکەوتەیـەکی دۆخـدارە(واتـە خـاوەنی دۆخـی ڕێزمانیە) و هەر پێکهاتەیەك بچێتە ئەو جێکەوتەیەوە ئەو دۆخەی تیا خاڵیدەکرێتەوە.

بەم شێوەش داری زمانی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی دەتوانرێت لـە (٦) دا بخرێتەروو:

**داری زمانی( ٦ ):**




پاش خستنەرووی گریمانەی یەکەم، دەتوانرێ بە سێ خاڵ نادروستی گریمانەکە بسەلمێنرێت:

١. سەرتۆپی لاوەکی (نان) لە رستەکەدا لە لایەن رەگی کرداری رستەکەوە دۆخی رێزمانی(ئەکوزەتیڤی) پێدەبەخشرێت، ئەمە جگە لەوەی هەر لە ئاستی قوڵدا رۆڵی بابەتانەشی پێبەخشراوە. بۆیە کاتێك ئەم سەرتۆپە لاوەکییە (کە خاوەنی رۆڵودۆخە)

دەگوێزرێتــەوە بـۆ جێکەوتــەی (spec) بـۆ هێنانەکایـەی سـەرتۆپی (هێنراوەپێـشەوە) راستەوخۆ دۆخێکی رێزمانی تریشی پێدەبەخشرێت، بەمەش پێکدادانی دۆخی رێزمـانی (Case Crash) رودەدات و دەبێتە بەڵگەیەك بۆ راستنەبوونی جێکەوتەی پێشنیازکراو.

٢. سەرتۆپی لاوەکی (بەدەست)، کە لە شێوەی فرێزێکی پێشناویدایە راسـتەوخۆ لــە لایــەن پێــشناوەکەیەوە، کــە ســەرێکی رێزمانییــە دۆخــی رێزمــانی (داتیڤــی) پێدەبەخشرێت. بۆیە کاتێك دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتــەی (spec)ی دۆخـدار دیـسانەوە دۆخێکی رێزمـانی تریـشی پێدەبەخـشرێت و دەبێتـە هـۆی پێکـدادانی دۆخـی رێزمـانی (Case Crash)، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵەبوونی جێکەوتەی پێشنیازکراو.

٣. خـۆ ئەگـەر قـسەکەر هـەردوو پێکهاتـەی (نـان و بەدەسـت) بکاتـە سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە بـە گواسـتنەوەی بـۆ جێکەوتــەی (سـەرتۆپی) پێـشنیازکراو، ئـەوا دیسانەوە رستەکە هەڵە دەردەچێت، لـە بـەر ئـەوەی ئاشـکرایە هـەر جێکەوتەیـەك بـە پێکهاتەیەك پڕدەکرێتەوە و هەر پێکهاتەیەکیش خـاوەنی یـەك جێکەوتەیـە، بـەڵام لـەم گریمانەیەدا جێکەوتەی (spec)ی پێشنیازکراو دەبێتە جێکەوتە بۆ دوو پێکهاتە، کە بێ گومان هەڵەیە. دروستی ئەم تاقیکردنەوەیەش دەتوانرێت بە نمونـەی (٤٤ ا و ب و پ و ت) دا ئەزمونبەند بکرێت:

(٤٤)

ا. [ س.س دانەر ] [ك [ س.ل١ ماسی [ س.ل٢ بەتۆڕ[ پ. راودەکات]]]].

ب.*[ spec [ س.هـ ماسی ] ]، [ س.ل دانەر][ ك [ س.ل١ t [ س.ل٢ بەتۆڕ[ پ. راویــدەکات]]]].
i i i

پ.[spec [ س.هـ بەتۆڕ ] ]، [ س.ل دانەر][ ك [ س.ل١ ماسی [ س.ل٢ t [ پ. راودەکات]]]].
i i

ت.*[spec [ س.هـ٢ بەتۆڕ]،[س.هـ١ ماسی] ]،[ س.ل دانەر] [ك [س.ل١ t [ س.ل٢ t [پ. راویــدەکات]]]].
j i j j i


ئێــستا بــە پێــی گریمانــەی یەکــەم ئەگــەر (spec) جێکەوتــەی ســەرتۆپی هێنراوەپێشەوە بێت، ئەوا بە پێی خاڵی (١) و (٢)ی تاقیکردنەوەکە نمونـەی (٤٤ب) و (٤٤پ) هەڵەیە، چونکە هەریەکە لە پێکهاتەکانی (ماسی) و (بـە تـۆڕ) دوو جـار دۆخـی رێزمانیـان پێبەخـشراوە. هــەروەها بــە پێــی خــاڵی (٣)ی تاقیکردنەوەکــە نمونــەی (٤٤ت)ش هەڵەیە، چونکە جێکەوتەی (spec) هـەردووو پێکهاتـەی (ماسـی و بـەتۆڕ)ی

لەخۆگرتوە، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێسای جێکەوتە پڕکردنەوەیە لە ڕوانگەی ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانییەوە. ئەمەش ناڕێزمانی ڕستەکە دەسەلمێنێت. نادروستی جێکەوتەی یەکەم وادەکات پێشنیازی گریمانەی دووەم بکرێت.

گریمانەی دووەم:

هەروەك لە سەرەتای ئەم وەچە پارەدا سەلمێنرا، یاسای باسمەند یاسایەکی چەشنی دوەمی گواستنەوەیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا. بۆیە دەتوانرێت ئەم بنەمایە وەربگیرێت و بکرێتە بنەڕەتی پێشنیازکردنی جێکەوتەیەکی تر بۆ گیرسانەوەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، کە ئەویش جێکەوتەیەکی هەڵواسراوە بە لای چەپی داری زمانی ڕستەی کوردیدا، کە لە داری زمانی (٧) دا دەخرێتەروو:

**داری زمانی( ٧ ):**




بەم شێوەیەش دەبێت دروستەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی بریتی بێت لە دروستەی ١

دروستەی (١):

[ جێکەوتەی س.ه]، [ س.ل= س.س] [ کۆمێنت[ س.ل١ [ س.ل٢ [ پرۆسە]]]].

ئێستا دەتوانرێت ئەم جێکەوتە هەڵواسراوە پێشنیازکراوە بۆ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە ناوبنرێت (جێکەوتەی سەرتۆپ)، کە خاوەنی نە رۆڵی بابەتانە و نە دۆخی رێزمانیشە. واتە جێکەوتەیەکی داواکراو نییە لە لایەن نیشانە واتاییەکانی کردار یان بەشی کردارەوە. ئەو پێکهاتانەش، کە ئەم جێکەوتەیە پڕدەکەنەوە ناودەنرێن (فرێزی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە).

دەتوانرێت ئەم گریمانەیە بەم سێ خاڵە تاقیبکرێتەوە:-

١. ئەو سەرتۆپە لاوەکییانەی سەری رێزمانییان لەگەڵدا نییە وەك (بەرکاری راستەوخۆ و ئاوەڵکرداری (کات و چەندێتی و چۆنیەتی )[١٣١] و پێکهاتەی نەکردن) کاتێك دەگوێزرێتەوە بۆ ئەم جێکەوتەیە و لێیدەگیرسێنەوە، بە هۆی رێسای هاونیشانەکردنی لەگەڵ (کلیتیکی باسمەند) دا یان جێکەوتەی بنەڕەتییاندا هەم رۆڵی بابەتانە و هەم دۆخی رێزمانیان پێدەبەخشرێت. بەمەش نە پێکدادانی دۆخی رێزمانی رودەدات و نە فرێزی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەش بێ رۆڵی بابەتانە و دۆخی رێزمانی دەمێنێتەوە.ئەمەش راستی و دروستی جێکەوتەی پێشنیازکراو دەسەلمێنێت.

٢. ئەو سەرتۆپە لاوەکییانەی سەری رێزمانییان لەگەڵدایە وەك (بەرکاری ناراستەوخۆ و فرێزی پێشناوی و ئاوەڵکرداری شوێن) و راستەوخۆ لە لایەن سەرە رێزمانییەکانیانەوە دۆخی رێزمانیان پێدەبەخشرێت، بە پێی پێشنیازی زمانەوان Liddel، کە دەڵێت: (( ئەو پێکهاتەیەی دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی سەرتۆپ دەبێت هەموو فرێزەکە بێت و هەرگیز سەری رێزمانی بە تەنها ناتوانێت ببێتە سەرتۆپ))[١٣٢].

لەم لێکۆڵینەوەیەدا وا پێشبینی دەکرێت، کە ئەم بۆچونە بۆ ئەم چەشنە سەرتۆپە لاوەکیانەی زمانی کوردی تەواو راستە، کە سەری رێزمانییان لەگەڵدایە، بۆیە ئاسایی ئەم پێکهاتانە دەگوێزرێنەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی پێشنیازکراو) بێئەوەی هیچ گرفتێك روبدات. چونکە ئەگەر لە جێکەوتەی بنەڕەتیاندا بن یاخود لە جێکەوتەی (سەرتۆپی پێشنیازکراو)دا بن ئەمان سەری رێزمانی خۆیان لەگەڵدایە و دۆخی رێزمانیان پێدەبەخشێت و رستەکەش لە رووی رێزمانی و واتا دروست دەبێت.

---

[131] لێرەدا پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی، کە ئاوەڵکردار پەیوەست نییە بە دۆخی ر ێزمانییەوە. هەر بۆیە تا ر ادەیەکی زۆر ئازادن لە جێگۆڕکێ پێکردنیاندا.

[132] Aarons (1994:51).

**٣. تەنانەت ئەگەر قسەکەر هەردووو سەرتۆپی لاوەکی (ئەوانەی بێ سەری ڕێزمانین و ئەوانەش سەری ڕێزمانیان لەگەڵدایە) هێنایە دەرەوە بۆ ئەم جێکەوتە پێشنیازکراوە، رستەکە هەڵە نابێت. هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە خودی جێکەوتەکە جێکەوتەیەکی هەڵواسراوە، بۆیە ئاسایی و زانستییە ئەم جێکەوتە هەڵواسراوە بکرێتە دوو گرێ (نۆد)ی ترو هەردووو پێکهاتە هێنراوەپێشەوەکەی پێوە هەڵبواسرێت. بەمەش هەریەکەیان جێکەوتەی خۆیان دەبێت لەناو جێکەوتەی (سەرتۆپی پێشنیازکراو) دا بێئەوەی توشی گرفتی خاڵی سێیەمی گریمانەی یەکەم ببن.ئەمەش دەبێتە سەلمێنەری گریمانەی دووەم[١٣٣].**

**نمونەی (٤٥ ا و ب و پ و ت) گریمانەی دووەم زیاتر ئەزمونبەند دەکەن:**

**(٤٥)**

**ا. [ س.س کامەران ] [ك [ س.ل١ نەمامەکان [ س.ل٢ لە باخەکەدا[ پ. دەنێژێت]]]].**

**ب. [ س.هـ نەمامەکان ]، [ س.ل کامەران][ك [ س.ل١ t [ س.ل٢ لەباخەکەدا[ پ.دەیانێژێت]]]].**

i i i

**پ.[س.هـ لە باخەکەدا]، [س.ل کامەران][ك [ س.ل١ نەمامەکان [ س.ل٢ t [ پ. دەنێژێت]]]].**

i i

ت. [س.هـ٢ لەباخەکەدا]،[ س.هـ١ نەمامەکان]،[ س.ل کامەران] [ك [ س.ل١ t [ س.ل٢ t [ پ. دەیاننێژێت]]]] [١٣٤]

j i j j i

---


[133] ا. لە ناو ئەو لێکۆڵەرانەی لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە تەنیا تارا موحسن (٢٠٠٤: ٦٦) ئاماژەی بە جێکەوتەی سەرتۆپی رستەی باسەندی زمانی کوردی داوە، ئەویش تەنها لە ر وی تیورییەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە و هێندەی وتوە، کە ئەم جێکەوتەیە جێکەوتەی نائارگومێنتێکە(واتە **A⁻ -Position**)ە.

ب. بەڵام هەریەکە لە ئەحمەد حەسەن (١٩٩٠: ٤٨-٤٩) و دیار عەلی (٢٠٠٢: ٦٤-٦٨)، کە ئاماژەیان بە پڕۆسەی باسەند داوە، باسی ئەم جێکەوتەیان نەکردوە. هێندە نەبێت بە سەرەتای رستە ناویانبردوە.


[134] پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ر ەنگە رستەی باسەندی دوو سەرتۆپی وەك نمونەی (٤٥ت) لە ر ووی دروستەییەوە راست بێت ( واتە لە ر وی پڕۆسەی هاونیشانەکردنەوە هەردوو سەرتۆپەکە دەبنە خاوەنی ر ۆڵی بابەتانە و دۆخی ر ێزمانی تایبەت بە خۆیان). بەڵام لە راستیدا ناتوانین رستەکە تەواو بە راست دابنێین ئەگەر رستەکە پەیوەست بە (هێزی سەرتۆپ)یەوە شیبکەینەوە، چونکە لە رستەی باسەندا قسەکەر ناتوانێت دوو سەرتۆپ بە هەمان (هێز) دەرببڕێت مەگەر زۆر لە خۆی بکات یاخود بە پێی ر ێسای سایکلێك هێزی (س.هـ٢) زیاتر بێت (س.هـ١)، هەر بۆیە ئەمجۆرە رستەیەی باسەند پەسەند نەکراوە.

نمونەی (٤٥) و شیکردنەوەکانی تاقیکردنەوەی گریمانـەی دووەم لـە داری زمـانی (٨) و (٩) دا ئەزمونبەند دەکرێت:

**داری زمانی (٨):**



**داری زمانی (٩):**




هێنانە دەرەوەی (س.هـ١) و (س.هـ٢) لە (٤٥ت) و داری زمـانی (٩) دا پـەیوەسـتە بە ڕێسای سوڕی ڕێزمانییـەوە (سـایکلێك). هـەر بۆیـە دەبێـت یـەکمجار (س.هـ٢) بێتـە

دەرەوە و جێکەوتەکەی پڕبکاتەوە، ئەوساکە (س.ه١) دێتە دەرەوە و جێکەوتەکەی پڕدەکاتەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەگەر یەکەمجار (س.ه١) بێتە دەرەوە، ئەوا دەبێتە بەربەست لە بەردەم هێنانە دەرەوەی (س.ه٢). تەنانەت پرۆسەی هاونیشانەکردنەکەشیان پەیوەستە بە ڕێسای سوڕی ڕێزمانییەوە (سایکڵیك) (هەروەك لە نمونەی "٤٥ت" و داری زمانی "٩" دا خراوەتەروو).

وەك پاسەدانێك بۆ ئەو دوو تاقیکردنەوەیەی کرا بۆ پێشنیازکردنی جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)، دەتوانرێت پەنا ببرێتە بەر دوو بەڵگەی دەرەکی لە روانگەی تیوری قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)وە، کە راستی تاقیکردنەوەی دووەم دەسەلمێنن و زاڵیدەکەن بە سەر چەوتی گریمانەی یەکەمدا:

بەڵگەی یەکەم: هەروەك ئاشکرایە جێکەوتەی سەرتۆپی پێشنیازکراوی گریمانەی یەکەم (spec) بوو، بەڵام ئەم جێکەوتەیە لە بنەڕەتدا یان گرێیەکی پرۆژەی (IP)ە یاخود گرێیەکی پرۆژەی (CP)ە( بڕوانە داری زمانی (٣)). بەڵام لە داری زمانی (٤)ی سەلمێنراوی زمانی کوردیدا دەرخرا، کە زمانی کوردی ئەم دوو پرۆژەیەی وەك ڕێسایەکی جیهانی هەیە، بەڵام پڕناکرێنەوە و سودیان لێنابینرێن.

بەڵگەی دووەم: بە پێی ڕێسای (Shortest phath)[١٣٥]ی پرۆگرامی وردەکاری (Minimalism Program) پێویستە هەموو پێکهاتەیەکی گواستراوە لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە بگوێزرێتەوە بۆ نزیکترین جێکەوتەی شیاو لە دروستەکەیدا. هەربۆیە بە پێی ئەم ڕێسایە گواستنەوەی سەرتۆپی لاوەکی لە ناو بەشی کۆمێنتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی) پێشنیازکراوی گریمانەی دووەم زۆر نزیکترە و شیاوترە لەچاو ئەو دورییەی لە نێوان جێکەوتەکانی بەشی کۆمێنت (کە شوێنزای بنەڕەتی سەرتۆپە لاوەکیەکانە) هەیەتی لەگەڵ جێکەوتەی (spec)ی (IP) یاخود (CP) دا، کە چەند گرێیەك لێیانەوە دورە( هەروەك لە داری زمانی (٣) و (٧) دا خراوەتەروو).

---

135 **Muller (1998:112)** لەگەڵ **Crystal (2003:417)**

کەواتــە ئێــستا دەتوانرێــت بــەم شــێوەیە پێناســەی جێکەوتــەی (ســەرتۆپی هێنراوەپشەوە)ی رستەی باسمەندی زمانی کوردی بکەین:

**جێکەوتەی سەرتۆپ :**

جێکەوتەیـەکی هەڵواسـراوە بـە لای چـەپی کەڵـە گرێـی (Maximal node) داری زمانی رستەی کوردیدا لـە دروسـتەی رسـتەی زمانەکەشماندا یەکـەم جێکەوتـەی لای چەپی داگیردەکات. ئەم جێکەوتەیـە خـاوەنی رۆڵـی بابەتانـە و دۆخـی رێزمـانی نییـە. بەرزترین جێکەوتـەی رسـتەیە لـە داری زمانـدا و سـەرەتای دروسـتەی رسـتەی زمـانی کوردیشە. ئەم جێکەوتەیـە بـە هـیچ کلۆجێك نابێتـە تەواوکـەرێکی داواکـراو لـە لایـەن نیـشانە واتاییـەکانی کـردار یـان بەشـی کـرداری رسـتەکەوە، بـەڵکو جێکەوتەیـەکی هەڵواسـراوی سـەرەکی دروسـتەی رسـتەی باسمەنـدی زمـانی کوردییـە، کـە لـە رووی ئاوازەوە لە کاتی ئاخاوتندا هێزێکی تایبەتی لە سەر دەبێت و ئەم هێزەش ناودەنرێت (هێزی سەرتۆپ)، کە بە هێمای ( / ) ئاماژەی بۆ دەکرێت و لە نووسینیشدا بـە فاریزەیەك لە باقی رستەکە جیادەکرێتەوە.

**دووەم: نیشانەی واتایی ( جێکەوتە و فرێزی ) سەرتۆپی هێنراوە پێشەوەی رستەی باسمەند:**

ئـەو جێکەوتەیـەی بـۆ سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە لـە (ل٧٢) دا پێـشنیازکرا، دەرخرا، کە خاوەنی هیچ نیشانەیەکی سینتاکسی یـان سـیمانتیکی نییـە، بـەڵام ئـەو سـەرتۆپە لاوەکییانـەی لـە بەشـی کـۆمێنتی رسـتەی سـەرتۆپی زمـانی کوردییـەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئەم جێکەوتەیە دەبێت خاوەنی نیشانەیەکی وەهابن، کە لەبار بن بـۆ رودانـــی ئـــەم گواســـتنەوەیە و لێرەشـــەوە خـــودی گواســـتنەوەکە و دروســـتی گواسـتنەوەکەش تاقیبکاتـەوە. هەربۆیـە وەك چـۆن چۆمـسکی(١٩٩٥)[١٣٦] چـەپکێك نیـشانەی واتـایی دیاریـدەکات و دەیکـات بـە دوو بەشـەوە بـۆ تاقیکردنـەوەی گـشت یاسـاکانی گواسـتنەوە، لێرەشـدا دەتوانرێـت چـەپکێك نیـشانە بـۆ سـەرتۆپی لاوەکـی دیاریبکرێـت، کـە دەبێـت هـەیبێت بـۆ بـوونی بـە سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە. ئـەم نیشانانەش دەکرێت بە دوو بەشەوە:-

[136] Muller (1998:48).

١. ئەو نیشانە واتاییانەی لە ڕێگەی سیمانتیکەوە لێکدەدرێنەوە و چۆمسکی بۆ فرێزە ناوییەکانی پێشنیاز کردوە. لێرەشدا وەك خۆی وەردەگیرێت و بۆ سەرتۆپە لاوەکییەکانی ڕستەی سەرتۆپی زمانی کوردی پێشنیاز دەکرێت و بە [ + لێکدانەوە] ئاماژەی بۆ دەکرێت. وەك نیشانەی واتایی [ +/− تاك ]، واتە بە پێی ئەمە سەرتۆپە لاوەکییەکانی زمانی کوردی دەتوانن [ +/− تاك] بن و کاتێکیش ئەم سەرتۆپە لاوەکییانە بەر یاسای باسمەند دەکەون و دەگوێزرێنەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی پێشنیازکراو ئەم نیشانە واتاییانەشیان لەگەڵدا دەگوێزرێتەوە. بەمەش جێکەوتەی سەرتۆپی بێ نیشانەی سیمانتکی [+ لێکدانەوە] دەبێتە خاوەنی نیشانی سیمانتیکی [+لێکدانەوە].

٢. ئەو نیشانە واتاییانەی لە ڕێگەی سیمانتیکەوە لێکنادرێنەوە و بریتین لە:−

ا/ ڕۆڵی بابەتانە.

ب/ دۆخی ڕێزمانی.

پ/ بەستنەوەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە بە باقی ڕستەکەوە.

هەربۆیە دەتوانرێت ئەم نیشانانە بە [ − لێکدانەوە] [١٣٧] ئاماژەی بۆ بکرێت، کە مەبەست لێی ئەوەیە، لە رووی واتاوە لێکنادرێتەوە، بەڵکو زیاتر بە هۆی ڕێساکانی قوتابخانەی(بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لێکدەدرێنەوە. بەم شێوەیەش لێکدەدرێنەوە:−

ا/ **ڕۆڵی بابەتانە:** ئەو ڕۆڵە بابەتیانەی سەرتۆپی لاوەکی پێیدەبەخشرێت لە لایەن کرداری (پرۆسەی) کۆمێنتەکەیەوە لە جێکەوتەی بنەڕەتییدا لە ڕستەی سەرتۆپیدا، هەمان ڕۆڵ لە جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) پێشنیازکراوی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا نییە.

هەربۆیە دوو ڕێگا لە گواستنەوەی ئەم ڕۆڵەدا پەیڕەو دەکرێت:

**ڕێگای یەکەم:** یان ئەوەتا بەرکارەکە (س.ل١)، کە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی پێشنیازکراو، ڕۆڵە بابەتانەکەشی لەگەڵدا دەگوێزرێتەوە و دواتریش پرۆسەی هاونیشانەکردن ڕودەدات. بڕوانە

---

[137] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم نیشانانە بڕوانە: **Grohman(2003:144)** .

(٤٦ ا و ب):

(٤٦) ا. [ س.س كاوه] [ ك[ س.ل١ سێوەكه [ پ. دەخوات ]]].

پێدانی رۆڵودۆخ لە لایەن رەگەوە.

ب. [ س.ھ سێوەكه ]، [ س.ل كاوه] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەيـــــخوات]]].

i i i

گواستنەوەی (س.ل١ سێوەكه) بە رۆڵی بابەتانەوە.

**رێگـــای دووەم:** يـان ئـەوەتا (س.ل١)، كـه بۆتـه (س.ھ) رسـتەكه بەرھـەم دێنێـت هەروەك رستەی سەرجێناوی. بەمـەش (س.ل١ سـێوەكه) هاونيـشانه دەكرێـت لەگـەڵ كليتيـــك و جێكەوتـــەی بنەڕەتيەكەيـــدا. بـــەراوردكردنی نمونـــەی (٤٧) و (٤٨) شيكردنەوەكه ئەزمونبەند دەكات:

(٤٧) [ س.ھ سێوەكه]، [ س.ل كاوه] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەيـــــخوات]]]. رستەی باسمەند.

i i i

(٤٨) سێوەكەی، كه كاوه t خواردی. رستەی سەرجێناوی.

لـەم لێكۆڵينەوەيـەدا رێگـای يەكـەم پەسـەند دەكرێـت لـە گواسـتنەوەی رۆڵـی بابەتانەدا و بەرھەمهێنانی رستەی باسمەندا.

**ب/ دۆخـــی رێزمـــانی:** هـــەروەك لـــە (ل٧٢) دا دەرخـــرا، جێكەوتـــەی (ســـەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی پێشنيازكراو رستەی باسمەند خاوەنی هيچ دۆخێكی رێزمانی نييـە، بۆيه دەبێـت پـاش گواسـتنەوەی سـەرتۆپی لاوەكـی بـۆ ئـەم جێكەوتەيـە، ئـەو دۆخـە رێزمانييـەی هـەيبووە بـۆی بگوێزرێتـەوە تـا رسـتەكه رێزمـانی بێـت، ئـەميش بـە دوو رێگا:-

١- يان ئەوەتا بە هۆی هاونيشانەكردنەوە لەگەڵ كليتيكی باسمەندا، كه لـە نـاو پێكهاتەی كردارەكەدايە و دۆخی رێزمانی ئەكوزەتيڤی هەڵگرتوە، بڕوانە (٤٩ ا و ب):

(٤٩) ا. [ س.س نەسرين] [ ك[ س.ل١ هەڵماقۆ [ پ. دەكات]]].

پێدانی رۆڵ ودۆخ لە لايەن رەگەوە.

ب. [ س.ھ هەڵماقۆ ]، [ س.ل نەسرین] [ ك[ س.ل۱ t [ پ. دەیـــكات]]].

i i i

گواستنەوەی دۆخی ڕێزمانی بە هۆی پرۆسەی هاونیشانەكردنەوە.

٢– یان ئـەوەتا سـەرتۆپە لاوەكیەكە لـە جێكەوتـەی بنەڕەتیـدا سـەری ڕێزمـانی لەگەڵدایە، كە سەرچاوەی بەخشینی دۆخی ڕێزمانییە پێـی، بۆیـە هـەروەك لـە خـاڵی (٢)ی گریمانــەی دووەمــی خــاڵی یەكــەم دا خرایــەروو ســەری ڕێزمانەكەشــی لەگــەڵ ســەرتۆپە لاوەكیەكــەدا دەگوێزرێتــەوە. بەمــەش پێكهاتەكــە لــە نــاو جێكەوتــەی گیرسانەوەیەدا دەبێتە خاوەنی دۆخـی ڕێزمـانی، وەك لـە نمونـەی (٥٠) دا ئەزمونبەنـد دەكرێت.

(٥٠) ا. [ س.س كارزان] [ ك[ س.ل٢ بە پێ [ پ. ڕۆیشت]]].

پێدانی ڕۆڵ پێدانی دۆخ

ب. [ س.ھ بە پێ ]،( [ س.ل كارزان] )[ ك[ س.ل٢ t [ پ. ڕۆیشت]]].؟

i i

پێدانی دۆخ

پێدانی ڕۆڵ

پرۆسەی هاونیشانەكردن.

**پ/ بەستنەوە:** جێكەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەی رسـتەی باسمەنـدی زمـانی كوردی بە دوو ڕێگا دەبەسترێتەوە بە باقی ڕستەكەوە، كە ئەمانەن:–

١– بەســتنەوە بــە هــۆی هاونیــشانەكردنی ســەرتۆپی هێنراوەپێــشەوە لەگــەڵ جێكەوتەی بنەڕەتییدا، بڕوانە (٥٠).

٢– بەســتنەوە بــە هــۆی هاونیــشانەكردنی ســەرتۆپی هێنراوەپێــشەوە لەگــەڵ كلیتیكی باسمەندی لە ناو پێكهاتەی كرداری كۆمێنتەكەیدا، بڕوانە (٤٩).

بەستنەوەی گواسـتنەوەی ئـەم دوو چـەپكە نیـشانەیە بـە جێكەوتـە و پێكهاتــەی ســەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەی رسـتەی باسمەنـدی زمـانی كـوردی سـەلمێنەری ڕاسـتی ڕێزمـانی و واتـایی رسـتەی باسمەنـدن و مەبەسـت لـە بەسـتنەوەی سـەرتۆپ بـە بـاقی ڕستەكەوە لە ئاستێكی باڵاتردا بوونی ئەم پەیوەندییانەیە.

کەواتە بەم پێیە جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە دەبێتە خاوەنی هەریەك لە نیشانەکانی (ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی و بەستنەوە)، کە بە [ — لێکدانەوە] ئاماژەی بۆ کرا و ئەمە جگە لەو نیشانە واتاییانەی، کە [ + لێکدانەوە]ن. بەمەش هەم جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە و هەم ئەو پێکهاتەیەی لە ناویدا دەگیرسێتەوە(فرێزی سەرتۆپ) دەبنە خاوەنی ئەم دوو چەپکە نیشانە واتاییە، کە لە مەودوا دەتوانرێت بە نیشانەی واتایی

[ + تۆپ] ئاماژەی بۆ بکرێت، واتە [ + تۆپ] خاوەنی هەردووو چەپکە نیشانەی [ + لێکدانەوە] و [ — لێکدانەوە] یە.

لە ڕاستیدا ئەم [ + تۆپ] ە پێویستە بۆ هەموو ئەو سەرتۆپە لاوەکییانەی، کە دەبنە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە لە ڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا. واتە هەر سەرتۆپێکی لاوەکی دەبێت خاوەنی نیشانەی واتایی [ + تۆپ] بێت تا لەبار بێت بۆ گواستنەوە و کردنی بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە. هەربۆیە دەبێت ئەم نیشانە واتاییەی [ + تۆپ] لە هەر یاسایەك لە یاساکانی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا ببینرێتەوە، خۆ ئەگەر نیشانەکە [ — تۆپ] بوو، ئەوا دەبێت ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە دروست نەبێت، بەڵام [ + تۆپ] بوو ئەوا پێویستە ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانی و واتا ڕاست بێت.

## سێیەم: یاساکانی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی:

زمانەوان Liddel دەڵێت: (( تەنها فرێز دەتوانێت جێکەوتەی سەرتۆپ پڕبکاتەوە))[١٣٨]. دەتوانرێت ئەم گریمانەیە وەك بنەمایەك وەربگیرێت بۆ داڕشتنی یاساکانی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی. ئەمەش بەو ڕێگەیە دەکرێت، کە ئەو پێکهاتانەی دەتوانن ببنە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە لە ڕستەی باسمەنددا بریتین لە فرێزەکان. ئەو فرێزانەش، کە لە ناو کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپیدا دەتوانرین بهێنرێنە دەرەوە و ببنە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە چەند فرێزێکی دیاریکراون. بۆ دروستی ئەم بۆچونەش دوو پێوەر دادەنرێت، کە بریتین لە:

---

.Aarons(1994:171) [138]

**پێوەری یەکەم:** دەبێت هەر رستەیەکی باسمەند وەڵامی رستەیەکی پرسیاری تایبەت بە خۆی بداتەوە.

**پێوەری دووەم:** هەر فرێزێك (بە تایبەتی فرێزی ناوی)، کە دەبێتە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە دەبێت کلیتیکێك لە ناو پێکهاتەی کرداری (پرۆسەی) رستەی باسمەندەکەیدا لە بری دابنرێت و هاونیشانە بکرێت لەگەڵیدا. خۆ ئەگەر کلیتیکەکە دەرنەکەوت (وەك لە فرێزی پێشناویدا)، ئەوا دەبێت بە لایەنی کەمەوە ئەو فرێزە هاونیشانە بێت لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیدا.

ئەگەر هاتو ئەو رستە باسمەندانەی ( کە بەهۆی هێنانەپێشەوەی سەرتۆپی لاوەکی و کردنیان بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) هاتونەتەکایەوە، توانیان ئەم پێوانانە لەخۆ بگرن، ئەوا ئەمە دەیسەلمێنێت هەریەکە لەو پێکهاتانە خاوەنی نیشانەی واتایی [ + تۆپ]ن و رستەی باسمەندی راستەقینەی زمانی کوردین. ئەو فرێزانەش کە خاوەنی ئەم تایبەتیانەن دەتوانرێت لەم یاسایانەی خوارەوە بخرێنەروو:—

### ١- یاسای سەرتۆپی لاوەکی( بەرکار ):

هەریەکە لە پێکهاتەکانی بەرکاری راستەوخۆ( سەرتۆپی لاوەکی یەك) و بەرکاری ناراستەوخۆ (سەرتۆپی لاوەکی دوو "فرێزی پێشناوی")[١٣٩] وەك فرێز خاوەنی نیشانەی واتایی [ + تۆپ]ن، کە بەهۆیەوە لە بار دەبن بۆ ئەوەی ببنە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی رستەی باسمەند:—

ا. یاسای سەرتۆپی لاوەکی یەك (بەرکاری راستەوخۆ)[١٤٠]: لەم یاسایەدا سەرتۆپی لاوەکی یەك لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە، کە بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپییە لە هەرسێ چەشنی رستەی ( هەواڵی و فرمانی و پرسیاری "بۆ رابردوو و

---

[139] لێرەدا سەرتۆپی لاوەکی (یەك) و (دوو)، مەبەستمان بەرکاری (راستەوخۆ) و (ناراستەوخۆ)یە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، پاری یەکەمی ( بەشی دووەم)ی ئەم کتێبە.

[140] هەریەك لە دیار عەلی (٢٠٠٢: ٧٥-٧٦) و تارا موحسن (٢٠٠٤: ٦٦-٦٧) تارادەیەك باسی یاسای ئە م پرۆسەیان کردوە.

رانـــەبردوو")[١٤١] و دەردەهێنرێـــت و دەگوێزرێتـــەوە بـــۆ جێکەوتـــەی (ســـەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) و بەمەش رستەی باسمەند دێتە بەرهەم.

١. لە رستەی هەواڵیدا، بڕوانە (٥١ ا و ب) و (٥٢ ا و ب):

(٥١) ا.[ س.س من ] [ ك[ س.ل١ خانووەكەم [ پ.دروستكرد]]]. (رستەی سەرتۆپی).

ب. [ س.م خانووەكە ]، [ س.ل من] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دروست[ كليتيكی باسمەندی م] كرد]]].

i ⟶ i ⟶ i

(٥٢) ا.[ س.س من ] [ ك[ س.ل١ خانووەكە [ پ.دروستدەكەم]]]. (رستەی سەرتۆپی).

ب.[س.م خانووەكە ]،[ س.ل من] [ ك[ س.ل١ t [پ.دروست [كليتيكی باسمەندی یـــ] دەكەم ]]][١٤٢].

i ⟶ i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم**: بۆ ئەم پاسادانە با بڕوانینە (٥٣ ا و ب) و (٥٤ ا و ب):

(٥٣) ا. تۆ چیت دروستکرد؟

ب. چیت دروستکرد تۆ؟ {**بۆ رابردو**}.

(٥٤) ا تۆ چی دروستدەکەیت؟

ب. چی دروستدەکەیت تۆ؟ {**بۆ رانەبردو**}.

ئەگەر بەراوردی نمونـەکان بکرێـت، دەبینرێـت (٥١ ا و ب) و (٥٢ ا و ب) وەڵامـی شیاوی نمونەکانی (٥٣ ا و ب) و (٥٤ ا و ب)یە.

---

[141] لێرەدا شیکردنەوەی ئەم یاسایە بۆ رستەی بکەرنادیار ناکرێت، چـونکە هەڵـسوکەوتێکی تایبـەتی خـۆی هەیە، هەربۆیە لە وەچە پارێکی تایبەتدا لێیدەکۆڵرێتەوە.

[142] لە هەردوو نمونەکەدا، پێویستە (خانوو) بە ناسراوی بەکاربێت، تا ببێتە فرێز و بتوانرێت بکرێتە (س.م). خۆ ئەگەر وشەی (خانوو) بە تەنیا بە کاربێت، ئەوا ناتوانرێت بکرێتە (س.م)، چـونکە فرێـز نییـە. ئەمـەش رێبازێکی تاقیکردنەوەیە بۆ سەلماندنی بەشە دەربڕاوێکی وەك فرێز. بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: عەبدولجـەبار مستەفا (٢٠٠٥: ١٠-١٧).

**دووەم:** دەبینرێ هەریەکە لـە (٥١ب) و (٥٢) کلیتیکـی باسمەنـدی لـە پێکهاتـەی کردارەکەیاندا هەیە، کە لە (٥١ب) دا (م)ە و لە (٥٢ب) دا (یـــ)ە. بـەڵام کلیتیکـی (م) هــەم کلیتیکـی کەســە و هــەم کلیتیکـی باسمەندیـشە. واتــە رێککــەوتنی ســەرتۆپی سەرەکی، کـە بۆتـە سـەرتۆپی لاوەکـی لـە نمونـەی (٥١ب) دا بـەهۆی ئەمـەوە لەگـەڵ پرۆسەی کۆمێنتەکەدا رێککەوتوە. دیسانەوە نیشانەی واتایی

[ + تـۆپ] بــە هــۆی هاونیــشانەکردنی کلیتیکـی باسمەنــدی (م) و پێکهاتــەی (یاری)ەوە بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە بەخشراوە.

٢. لە رستەی فرمانیدا، وەك لە نمونەی (٥٥ ا و ب) دا خراوەتەروو:

(٥٥) ا. [ س.س pro ] [ ك[ س.ل١ **دوژمنەکەتان**[ پ.**بناسن**]]، [ تەواوکەر **باش**[ پ.ە]].

ب.[س.ە **دوژمنەکەتان**]، [ س.ل pro ] [ ك[س.ل١ t [ **پ**[م. ریژەی فرملن **بـــ**] [کلیتیکی باسمەند **یـــ**]

i ⟶ i ⟶ i

[رەگ **ناس** [ کەس ن]]]، [ تەواوکەر **باش** [ پ. ە]][143].

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدان با بڕوانینە (٥٦ ا و ب):

(٥٦) ا. (pro) کێ بناسن باشە ؟

ب. کێ بناسن باشە (pro) ؟

بە وردبوونەوە لە نمونەکان دەردەکەوێت، نمونەی (٥٥ او ب) وەڵامی گونجاوی نمونەی (٥٦ ا و ب)یە.

**دووەم:** لە نمونەی (٥٥ب) دا کلیتیکی باسمەندی لە ناو پێکهاتـەی کـرداردا هەیـە، کە بە هۆی هاونیشانەکردنەوە لەگـەڵ سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە(دوژمـن) دا رسـتەکە رێزمانی دەردەچێت.

---

143 لە گشت زمانەکاندا و لە رستەی فرمانیدا (بکەر"س.س") دەرنابڕدرێت. تەنها لەو کاتـەدا نـەبێت، کـە قورسایی دەخرێتە سەر بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی.

٣. لـــه رســـتەی پرســـیاریدا، وەك لـــە نمونـــەی (٥٧ ا و ب) و (٥٨ ا و ب) دا دەردەكەوێت:

(٥٧) ا. [ س.س كێ ] [ ك[ س.ل١ تۆی [ پ[ تەواوكەر بێزار] [ كردار كرد] ]]؟

ب.[س.هـ تۆ]، [س.ل كێ] [ك [س.ل١ t [پ[تەواوكەر بێزار] [كلیتیكی باسمەندی یـ ] [ رەگ كر] [ كات د] [كەس ی] ]]؟

(٥٨) ا. [ س.س كێ ] [ ك[ س.ل١ تۆ [ پ[ تەواوكەر بێزار] [ كردار دەكات] ]]؟

ب. [ س.هـ تۆ]، [س.ل كێ] [ك [س.ل١ t [پ[ تەواوكەر بێزار] [كلیتیكی باسمەندی تـ] [كات دە] [رەگ ك] [ كەس ات ] ]]؟

**پێوەرەكان:**

**یەكەم:** بۆ پاسەدان با لە (٥٩ ا و ب) و (٦٠ ا و ب) وردببینەوە:

(٥٩) ا. ئازاد منی بێزاركرد ؟

ب. من، ئازاد t بێزاریكردم ؟ {**رابردو**}.

(٦٠) ا. ئازاد من بێزار دەكات ؟

ب. من، ئازاد t بێزار مــدەكات ؟ {**رانەبردو**}.

لێرەدا لەبەرئەوەی رستەی باسمەندەكە لـە شـێوەی پرسـیاریدایە. بۆیـە لـە بـری رستەی پرسیاری بەرانبەریان هـەبێت رسـتەی وەڵامـی جیـاوازی خۆیـان هەیـە. ئەگـەر بـشڕوانینە (٥٧ ا و ب) و(٥٨ ا و ب) دەبینرێـت وەڵامـی شـیاوی نمونـەكانی(٥٩ او ب) و(٦٠ ا وب)ە.

**دووەم:** هەریەكـە لـە رسـتەكانی (٥٧ب) و (٥٨ب) و (٥٩ب) و (٦٠ب) كلیتیكـی باسمەنـدی لـە پێكهاتـەی كـرداری كۆمێنتەكانیانـدا هەیـە، كـە بـە هـۆی پرۆسـەی هاونیشانەكردنەوە نیشانەی

[+ تۆپ] بۆ هەریەكە لە سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەكان گواستراوەتەوە.

پوختەی شیكردنەوەكان لە یاسای (٥) دا دەخرێتەروو:

**ا+ب+[ پ (e) ] ——————◄ ب + ا + t + [ پ ( کلیتیکی باسمەندی) ].**

**کاتێك کە:**

**ا = س.س (بکەری رێزمانی) ب = س.ل ١ و س.هـ پ = پرۆسە**

**t = شوێنپێی پێکهاتەی سەرتۆپی گواستراوە.**

**e = جێکەوتەی کلیتیکی باسمەند لە پێکهاتەی کرداری کۆمێنتی رستەی باسمەندا.**

**ب. یاسای سەرتۆپی لاوەکی دوو (بەرکاری ناراستەوحۆ"فرێزی پێشناوی")[١٤٤]:**

**لەم یاسایەدا سەرتۆپی لاوەکی دوو (بەرکاری ناراستەوحۆ"فرێزی پێشناوی") لە جێکەوتەی بنەڕەتیەوە، کە بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپییە ( لە هەر چوار چەشنی رستەی هەواڵی و فرمانی و پرسیاری و بکەرنادیار) دا دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی پێشنیازکراو)ی رستەی باسمەند و بەمەش رستەی باسمەند دێتەکایەوە. لەم یاسایەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە پێوەری دووەم جێبەجێناکرێت. جێبەجێنەکردنی یاساکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەم فرێزانە خۆیان سەری رێزمانیان لەگەڵدایە و راستەوخۆ دۆخی رێزمانی (داتیڤ) دەبەخشنە تەواوکەرەکانیان جا لە جێکەوتەی بنەڕتیاندا بن یان لە جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی پێشنیازکراو) دا. هەربۆیە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە پێکهاتەی پرۆسەی کۆمێنتی رستەی باسمەندا نایەتەکایەوە. ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو سەرتۆپە سەرەکیەی لە رستەی سەرتۆپیدا هەیە و دواتر لە رستەی باسمەندا دەبێتە سەرتۆپی لاوەکی ( بە هۆی بوونی سەرتۆپی لاوەکی بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) دەربرینی سەرپشکیانە بێت. واتە ئەگەر سەرتۆپە سەرەکیەکە، کە بۆتە سەرتۆپی لاوەکی دەریشنەبرێت رستەکە هەر راست دەبێت. ئەم قرتاندنە بۆ رستەی باسمەندی زمانی کوردی ئاڵۆزی ناهێنێتەکایەوە، چونکە زمانی کوردی هەروەك سەلمێنرا لە زمانە بکەرخراوەکانە. بەمەش لە جێکەوتەی سەرتۆپە**

---

[144] زمانەوان (١٩٦٧) **Ross** بەم یاسایە دەڵێ یاسای گواستنەوەی داتیڤ (**Dative Movment**). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە **Givon(1979:6)**. بەڵام لە زمانی کوردیدا بە هۆی پەیڕەوی کردارەکانەوە، ئەمە دەگۆڕێت وەك لە هەڵسوکەوتی ئەم جۆرە کردارانەدا (تێکردن و پێگوتن و لێدان) دەردەکەوێت.

سەرەکی، کە بۆتە سەرتۆپە لاوەکی (pro)یەك دادەنرێت[145]. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پڕۆسەی هاونیشانەکردن لە نێوان (س.هـ) و جێکەوتەی بنەڕەتیدا هەر رودەدات.

١. لە رستەی هەواڵیدا، بڕوانە (٦١ ا و ب) و (٦٢ ا و ب):

(٦١) ا.[ س.س من ] [ ك[ س.ل٢ بە پاس [ پ.ڕۆیشتم]]]. رستەی سەرتۆپی بۆ رابردو.

ب. [س.هـ بە پاس ]،(([س.ل من])) [ك[ س.ل١ t [پ. ڕۆیشتم ]]]. رستەی باسمەند بۆ رابردو.

i ⟶ i

پڕۆسەی هاونیشانەکردن

(٦٢) ا.[ س.س من ] [ ك[ س.ل٢ بە پاس [ پ.دەڕۆم]]]. رستەی سەرتۆپی بۆ رانەبردو.

ب.[س.هـ بە پاس]،(([ س.ل من]))[ك[ س.ل٢ t [پ. دەڕۆم ]]]. رستەی باسمەند بۆ رانەبردو.

i ⟶ i

پڕۆسەی هاونیشانەکردن.

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدانی (٦١ ا و ب) و (٦٢ او ب) با بڕوانینە نمونەی (٦٣ ا و ب) و (٦٤ ا و ب):

(٦٣) ا. تۆ بەچی ڕۆیشتیت ؟

ب. بە چی ڕۆیشتیت (تۆ) ؟ {**بۆ رابردو**}.

(٦٤) ا. تۆ بەچی دەڕۆیت ؟

ب. بەچی دەڕۆیت ( تۆ) ؟ {**بۆ رانەبردو**}.

ئاشکرا دیارە رستەی (٦١ب) و (٦٢ب) وەڵامی شیاوی رستەی پرسیاری (٦٣ب) و (٦٤ب)یە.

**دووەم:** ئەم پێوانەیە جێبەجێناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە هاونیشانە دەکرێت لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیدا.

٢. لە رستەی فرمانیدا، وەك لە نمونەی (٦٥ ا و ب) دا دیارە:

---

145 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاری دووەمی ( بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە.

(٦٥) ا. [ س.س لاوان ] [ ك[ س.ل٢ لە وچان[ پ.سڵنەکەن]]]،[ تەواوکەر چاك[ پ.ە]].

ب.[س.ھ لە وچان ]،([س.ل لاوان]) [ ك[ س.ل١ t [ پ.سڵنەکەن]]] ،[ تەواوکەر چاك [پ. ە]].

i ⟶ i

پرۆسەی هاونیشانەکردن.

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدانی نمونەی (٦٥ أ و ب) با بڕوانینە (٦٦ أ و ب):

(٦٦) ا. لاوان لە چی سڵنەکەن چاکە ؟

ب. لە چی (لاوان) سڵنەکەن چاکە ؟

بە وردبوونەوە لـە نمونـەی (٦٦ أ و ب)، دەبینرێـت نمونـەی (٦٥ أ و ب) وەڵامـی گونجاوی نمونەی (٦٦ أ و ب)یە.

**دووەم:** ئەم پێوانەیە جێبەجێنابێت، بەڵام پرۆسەی هاونیشانەکردن رویداوە.

٣. لە رستەی پرسیاریدا، وەك لە (٦٧ ا و ب) و (٦٨ ا و ب) دا دەردەکەوێت:

(٦٧) ا.[س.س ئارام ] [ ك[س.ل٢ بە چی [پ.ڕۆیشت]]]؟ رستەی سەرتۆپی بۆ رابردو.

ب.[س.ھ بەچی]،([س.ل ئارام])[ ك[ س.ل١ t [ پ. رۆیشت ]]]؟ رستەی باسمەند بۆ رابردو.

i ⟶ i

پرۆسەی هاونیشانەکردن.

(٦٨) ا.[ س.س بارام ] [ ك[ س.ل٢ بەچی [ پ.دەڕوات]]]؟ رستەی سەرتۆپی بۆ رانەبردو.

ب.[س.ھ بەچی]،([س.ل بارام]) [ ك[س.ل٢ t [پ. دەڕوات ]]؟ رستەی باسمەند بۆرانەبردو.

i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدان با لە (٦٩ او ب) و (٧٠ ا و ب) بڕوانین:

(٦٩) ا. ئارام بە پێ رۆیشت.

ب. بە پێ، (ئارام) رۆیشت. { **بۆ رابردو**}

(٧٠) ا. بارام بەپێ دەڕوات.

ب.بە پێ، (بارام) دەڕوات. { **بۆ رانەبردو**}

ئاشکرایە رستەکانی (٦٧ أو ب) وەڵامی رستەی پرسیاری (٦٩ أ و ب)یە و رستەکانی (٦٨ أ و ب)یش وەڵامی گونجاوی رستەکانی (٧٠ أ و ب)یە.

**دووەم:** لە چوار رستەی (٦٧ب) و (٦٨ب) و (٦٩ب) و (٧٠) دا هیچ جۆرە کلیتیکێك لە ناو پێکهاتەی کرداری کۆمێنتەکەیاندا نییە، بەڵام پێکهاتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی) نمونەکان هاونیشانەیە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیاندا.

٤. لە رستەی بکەرنادیاردا، بڕوانە (٧١ ا و ب) و (٧٢ ا و ب):

(٧١) ا.[س.س **دیموکراسی**] [ك[س.ل٢ **بە ئازادی**[پ.**خنکێنرا**]]].رستەی سەرتۆپی بۆ رابردوو.

ب. [س.ه **بەئازادی**]،([س.ل **دیموکراسی**]) [ ك[س.ل١ t [پ. خنکێنرا ]]]. رستەی باسمەند.

i ⟶ i

پڕۆسەی هاونیشانەکردن.

(٧٢) ا.[ س.س **دیموکراسی** ] [ ك[ س.ل٢ **بە ئازادی**[ **پ.دەحنکێنرێت**]]]. رستەی سەرتۆپی بۆ رابردو.

ب.[س.ه **بەئازادی** ]،([س.ل **دیموکراسی**])[ ك[س.ل١ t [پ. دەخنکێنرێت ]]].رستە باسمەند

i ⟶ i

پڕۆسەی هاونیشانەکردن.

**پێوەرەکان:**

**یەکەم**: بۆ پاسەدانی دروستی (٧١ أ و ب) و (٧٢ أ و ب) با بڕوانینە (٧٣ أ و ب) و (٧٤ أ و ب):

(٧٣) ا. دیموکراسی بەچی خنکێنرا ؟

ب. بە چی، (دیموکراسی) t خنکێنرا ؟ { **بۆ رابردو**}.

(٧٤) ا. دیموکراسی بەچی دەخنکێنرێت ؟

ب. بە چی، (دیموکراسی) t دەخنکێنرێت ؟ { **بۆ رانەبردو**}.

ئەگەر لە نمونەکان وردببینەوە، دەبینرێت رستەی (٧١ ا و ب) وەڵامی دروستی نمونەی(٧٣ ا و ب)یە و نمونەی (٧٢ ا و ب)یش وەڵامی شیاوی نمونەی (٧٤ ا و ب)یە.

**دووەم:** پێوانەی دووەم جێبەجێناکرێت، بەڵام ئاسایی پرۆسەی هاونیشانەکردن رویداوە.

پوختەی شیکردنەوەکان لە یاسای (٦) دا ئاشکرا دەبن:

یاسای (٦):

ا + ب + [ پ ] ⟵ ب + (ا) + t + [ پ ]

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = س.ل٢ و س.ه و [ پ ] = پێکهاتەی کردار t = شوێنپێی س.ل٢

( ) = هێمای سەرپشکانە دەربڕینی س.س کە بۆتە س.ل.

## ٢- یاسای باسمەندی ئاوەڵکردار:

جێکەوتەی بنەڕەتی ئەم پێکهاتانە راستەوخۆ دوای سەرتۆپی سەرەکی (بکەری رێزمانی)یە[١٤٦] و پێکهاتەکانیش پاش بوونیان بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە ناو پێکهاتەی کرداری کۆمێنتەکەیاندا ناهێننەکایەوە، بە هۆی هاونیشانەکردنیانەوە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیاندا نیشانەی واتایی [ + تۆپ] یان بۆ دەگوێزرێتەوە. ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی سەرپشکیانە دەربڕینی ئەو سەرتۆپە سەرەکیەی بۆتە سەرتۆپی لاوەکی لە رستەی باسمەندا.

**أ. یاسای ئاوەڵکرداری کات**[١٤٧]: ئەو پێکهاتانەی دەبنە ئاوەڵکردار لە کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا زیاتر دوو چەشنن:-

١/ ئاوەڵکرداری کاتی روت، وەك ( دوێنێ، بەیانی، زوو، درەنگ.....هند)[١٤٨]، وەك لە نمونەی (٧٥ أ و ب) و (٧٦ أ و ب) دا خراوەتەروو:

---

146 محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٢٥-١٢٧) لەگەڵ عەبدولجەبار موستەفا (٢٠٠٥:٦٨)

147 ئەحمەد حەسەن (١٩٩٠: ٥٠-٥١) لە نامەی ماستەرەکەیدا بێ شیکردنەوەیەکی سەرلەبەری پرۆسەکە ئاماژەی بە باسمەندی ئاوەڵکرداری (کات و شوێن) داوە.

148 عەبدولجەبار موستەفا (٢٠٠٥: ٧٠-٧١) لە نامەی ماستەرەکەیدا، پێیوایە هەردوو ئاوەڵکرداری (زوو، درەنگ) ئاوەڵکرداری ر دسەنن و دەڵێ (( ئەگەرچی زۆرجار بۆ مەبەستی جەختکردنیش جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا لەگەڵ کردارەکەدایە وجێگۆڕکێ پێکردنیان واتا وگۆکردنی نوێ=

(٧٥) ا. [ س.س **ئێمە**] [ ك[ س.ل **دوێنیٚ**[ س.ل١ **قبوولێمان**[ پ. **هەبوو**]]]].

ب. [ س.ھ **دوێنیٚ**]i، ( [ س.س **ئێمە**] )[ ك[ س.ل t [ س.ل١ **قبولێمان**[ پ. **هەبوو**]]]].

i ⟶ i

(٧٦) ا. [ س.س **ئێمە**] [ ك[ س.ل **سبەینیٚ**[ پ. **دەچین بۆ سەیران** ]]].

ب. [ س.ھ **سبەینیٚ**]i، ( [ س.س **ئێمە**] )[ ك[ س.ل t [ پ. **دەچین بۆ سەیران**]]].

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** **بۆ پاسەدان با بڕوانینە (٧٧ ا و ب) و (٧٨ ا و ب):**

**(٧٧) ا. ئێوە کەی قبولێتان هەبوو ؟**

**ب. کەی، (ئێوە) t قبولێتان هەبوو ؟** {**بۆ رابردو**} .

**(٧٨) ا. ئێوە کەی دەچن بۆ سەیران ؟**

**ب. کەی، (ئێوە) t دەچن بۆ سەیران ؟** {**بۆ رانەبردو**} .

**وردبوونەوە لە نمونەکان دەریدەخات، کە (٧٥ أ و ب) و (٧٥ أ و ب) وەلامی گونجاوی نمونەکانی (٧٧ أ و ب) و (٧٨ أ و ب)ە.**

---

=ناهێننەکایەوە)).ئەم شیکردنەوەیە پەیوەست بە بەرهەمهێنانی رستەی باسمەندەوە، بەو ر ادەیەی ئەو بۆیدەچێت زانستی نییە. واتە جێگۆڕکیٚ پێکردنیان واتا و گۆکردنی نویٚ دەهێننە کایەوە. بەلاّم هێنان و بردنی ئاوەڵکردار سەرپیشکییە بە بەراورد لەگەڵ ئەو فرێزانەی دەبنەبەرکاری راستەوخۆ، هەر ئەمەش وایکردوە ئەم ئاوەڵکردارانە پەیوەست نەبن بە دۆخی ر ێزمانییە و ر ەنگە باشترین بەڵگەش هەڵسوکەوتیان بێت لە زاری هەورامیدا، چونکە لەم زارەدا دۆخ وەك مۆرفێم دەردەکەوێت:

(١) ا. من نامەکەی منویسوو.

ب. من زوو یاوانیo.

لە (١ب) دا (زوو) مۆرفێمی دۆخی وەرنەگرتوە بە پێچەوانەی (نامەکە) لە (١ ا) دا. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت زاری هەورامیش هێنانە پێشەوەی ئاوەڵکرداری تیا ر وبدات و رستەی باسمەند بهێنێتە بەرهەم.

**دووەم:** ئەگەرچی هیچ جۆرە کلیتیکێك نەهاتۆتە کایەوە لە رستە باسمەندەکاندا، بەڵام پرۆسەی هاونیشانەکردن بۆتە هۆکاری بەخشین و گواستنەوەی نیشانەی واتایی [ + تۆپ] بۆ سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەکان لە رستە باسمەندەکاندا و رستەی رێزمان دروست واتا راست دەردەچن.

٢/ ئاوەڵکردارئاسای کاتی، بڕوانە (٧٩ ا و ب) و (٨٠ ا و ب):

(٧٩) ا. [ س.س کورد] [ ك[ س.ل لە بەهاردا[ پ. راپەڕی]]]].

ب. [ س.هـ لە بەهاردا]،( [ س.س کورد] )[ ك[ س.ل t [ پ. راپەڕی]]]].
i → i

(٨٠) ا. [ س.س شەمشەمەکوێرە] [ ك[ س.ل بە شەو [ ئاوەڵکردار زۆر[ پ. دەبێت]]]].

ب [س.هـ بە شەو]،([ س.س شەمشەمەکوێرە])[ ك[ س.ل t [ ئاوەڵکردار زۆر[ پ. دەبێت]]]].

## پێوەرەکان:

**یەکەم:** بۆ پاسەدان با بڕوانینە (٨١ ا و ب) و (٨٢ ا و ب):

(٨١) ا. کورد کەی راپەڕی ؟

ب. کەی، ( کورد) t راپەڕی ؟ {**بۆ رابردو**}.

(٨٢) ا. شەمشەمەکوێرە لەچ کاتێکدا زۆردەبێت ؟

ب. لەچ کاتێکدا، (شەمشەمەکوێرە) t زۆردەبێت ؟ {**بۆ رانەبردو**}.

بە روونی لە بەراوردکردنی نمونەکان دەردەکەوێت، کە وەڵامی شیاوی رستەکانی نمونەی (٨١ ا و ب) و (٨٢ ا و ب) رستەکانی نمونەی (٧٩ ا و ب) و (٨٠ ا و ب)یە.

**دووەم:** سەرەڕای جێبەجێنەکردنی ئەم پێوانەیە، بە هۆی بوونی سەری رێزمانی لەگەڵ سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاونیشانەکردن رویداوە، کە بۆتە هۆی گواستنەوەی نیشانەی واتایی [ + تۆپ] بۆ سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەکان لە رستە باسمەندەکاندا.

**ب. یاسای ئاوەڵکرداری شوێن:**

ئەو پێکهاتانەی دەبنە ئاوەڵکرداری شوێن زیاتر لە شێوەی فرێزی پێشناویدان[149] و جێکەوتەی بنەڕەتیشیان راستەوخۆ دوای جێکەوتەی ئاوەڵکرداری کاتی دێت.واتە سێیەم جێکەوتەی هەیە لە بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپیدا[150]. لەم پێکهاتانەدا بە هۆی بوونی سەری رێزمانیەوە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە ناو پێکهاتەی کرداری کۆمێنتی رستەی باسمەندەکەدا نایەتەکایەوە. ئەم شیکردنەوەیەش دەبێتە هۆی سەرپشکیانە دەربرینی سەرتۆپی سەرەکی، کە بۆتە سەرتۆپی لاوەکی لە رستەی باسمەندا. وەك لە نمونەی (٨٣ ا و ب) و

(٨٤ أ و ب) دا دەردەکەوێت:

(٨٣) ا. [ س.س حاجییەکان] [ ك[ س.ل لە بەکرەجۆوە[ پ. رۆیشتن]]]].

ب. [ س.م لە بەکرەجۆوە]،( [ س.س حاجییەکان ] )[ ك[ س.ل t [ پ. رۆیشتن]]]].

i ⟶ i

(٨٤) ا. [ س.س ئەو] [ ك[ س.ل بە باخەکەدا[ پ. تێپەڕی]]]].

ب. [ س.م بە باخەکەدا]،( [ س.س ئەو] )[ ك[ س.ل t [ پ. تێپەڕی]]]].

i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدان با لە (85 ا و ب) و (٨٦ ا و ب) وردببینەوە:

(٨٥) ا. حاجییەکان لە کوێوە رۆیشتن ؟

ب. لە کوێوە، (حاجییەکان) t رۆیشتن ؟ { **بۆ رابردو**}.

(٨٦) ا. ئەو بەکوێدا تێپەڕی ؟

ب. بەکوێدا، (ئەو) t تێپەڕی ؟ { **بۆ رانەبردو**}.

---

[149] ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٤٠).

[150] محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٢٦) لەگەڵ عەبدولجەبار موستەفا (٢٠٠٥: ٦٨).

بەراوردی نمونەکان دەریدەخات، کە وەڵامی گونجاوی رستەکانی (٨٥ ا و ب) و (٨٦ أ و ب) رستەکانی (٨٣ أ و ب) و (٨٤ أ و ب)یە.

**دووەم:** لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە کلیتیکێکدا پرۆسەی هاونیشانەکردن ئاسایی رویداوە. پوختەی شیکردنەوەکان لە یاسای (٧) دا بۆ (ئاوەڵکرداری کات و شوێن) دەخرێتە بەرچاو:

**یاسای (٧):**

ا + ب + [ پ] ⟵ ب + ( ا) + t + [ پ]

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = س.ل و س.هـ و [ پ ] = پێکهاتەی کردار

t = شوێنپێی س.ل٢ و ( ) = هێمای سەرپشیکانە دەربڕینی س.س کە بۆتە س.ل.

**پ. یاسای باسمەندی ئاوەڵکرداری چەندێتی و چۆنیەتی:**

ئەو پێکهاتانەی دەبنە ئاوەڵکرداری چەندێتی زیاتر دوبارەبوونەوەی ژمارەکانن و ئەوانەش کە دەبنە ئاوەڵکرداری چۆنیەتی زیاتر ئاوەڵناوەکانن[151]. لە راستیدا ئەم دوو چەشنەی ئاوەڵکردار بە پێچەوانەی دوو چەشنەکەی ترەوەن، چونکە پێکهاتەی ئاوەڵکردارەکە بەهۆی ئەوەی ئاوەڵکردارئاسان و ئاوەڵکرداری رەسەن نین[152]. هەربۆیە سەرجەمی بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی) پێشنیازکراو و دواتریش سەرتۆپی سەرەکی، کە بۆتە سەرتۆپی لاوەکی لە رستەی باسمەندا دەربڕینی سەرپشکیانە دەبێت. بڕوانە (٨٧ ا و ب) و (٨٨ ا و ب):

(٨٧) ا. [ س.س بالندەکان] [ ك[ س.ل پۆل پۆل[ پ. کۆچدەکەن]]]].

ب. [ س.هـ پۆل پۆل کۆچدەکەن]، [ س.ل بالندەکان] [ ك[ t ]]. {**چەندێتی**}.

(i ⟶ i)

(٨٨) ا. [ س.س پیشمەرگەکان] [ ك[ س.ل ئازایانە[ پ. هاتنەدەست]]]].

---

151 ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٣٠).

152 عەبدولجەبار موستەفا (٢٠٠٥: ٦٣) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.

ب. [ س.هـ ئازایانه هاتنه دەست]،[ س.ل پێشمەرگەکان] [ ك[ t ]][153]. {**چۆنیەتی**}.
i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** با لەم نمونانەی خوارەوە بڕوانین:

(٨٩) ا. باڵندەکان چۆن کۆچدەکەن؟

ب. چۆن کۆچدەکەن، باڵندەکان t ؟ {**چەندێتی**}.

(٩٠) ا. پێشمەرگەکان چۆن هاتنە دەست ؟

ب. چۆن هاتنە دەست، پێشمەرگەکان t ؟ {**چۆنیەتی**}.

بە وردبوونەوە لە بەراوردی نمونەکان دەردەکەوێت، کە نمونەی (٨٧ ا و ب) و(٨٨ ا و ب) وەڵامی گونجاون بۆ نمونەکانی (٨٩ ا و ب) و (٩٠ ا و ب).

**دووەم:** لە بەرئەوەی سەرجەمی بەشی کۆمێنت گوێزراوەتەوە، بۆیە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە پێکهاتەی کۆمێنتەکەیاندا نییە، بەڵام ئاسایی پرۆسەی هاونیشانەکردن رویداوە.

پوختەی شیکردنەوەکان لە یاسای (٨) دا خراوەتەڕو:

**یاسای (٨):**

ا + [ ب + پ] ⟵ [ ب + پ] + ا

کاتێك کە : ا = س.س [ ب + پ] = پێکهاتەی کۆمێنت

ب = ئاوەڵکرداری چەندێتی و چۆنیەتی (س.ل٢) پ = کردار (پرۆسە).

## ٣- یاسای باسمەندی پێشناوە فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەکان:

هەر سێ پێشناوی ( پێ، تێ،لێ)، کە لە فەرهەنگدا بە سەربەخۆیی نین و بەشێکن لە پێکهاتەی کردارەکان. دوای ئەوەی کردارەکان دێنە ناو سینتاکسەوە، ئەم پێشناوانە لە فۆرمی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەوە دەگۆڕێن بۆ فۆرمی پێشناوی

---

[153] ئاخێوەری کورد زۆر بە دەگمەن رستەی باسمەندی لەم چەشنانە دەردەبڕێت:

(٢) ؟؟ [ س.هـ ٢ پۆل پۆل]،[س.هـ١ کۆچدەکەن]، [ س.ل باڵندەکان] [ك[ س.ل t [ پ. t ]]].

(٣) ؟؟[ س.هـ٢ ئازایانە]، [ س.هـ١ هاتنەدەست]،[ س.ل پێشمەرگەکان] [ك[ س.ل t [پ. t ]]].

سینتاکسی تا بتوانێت دۆخی ڕێزمانی بدات بە تەواوکەری کردارەکە[154]. پاش ئەوەی ئەم تەواوکەرانە پێشناوەکەیان دەچێتە پێش دەبنە فرێزی پێشناوی، ئەم فرێزە پێشناوییانەش لەم چەشنە کردارانەی زمانی کوردیدا، دەتوانن لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیانەوە بگوێزرێنەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی پێشنیازکراو و رستەی باسمەند بهێننەکایەوە. بێئەوەی هیچ کلیتیکێك لە پێکهاتەی کردارەکەیاندا بێتەکایەوە، چونکە خۆیان سەری ڕێزمانیان لەگەڵدایە، کە سەرچاوەی بەخشینی دۆخی ڕێزمانییە پێیان. ئەمەش هۆکاری سەرپشکیانە دەربڕینی ئەو (سەرتۆپە سەرەکی)یەی بۆتە (سەرتۆپی لاوەکی)، بەلام لە هەمانکاتدا لەگەڵ جێکەوتە بنەڕەتیەکەیاندا هاونیشانە دەکرێن. لە راستیدا هێنانی ئەم کردارانە لە فەرهەنگەوە بۆ ئاستی قولّ تا دەگاتە هێنانەکایەی رستەی باسمەند چەند هەنگاوێکی پێویستە، کە لە نمونەی (٩١) و (٩٢) و (٩٣) دا ئەزمونبەند دەکرێت:

(٩١) ا. ئەو سیروان لێدان (ئاستی قولّ).

پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی ومۆرفۆسینتاکس بە پێشناوی سینتاکسی.

ب. ئەو لە سیروان دای (ئاستی روکەشی یەك)

یاسای گواستنەوەی ئەفێکس[155]

پ. [س.س ئەو] [ك [ س.ل لەسیروانی[ پ. دا ]]]. ( رستەی سەرتۆپی )

ت. [ س.ھ لەسیروانیدا]، ([ س.ل ئەو] [ ك[ t ]]. ( رستەی باسمەند )

i ⟶ i

---

[154] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆسەی گۆڕانی ئەم چەشنە پێشناوە فەرهەنگی ومۆرفۆسینتاکسییانە بڕوانە: محەمەدیی مەحوی (٢٠٠١: ٥٦-٥٨).

[155] بڕوانە پاری دووەمی ( بەشی یەکەم)، لاپەڕە (١٧-١٩).

(٩٢)   ا. تۆ ئەو  پێگوتن                                   ( ئاستی قوڵ ).

پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی ومۆرفۆسینتاکسی بە پێشناوی سینتاکسی.

ب.  تۆ بە ئەو گوتت                                   (ئاستی رووکەشی یەك).

یاسای گواستنەوەی ئەفێکس

پ. [س.س تۆ] [ك[ س.لبە ئەوت[ پ. گوت ]]]:[ من بە یەکەم دەرچوم] (رستەی سەرتۆپی)

ت.[س.م بە ئەوت گوت]i،([ س.لتۆ] [ ])ك[ t ]i]:[من بە یەکەم دەرچوم].رستەی باسمەند

(٩٣) ا.کەروێشك تەڵە تێکەوتن  (ئاستی قوڵ)

پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسی بە پێشناوی سینتاکسی.

ب.  [کەروێشکەکە] [ك[ پ. کەوتە[ ت. تەڵەکەوە]]].     (رستەی سەرتۆپی).

پ.  [ س.م کەوتە تەڵەکەوە]i،( [ س.لکەروێشکەکە] )[ ك[ t ]i].  ( رستەی باسمەند)

ئەگەر لە سێ نمونەی (٩١) و (٩٢) و (٩٣) وردببینەوە، دەبینرێت پێش هاتنەکایەی  رستەی باسمەند دوو پرۆسەی سەرەکی رویداوە، کە (پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسی بە پێشناوی سینتاکسی و یاسای گواستنەوەی ئەفێکس)ن. پاشان لە هەر سێ رستەکەدا، سەرجەمی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی گوێزراوەتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی پێشنیازکراو و رستەی باسمەند هاتۆتەکایەوە.

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدان با بڕوانینە (٩٤) و (٩٥) و (٩٦):

(٩٤) ا. ئەو لە کێی دا ؟

ب. لە کێیدا، (ئەو) ؟

(٩٥) ا. تۆ بە کێت گوت: من بە یەکەم دەرچوم؟

ب. بە کێت گوت (تۆ): من بە یەکەم دەرچوم؟

(٩٦) ا. کەروێشکەکە کەوتە چیەوە؟

ب. کەوتە چیەوە، (کەروێشکەکە)؟

وردبوونەوە لە نمونەکان دەریدەخات، کە نمونەکانی (٩١ و ٩٢ و ٩٣) وەڵامی گونجاوی نمونەکانی (٩٤ و ٩٥ و ٩٦)ە.

**دووەم:** لە بەرئەوەی سەرجەمی کۆمێنت بۆتە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، بۆیە هیچ کلیتیکێك نەهاتۆتەکایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی هاونیشانەکردن لە نێوان سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەکان و جێکەوتەی بنەڕەتیاندا رویداوە.

پوختەی شیکردنەوەکانیش لە یاسای (٩) دا دەخرێتە بەرچاو:

یاسای (٩):

ا + [ ب + پ] ⟵ [ ب + پ] + ا

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = س.ل (ف.پ) و پ = کرداری (پرۆسەی) کۆمێنت و

[ ب + پ] = پێکهاتەی کۆمێنت.

## ٤- یاسای باسمەندی رستەی ناراستەوخۆ[١٥٦]

ئاخێوەران لە ئاخاوتنیاندا یان ئەوەتا بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەئاخاوێن یان ئەوەتا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ[١٥٧]. لە شێوازی رستەی ناراستەوخۆی زمانی کوردیدا زیاتر ئەو کردارانە بەکاردێن، کە پێویستیان بە یەك تەواوکەری دەرەکی(بکەری رێزمانی) و یەك/دوو تەواوکەری ناوەکی(بەرکار) هەیە. تەواوکەرە ناوەکیەکەشیان لە شێوەی رستەیەکی سەربەخۆی داخراودایە. بۆیە لەم چەشنە رستانەی زمانی کوردیدا زۆرجار و بە شێوەیەکی سەرپشکیانە ئاخێوەر دەتوانێ یان سەرجەمی رستە

---

[156] شیکردنەوەکانی ئەم جۆرە رستە باسمەندەی زمانی کوردی وەك نمونەیەکی رستەی ناسادەی زمانی کوردی وەرگیراوە تا بە تەواوی لە ئایندەدا باسمەندیی رستەی ناسادە شیدەکرێتەوە.

[157] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم چەشنەی رستە بڕوانە:

أ. بەکر عومەر و هۆگر مەحمود (٢٠٠٢: ٣١).

ب. R.L.Trask(1993:83; 140-141)
Murcia and Freeman(1999:690-704)
.Crystal (2003:142)

ناراستەوخۆکە بکاتە رستەیەکی باسمەند یان تەنیا تەواوکەرە ناوەکیەکەی رستە ناراستەوخۆکە (کە لە شێوەی رستەیەکی سەربەخۆدایە) بکاتە رستەیەکی باسمەند:

ا. یاسای باسمەندی رستەی تەواوکەری رستە ناراستەوخۆ. بڕوانە (٩٧):

(٩٧) ا. [س.س **هەوار**] [ك[پ.**گوتی**:[ س.ل١[ س.س **نەسرین**] [ ك[س.ل١ مەڕەکان] [**پ**. دەدۆشێت] ]]].

ب. [س.س **هەوار**] [ك[ پ.**گوتی**:[س.ل١[ س.هـ**مەڕەکان**]،[ س.ل **نەسرین**] [ك[ س.ل١ t [ پ.دەیاندۆشێت]]].[158]

i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ سەلماندنی دروستی شیکردنەوەکان با بڕوانینە (٩٨):

(٩٨) ا. هەوار گوتی: نەسرین چی دەکات ؟

ب. هەوار گوتی: چی دەکات، ( نەسرین) ؟

بەراوردکردنی نمونەکان دەریدەخات رستەی (٩٧ ا و ب) وەڵامی گونجاوە بۆ رستەکانی(٩٨ ا و ب).

**دووەم:** هێنانە پێشەوەی (مەڕەکان) بۆتە هۆی هێنانە کایەی کلیتیکی (یان) لە ناو پرۆسەی رستەی تەواوکەرە ناوەکیەکەی رستە سەرەکییەکە و لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتی و (س.هـ) دا هاونیشانە دەبێت.

پوختەی شیکردنەوەکەش لە یاسای (١٠) دا دەخرێتەڕو:

ا + پ: [ ب ( A + B + C ) ] ⟵ ا + پ: [ ب (B) + (A) + C + D ]

کاتێك کە : ا = س.س و پ = کرداری کۆمێنت و ب = س.ل

A = س.س و B = س.ل و C = کرداری کۆمێنت و D = کلیتیکی باسمەندی (یان)

---

[158] بەڵام دەرهێنانی (مەڕەکان) و هەڵواسینی بە رستە سەرەکییەکەوە لە زمانی کوردیدا رێگەی پێنادرێت، چونکە پێکهاتەی رستەی تەواوکەر ناتوانرێت بە سەر رستەی سەرەکی رستە نادادەدا بپەڕێتەوە. بڕوانە (٤) و (٥):

(٤) *[ س.هـ مەڕەکان]،[ هەوار گوتی: نەسرین **t** دەیاندۆشێت]. (٥)* چی، [ هەوار گوتی: نەسرین **t** دەکات]؟

ب. یاسای باسمەندی سەرجەمی رستەی ناراستەوخۆ، وەك لە نمونەی (٩٩ ا و ب و پ و ت و ج) دا دەخرێتەروو:

(٩٩) ا. [ت. دەركی سیروان] [ ت. ناوەكی١ ئارام] [ پ. پێگوتی]: ت. ناوەكی ٢ ئازاد نەوزادی گرت ].

پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاكسی بە پێشناوی سینتاكسی.

ب. [ ت. دەركی سیروان] [ ت. ناوەكی١ بە ئارام] [پ. گوتی]: [ ت. ناوەكی٢ ئازاد نەوزادی گرت ].

یاسای گواستنەوەی ئەفێكس.

پ.[ ت. دەركی سیروان] [ ت. ناوەكی١ بە ئارامـی] [پ. گوت]: [ت. ناوەكی٢ ئازاد نەوزادی گرت ].

ت. [س.س سیروان] [ك[س.ل١ بە ئارامی] [ پ. گوت] :[س.ل٢ [ س.س ئازاد[ ك[ س.ل١ نەوزاد[ پ. گرت]]] ]]]].

رستەی سەرتۆپی

ج.[س.هـ بە ئارامی گوت]، ( [ س.س سیروان] )[ ك t ]:[س.ل٢[ س.هـ نەوزاد]،[س.ل ئازاد] [ك[ س.ل١ t ] پ.[رەگ گرت]

i → i j → j


[ كلیتیكی باسمەندی ی] ]]] ]]]]. رستەی باسمەند.

j

ئەگەر لە (٩٩) وردببینەوە، دەبینرێت لە رستەی (ا و ب و پ) دا دوو پرۆسە رویداوە ( پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهـەنگی ومۆرفۆسینتاكسی بـە پێـشناوی سینتاكسی و یاسـای گواسـتنەوەی ئـەفێكس). پاشـان لـە دوو رسـتەی (ت و ج) دا دوو پرۆسـەی باسمەند رویداوە: یەكەمیان بریتییە لە گواستنەوەی سەرجەمی كۆمێنتی (بـە ئـارامی گـوت) بـۆ جێكەوتـەی سـەرتۆپی هێنراوەپێشەوە. ئەمـەش بۆتـە هـۆی سەرپـشكیانە دەربڕینـی (سـەرتۆپی سـەرەكی)، كـە بۆتـە (سـەرتۆپی لاوەكـی) واتـە (سـیروان). دوەمیـشیان بریتییـە لـە هێنانەپێـشەوەی سـەرتۆپی لاوەكـی (نـەوزاد)، كـە لـە نـاو سەرتۆپی لاوەكی سەرجەمی رستە ناراستەوخۆكەدایە. ئەم باسمەندەی دوەمیان بۆتـە هۆی هێنانەكایەی كلیتیكـی باسمەنـدی لـە نـاو پێكهاتـەی كـرداری سـەرتۆپی لاوەكـی سەرجەمی رستە ناراستەوخۆكەدا، كە (ی)ە.

لە روانگەی ئەم شیكردنەوەیەشەوە ئەو داری زمانییەی بـۆ خـستنەرووی رسـتەی باسمەندی زمانی كوردی پێشنیازمانكرد لە داری زمـانی (٢) بـۆ ئـەم چەشـنە رسـتەیە دەگۆڕێت، كە لە داری زمانی (١٠) دا دەیخەینەروو:

**داری زمانی (١٠):**




**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** بۆ پاسەدانی شیکردنەوەکە با بڕوانینە (١٠٠):

(١٠٠) ا. سیروان بە کێی گوت: ( ئازاد کێی گرت)؟

ب. بەکێی گوت، (سیروان): ( کێ، ئازاد t گرتی)؟

بەراوردکردنی دوو نمونەی (٩٩) و (١٠٠) دەریدەخات، کە وەڵامی گونجاوی (١٠٠ا و ب) دوو رستەی (٩٩ ت و ج)یە.

**دووەم:** تەنیا لە ناو رستە تەواوکەرەکەی رستە ناراستەوخۆکەدا، هێنانەپێشەوەی پێکهاتەی (نەوزاد) بۆ جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، دەبێتە هۆی هێنانەکایەی کلیتیکی باسمەندی لە ناو پێکهاتەی کرداری رستە تەواوکەرەکەدا. بەلاَم لە بەرئەوەی سەرجەمی کۆمێنتەکە لە ناو رستە ناراستەوخۆکەدا گوێزراوەتەوە بۆ جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە. بۆیە هیچ جۆرە کلیتیکێك نایەتەکایەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هاونیشانە دەکرێت لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیدا. هەر ئەمەش وایکردوە دەربڕینی تەواوکەری دەرەکی (سەرتۆپی سەرەکی، کە بۆتە سەرتۆپی لاوەکی) سەرپشکیانە بێت.

پوختەی شیکردنەوەکانیش لە یاسای (١١) دا ئاشکرا دەکرێت:

یاسای (١١):

ا + [ب + پ] : [ ( C + B + A) ] ← [ب + پ] +(ا): [(B + A +( C +d)]

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = س.ل١ و پ = کرداری کۆمێنت و

C + B + A = (س.ل٢)ی رستە ناراستەوخۆکە، کە تیایدا:

A = س.س و B = س.ل١ و C = کرداری کۆمێنت و d = کلیتیکی باسمەند

### ٤- یاسای باسمەندی نەکردن:

لە یاسای ( ل٣٥) دا ئەوە سەلمێنرا، کە نەکردن لە زمانی کوردیدا وابەستەی مەودای کردارە. بەلاَم لە هەمانکاتیشدا هەندێك دەربڕاو هەن لە شێوەی فرێزی ناویدایە و واتای نەکردن بە سەرتاپای رستەکە دەبەخشن. ئەم پێکهاتانەش سەرپشکیانە لە لایەن قسەکەرەوە دەشێت لە جێکەوتەی بنەڕەتیانەوە، کە کۆمێنتی رستەی سەرتۆپییە بگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی پێشنیازکراو، بەمەش رستەی باسمەند دیتەکایەوە. لە بەرئەوەی ئەم پێکهاتانە زیاتر وەك ئاوەڵکردار دەردەکەون[١٥٩]، بۆیە لە کاتی کردنیاندا بە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە هیچ جۆرە کلیتیکێك لە ناو پێکهاتەی کرداری کۆمێنتەکەیاندا نایەتەکایەوە. هەر ئەمەشە

[159] عەبدولجەبار موستەفا (٢٠٠٥: ٧٢).

وایکردوه سەرتۆپی سەرەکی، کە بۆتە سەرتۆپی لاوەکی لە رستەی باسمەندا دەربڕینی سەرپشکیانە دەبێت، وەك لە نمونەی (١٠١ ا و ب) دا ئەزمونبەند دەكرێت:

(١٠١) ا. [ س.س **تۆ**] [ ك[ س.ل١ **هەرگیز**[ پ. **نابێت**[ س.ل٢ **به پیاو**]]]].

ب. [ س.ه **هەرگیز**]، ([ س.ل **تۆ**] )[ ك[ س.ل١ t [ پ. **نابیت**[ س.ل٢ **بەپیاو**]]]].

i ⟶ i

**پێوەرەکان:**

**یەکەم:** له رستەی (١٠١ ا) دا (هەرگیز) وەك پێکهاتەیەك بۆ جەخت لەسەر ناپیاوی پێکهاتەی (تۆ) هاتووه. بەڵام کاتێك لە رستەی (١٠١ ب) دا پێکهاتەی (هەرگیز) دەگوێزرێتەوه بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی پێشنیازکراو، جەخت لە پێکهاتەی (تۆ) دەبێتە دوو ئەوەندە و سەرجەمی رستەکە واتای نەگەتیڤ وەردەگرێت، وەك لە نمونەی (١٠٢ ا و ب) دا دەخرێتەروو:

(١٠٢) ا. کێ هەرگیز نابێت به پیاو؟

ب. هەرگیز، کێ t نابێت بەپیاو؟

**دووەم:** لەگەڵ نەبوونی کلیتیك لە پێکهاتەی کردارەکەیانەدا، بەڵام پرۆسەی هاونیشانەکردن هەر رودەدات.

پوختەی ئەم شیکردنەوەیەش له یاسای (١٢) دا دەخرێتەروو:

یاسای (١٢):

ا + ب + پ + ت ⟵ ب + (ا) + پ + ت

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = پێکهاتەی نەکردن و پ = کرداری کۆمێنت و ت = س.ل

## لە رستەی سەرجێناوییەوە بۆ رستەی باسمەند:

گریمانەی ئەم وەچە پارە بریتییە لەوەی، کە ( زۆربەی رستە سەرجێناوییەکانی زمانی کوردی رستەی باسمەندن)؟ بۆ شیکردنەوە و سەلماندنی ئەم گریمانەیە دەبێت سەرەتا لە دروستەی رستەی سەرجێناوییەوە دەست پێبکرێت، هەروەك لە (ل٣٣) دا سەلمێنرا دروستەی رستەی سەرجێناوی، بریتییە لە سەرێك لەگەڵ یەك/دوو رستەی

تەواوکەر و هەریەکە لەو رستە تەواوکەرانەش رستەی تەواوی سەربەخۆن. لە رستەی سەرجێناویدا، سەری رستەی سەرجێناوییەکە هاونیشانەیە لەگەڵ (بکەری دەرنەبراوی) دوو رستە تەواوکەرەکە، کە لە شێوەی (pro)یەکی بچوکدایە[١٦٠]، وەك لە نمونەی (١٠٣) دا خراوەتەروو:

(١٠٣)[سەری رستەی سەرجێناوی ئەو کوڕەی]، [رستەی تەواوکەری یەك کە(pro) کوژرا]، [رستەی تەواوکەری دوو (pro) بێ تاوان بوو].
i i i

ئێستا بە گەڕانەوە بۆ دروستەی رستەی (سەرتۆپ) و (باسمەندی) پێشنیازکراوی ئەم بەشە دەتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت، کە:—

◊ **دروستەی رستەی سەرجێناوی و دروستەی رستەی باسمەند پەیکاڵن، چونکە:—**

١. فرێزی ناوی (سەرجێناوی رستە سەرجێناوییەکە) وەك (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی رستەی باسمەند لە سەرەتای رستەدا هاتووە. لە هەمانکاتیشدا هاونیشانەیە لەگەڵ هەردووو بکەری دەرنەبراوی رستە تەواوکەرەکانیدا(کە لە شێوەی "pro"یەکی بچوکدان)، ئەم هاونیشانەکردنەش تا رادەیەك هاوشێوەی هەمان پڕۆسەی هاونیشانەکردنی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)ی رستەی باسمەندە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتی یان کلیتیکی باسمەند(یان لەگەڵ هەردووکیاندا).

٢. هەروەك چۆن سەرجەم پاشماوە رستەی (رستە تەواوکەرەکەی) رستەی باسمەند بۆ رونکردنەوە و دەرخستنی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)یە. بە هەمانشێوەش هەردوو رستە تەواوکەرەکەی رستە سەرجێناوییەکە لە خزمەت زیاتر دەرخستنی سەرجێناوی رستە سەرجێناوییەکەدان.

٣. سەرەڕای ئەمانەش ئەو هێزەی لە سەر (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە)یە و بە (هێزی سەرتۆپ) لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناوبرا. هەمان هێزیش لە خوێندنەوەی سەرجێناوی رستەی سەرجێناویدا هەیە. هەربۆیە لە نووسیندا هەروەك چۆن (سەرتۆپە هێنراوەپێشەوەکە) لە باقی رستە باسمەندەکە بە فاریزەیەك لە نووسیندا جیادەکرێتەوە ئەمیش دیسانەوە لە نووسیندا بە فاریزەیەك لە رستە تەواوکەرەکانی

---

[160] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شیکاری دروستەی ئەم رستەیە، بڕوانە:
پاری سێیەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە

جیادەکرێتەوە. لە روانگەی ئەم لێکدانەوەوە، دەتوانرێت دروستەی رستەی (١٠٣) لە نمونەی (١٠٤) دا بخرێتە بەرچاو:

(١٠٤)[ س.ه ئەو کوڕەی]،[ کۆمێنتی یەك کە(pro) کوژرا]، [ کۆمێنتی دوو (pro) بێ تاوان بوو].
i i i

◊ دروستەی رستە تەواوکەرەکانی رستەی سەرجێناوی خاوەنی دروستەیەکی تەواو نزیك و هاوشێوەی رستەی سەرتۆپیین، چونکە هەروەك لە (ل٤٥) دا سەلمێنرا دروستەی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردی، بریتییە لە دوو بەش (سەرتۆپ و کۆمێنت)، کە بەرانبەر دەبن بە (بکەری رێزمانی و بەشی کردار). خۆ ئەگەر بڕوانرێتە دروستەی رستە تەواوکەرەکانی رستەی سەرجێناوی، دەبینرێت هەریەکەیان بریتییە لە بکەرێکی دەرنەبراو (pro) لەگەڵ (بەشێکی کرداردا). لێرەشەوە دەتوانرێت بکەرە دەرنەبراوەکە(pro) بە (سەرتۆپ) دابنرێت و بەشی کردارەکەشی بە (کۆمێنت). بە پێی ئەم شیکردنەوەیەش دەتوانرێت دروستەی رستەی (١٠٤) لە نمونەی (١٠٥) دا بخرێتەروو:

(١٠٥)[س.ه ئەو کوڕەی]، [ ك١ [ comp کە] [ س.س pro ] [ کۆمێنت کوژرا] ]،[ ك٢[س.س pro ] [ کۆمێنت بێ تاوان بوو] ].
i ⟶ i ⟶ i
پرۆسەی هاونیشانەکردن.

پاسەدانی گریمانەی ئەم وەچە پارەش، دەتوانرێت بە رێسای (گێڕانەوە و کورتکردنەوە) ی یاسای (قرتاندن لە رستەی سەرجێناویدا)، کە لە (ل٤٠)دا دەرخرا[١٦١] تاقیبکرێتەوە، لە بەر ئەوەی هەروەك چۆن رستەی سەرجێناوی ئەم رێسایەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئاوەهاش بەسەر رستەی باسمەندا جێبەجێدەکرێت یاخود پرنسیپەکەی تێدا دەبینرێتەوە. واتە رستەی باسمەند دەتوانرێت کورتبکرێتەوە یاخود بگێڕدرێتەوە بۆ رستەی (سەرتۆپی)، هەر ئەم توانایەشە وای لە رستەی باسمەند کردوە شیاو بێت بۆ تێگەیشتن، چونکە ئەگەر گوێگر لە رستەی باسمەندی قسەکەر نەگەیشت یان ئاڵۆز بوو بە لایەوە، ئەوا یەکسەر لە ئاوەزیدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ رستەی

---

[161] بڕوانە پاری دووەمی ( بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە.

(سەرتۆپی) کورتکراوە. دەتوانرێت پاسەدانەکە لە نمونەی (١٠٦ ا و ب) و (١٠٧ ا و ب) دا ئەزمونبەند بکرێت:

(١٠٦)

ا. [ س.هـ ئەو کەسەی]، [ ك١ [ comp کـە ] [ س.س pro ] [ کۆمێنت چاوچنۆك بێت ] ]، [ ك٢[س.س pro ] [ کۆمێنت برسییە ] ].

i → i → i

ب. [ س.س کەسی چاوچنۆك] [ کۆمێنت برسییە]

(١٠٧) ا. [س.هـ شەن]، [س.ل شێنێ] [ك[س.ل١ t [پ.[کات دە] [کلیتیکی باسمەندی ی] [رەگ ك] [کەس ات] ]].

i → i → i

ب. [ س.س شێنێ] [ ك[ س.ل١ شەن [ پ. دەکات]]].

کەواتــە ئێــستا لــە ئاکــامی شــیکردنەوەکە دەتوانرێــت ئــەوە دەربخرێــت، کــە بــەراوردکردنی هــەردووو رســتەی (١٠٦ ا) و (١٠٧ ا) پــەیکاڵن و دروســتەی هــەردووو رسـتەی (١٠٦ب) و (١٠٧ب)یـش دیـسانەوە پـەیکاڵن. ئەمـەش دەریـدەخات رسـتەی سەرجێناوی و رستەی باسمەندی زمانی کوردی دروستەیەکی تـا رادەیـەك وەکیـەکیان هەیە، بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر لـە لێکۆڵینەوەکـەدا سـەلمێنرابێت، کە رستەی سـەرجێناوی لـە ئاسـتی قوڵدا بەرهەمـدێت و لێرەشـدا بیـسەلمێنرێت، کـە دروستەکەی پەیکاڵە لەگەڵ دروستەی رستەی باسمەند، ئەی بـۆ رسـتەی باسمەنـدیش وەك ئەم هەر لە ئاستی قوڵدا بەرهەمنەهاتبێت؟

بە گەڕانەوە بۆ شیکردنەوەکانی ئەم وەچـە پـارە بۆماندەردەکـەوێت، کـە بـوونی رێسای (گێڕانەوە و کورتکردنەوە) لە رستەی سەرجێناویدا خۆی لـە خۆیـدا پێـشنیازی بوونی دوو قۆناغ دەکات لە بەرهەمهێنانیـدا، کـە دیـسانەوە ئـەم دوو قۆناغـە دەکرێـت بەراورد بکرێن بە دوو قۆناغی پێشنیازکراو لە لایەن مامۆستا (محەمەدی مـەحویی)ەوە سـەبارەت بـە رسـتەی باسمەنـد، کـە لـە (ل٧٢) دا شـیکرایەوە. ئەمـەش لـە بنەڕەتـدا دەبێتە هۆی زیاتر ئەزمونبەندکردنی گریمانەی گشتی ئەم بەشە نەك بە پێچەوانەوە.

### ✚ لە رستەی بکەرنادیارەوە بۆ رستەی باسمەند:

گریمانەی ئەم وەچە پارەش بریتییە لەوەی، کە رستەی بکەرنادیار هەمان دروستەی رستەی باسمەندی نییە، بەڵام دەتوانرێت وەك رستەیەکی سەرتۆپ بکرێتە بنەما بۆ هێنانەکایەی رستەی باسمەند؟

بۆ دەستکردن بە شیکردنەوە و تاقیکردنەوەی و سەلماندنی گریمانەکە، سەرەتا دەبێت لە دروستەی بکەرنادیارەوە دەربچین، کە بریتییە لە کردارێکی یەك هێزی/دوو هێزی لە بوونیا بە بکەرنادیار هێزێکی لێبۆتەوە و خاوەنی یەك بکەری رێزمانییە.

ئەگەر لە رووی فۆرمەوە بروانرێتە دروستەکەی دەشێت بوترێت لە رستەی باسمەند دەچێت، چونکە یەك بکەری رێزمانی هەیە و لە سەرەتای رستەدایە و لە کاتی خوێندنەوەشیدا تا رادەیەك جۆرەهێزێکی (جەختێکی) لە سەرە، کە (هێزی سینتاکسی)یە[162]. بەڵام نابێت ئەم لێکچونە وابکات هەردووو دروستەکە بە هاوشێوە دابنرێن، چونکە:–

١. لە (ل٢٦) دا سەلمێنرا، کە رستەی بکەرنادیار و رستەی ئاستی قوڵی زمانی کوردی یەکدەگرنەوە و پەیکاڵن[163]، لەم بەشەشدا بە تاقیکردنەوە سەلمێنرا، کە رستەی باسمەندلە رستەی سەرتۆپییەوە (وەك بنەڕەتێك) بەرهەمدێت.

٢. لە بەرئەوەی هێزی سەر بکەری رێزمانی دروستەی بکەرنادیار (هێزی سینتاکسی بکەرە) نەك (هێزی سەرتۆپ)، بۆیە لە دەربڕیندا وەك (س.هـ) قورس دەرنابڕدرێت، هەروەها لە کاتی نووسیندا وەك سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە هەرگیز بە فاریزەیەك لە باقی رستەکەی جیاناکرێتەوە. ئەمەش ئاسایی ئەوە دەسەلمێنێت، کە

---

[162] هێزی سینتاکسی، محەمەدی مەحوی پێیوایە، کە جگە لەو قورسکردنەی لە سەر(سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) یە و بە (هێزی سەرتۆپ) ناومانبرد، هێزێکی تریشمان هەیە لە هەموو رستەیەکی ئاسایدا، کە (هێزی سینتاکسیە) کە بە پلەی یەکەم لە سەر (بەرکار)ی رستەکە دەردەکەوێت ناویدەنێت (هێزی سینتاکسی بەرکار) و بە پلەی دوەمیش لە سەر (بکەری ر ێزمانی) دەردەکەوێت و ناویدەنێت ( هێزی سینتاکسی بکەر). بەڵام ( هێزی سینتاکسی بەرکار) لە پلەدا قورسترە وەك لە ( هێزی سینتاکسی بکەر)، چونکە لە هەموو رستەیەکدا کە ئاسایی بکەر و بەرکاری تێدایە ( بەرکار) زیاتر جەختی لە سەر دەکرێتەوە و جێگەی سەرنجی قسەکەر و گوێگریشە محەمەدی مەحوی، وانەیەکی تایبەت، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦/١/٣١.

[163] بڕوانە پاری سێیەمی (بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە.

نە بکەری ڕێزمانی لە جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) ی پێشنیازکراودایە و نـە ئـەو هێـزەش کـە لـە سـەریەتی ( هێـزی سـەرتۆپە). ئەمـەش دورماندەخاتـەوە لـە لێکچواندنی هـەردووو دروسـتەی رسـتەی بکـەرنادیار و رسـتەی باسمەنـد. لـە راسـتیدا زەقبوونەوەی ئەم (هێزە سینتاکسیە بکەرییە) زیاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـرداری بکەرنادیار هێزێکی لە دەستداوە. بۆیە ئەو (هێزە سینتاکسیە) زەقەی لە سەر بەرکارە دەگوێزرێتەوە و دەچێتە سەر

( هێزە سینتاکسیە بکەرییەکەی) ( بکەری ڕێزمانی). بەڵام هێشتا ئـەم هێـزە بـە قـەدەر زەقـی و دەرکـەوتویی ( هێـزی سـەرتۆپ)ی ( سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوە)ی رستەی باسمەند نییە. بڕوانە دروستەی (٢):

[ بکەری ڕێزمانی] [ بەرکاری نەماوە] [ کرداری بکەرنادیار][١٦٤].

بە هۆی نەمانی بەرکارەوە، هێزی سینتاکسی بەرکار دەگوێزرێتەوە بۆ سەر بکەر.

٣. ئەگەر هەر پێکهاتەیەك لە شێوەی فرێزی پێشناویدا بێـت، دەتوانرێـت بخرێتـە نـاو دروسـتەی رسـتە بکەرنادیارییەکـەوە و بـۆی ببێتـە بـەرکارێکی ناراسـتەوخۆ (واتەسەرتۆپی لاوەکی دوو). لە بەرئەوەش، کە ئەم پێکهاتانە سـەری ڕێزمـانی خۆیـان لەگەڵدایـە بۆیـە ئاسـایی بـەر یاسـای (ل١٠٤) دا دەکـەوێت و دەبێتـە (سـەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) بۆ رستەی باسمەند. خودی ئەم پڕۆسەیەش سەلمێنەری ناسـەرتۆپی بکەری ڕێزمانی دروستەی بکەرنادیاری زمانی کوردییە.

لـە سـێ نمونـەی (١٠٨) و (١٠٩) و (١١٠) دا هەرسـێ خـاڵی تاقیکردنەوەکـە ئەزمونبەند دەکرێت:

(١٠٨) [ س.س نانەکە ] [ کۆمێنت[ پ. خورا]].        رستەی سەرتۆپی

[164] زمانی کوردی لەم ڕ ێگەیـەوە و هـەر لـە سـەر ئاسـتی فۆنۆلـۆژی، دەیـسەلمێنت، کـە (بکـەری) رسـتەی بکەرنادیار (بکەری ڕ ێزمانییە) نەك (بکـەری لـۆجیکی). ئەمـەش ڕێبـازێکی تـری تاقیکردنـەوەی رسـتەی بکەرنادیارە و ئەنجامی شیکردنەوەی رستەی باسمەندە.

(١٠٩)[س.هـ نانەکە]،[س.ل من] [ك[س.ل١ t [پ.[کات دە] [کلیتیکی باسمەندی ی] [ رەگ خۆ] [ کەس م] ]].

i ⟶ i ⟶ i

پرۆسەی هاونیشانەکردن.

(١١٠) [ س.هـ بە دەست]، [ س.ل نانەکە] [ك[ س.ل٢ t [ پ. خورا]]].باسمەندی بکەرنادیار.

i ⟶ i

ئێستا بە وردبوونەوە لە هەردووو نمونەی (١٠٨) و (١٠٩) دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی [ نانەکـە] لـە نمونـەی (١٠٨) دا لەگـەڵ هـیچ کەرەسـتەیەکدا یـان جێکەوتەیەکـدا هاونیشانە نەکراوە وەك پێکهاتەی [نانەکە] لە نمونـەی (١٠٩) دا، کـە ئەمـەش ئاسـایی خاڵی یەکی تاقیکردنەوەکە دەسەلمێنێت. هەروەها پێکهاتەی [ نانەکە] بە هـیچ جـۆرە فاریزەیەك جیانەکراوەتەوە لە (١٠٨) دا بە پێـچەوانەی پێکهاتـەی [ نانەکـە] لـە (١٠٩) دا، کە ئەمەش سـەلمێنەری خـاڵی دوەمـی تاقیکردنەوەکەیـە. خـۆ ئەگـەر لـە نمونـەی (١١٠)یـش وردببینـەوە ئاشـکرا دەبینرێـت پێکهاتـەی [بـە دەسـت] لـە جێکەوتـەی ســـەرتۆپی لاوەکیـــەوە هاتۆتەپێـــشەوە و بۆتـــە ســـەرتۆپی هێنراوەپێـــشەوە و هاونیشانەکراوە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیـدا، کـە ئەمـەش تـەواو پـەیکاڵی پێکهاتـەی [نانەکە]یە لە نمونـەی (١٠٩) دا تـەنها جیاوازیـشیان لـە هاونیـشانەکردنیاندایە، کـە لـە سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەی (١٠٩) بـێ سـەری ڕێزمانییـە بۆیـە لەگـەڵ جێکەوتـەی بنـەڕەتی و کلیتیکـی باسمەنـدا هاونیـشانەکراوە. بـەڵام سـەرتۆپی هێنراوەپێـشەوەی نمونەی (١١٠) سەرێکی ڕێزمانی لەگەڵدایە، هەربۆیە تەنها لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیـدا هاونیشانەکراوە، کە ئەمەش سەلمێنەری خاڵی سێیەمی تاقیکردنەوەکەیە.

بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ڕستەی بکەرنادیار دەتوانرێت وەك ڕسـتەی سـەرتۆپی بەکاربهێنرێت بۆ هێنانەکایـەی ڕسـتەی باسمەنـد، دەتوانرێـت پێـشبینی ئـەوە بکرێـت لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە دروسـتەی ڕسـتەی بکـەرنادیار و دروسـتەی ڕسـتەی باسمەنـد پەیکاڵنین. بەڵام بە پێی گریمانەی پاری یەکەمی (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیـە، دەتوانرێت ڕستەی بکەرنادیار بە دروسـتەی ڕسـتەی سـەرتۆپی شـیبکرێتەوە و ئەگـەر سەرتۆپی لاوەکی لە شێوەی فرێزی پێشناوی لەگەڵدا بوو، ئەوا ئاسایی ئەو دروسـتەی ڕستە سەرتۆپیە بکەرنادیارەی لە نمونەی (١١١) دادەخرێتەروو، بە دوو ڕێگـا دەکرێتـە ڕستەی باسمەندی:

(١١١) [س.س پیاوەکە] [ك[ س.ل٢ بەچەقۆ[ پ. کوژرا]]]. ڕستەی سەرتۆپی بکەرنادیاری.

**ڕێگای یەکەم:** بریتییە لە جێبەجێکردنی یاسای باسمەنـدی (٢/٢–٣–٣–١–ب) بـە شێوەیەکی ئاسایی، بڕوانە (١١٢):

(١١٢) [ س.ھ بەچەقۆ]، [ س.س پیاوەکە] [ك[ س.ل٢ t [ پ. کوژرا]]].

i ⟶ i

**ڕێگای دووەم:** لێـرەدا سـەرجەم کـۆمێنتی رسـتەی سـەرتۆپی بکەرنادیارەکـە دێتـە پێــشەوە و دەبێتــە ســەرتۆپی (هێنراوەپێــشەوە). واتــە گــشت کۆمێنتەکــە وەك پێکهاتەیەك (یەکەیەك) دەگوێزرێتەوە و دەبێتە سەرتۆپی (هێنراوەپێشەوە)، وەك لـە نمونەی (١١٣) دا دەخرێتەڕو:

(١١٣) [ س.ھ بەچەقۆ کوژرا]،[ س.ل پیاوەکە] [ك t ].

i ⟶ i

پوختەی ڕێگەی دووەمی بەرهـەمهێنانی رسـتەی باسمەنـد لـە رسـتەی سـەرتۆپی بکەرنادیارەوە لە یاسای (١٣) دا ئاشکرا دەکرێت:

ا + ب + پ ⟵ [ ب + پ] + ا ئەگەر کۆمێنت وەك یەکەیەك بوو.

کاتێك کە:

ا = س.س و ب = س.ل٢ و پ = پرۆسە و [ ب + پ] = بەشی کۆمێنت.

پاش سەلماندنی گریمانـەی ئـەم وەچـە پـارە (کـە رسـتەی بکـەرنادیار و رسـتەی باسمەند پەیکالّنین). نەك هەر ئەمە، بەڵکو رستەی بکـەرنادیار دەکرێتـە بناغـە ( واتـە دەکرێتـە رسـتەی سـەرتۆپی) رسـتەی باسمەنـد، ئەگـەر بـە گریمانـەی پـاری یەکـەمی (بەشـــی دووەم) شـــیبکرێتەوە. گریمانـــەی ســـەلمێنراوی ئـــەم وەچـــە پـــارەش ئەزمونبەندکەری گریمانەی (بەشی دووەم )ی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، بەوەی، کە رستەی سەرتۆپی بناغە و بنەڕەتی رستەی باسمەندی زمانی کوردییە.

# بەشی سێیەم

# تیشکۆ "Focus" لە دروستەی زانیاریدا

# تیشکۆ " Focus " لە دروستەی زانیاریدا

## ❋ دروستەی زانیاری

قوتابخانەی ( بەرهەمهێنان و گواستنەوە) دروستەی زانیاری پەیوەست دەکەن بە دروستەی (سەرتۆپ– کۆمێنت/تیشکۆ/Focus)ەوە و وەك بیرۆکەیەکی تەواو لێکۆڵینەوەیان تێداکردوە. بۆ ئەمان لێکۆڵینەوە لە دروستەی زانیاری بەستراوە بە ئاستی رستەوە[١٦٥]. لەم روانگەیەوە و پەیوەست بە رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم لێکۆڵینەوەوە هەوڵدەدرێت شیکردنەوەیەکی ورد بکرێت بۆ (دروستەی زانیاری)ی رستەی زمانی کوردی پەیوەست بە چێوەی تیۆرییەکەوە، کە لە پاری یەکەمی (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوە پێشنیازکرا و سەلمێنرا.

لە دروستەی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا، دەربڕینی (سەرتۆپ) لە لایەن قسەکەرەوە لە سەرەتای رستەکەدا بۆ خێراکردنی کردەی (گەڕان یان کردنەوەی) ئەو (بنەما زانیاریە)یە، کە لە ئاوەزی قسەکەردایە و دەیەوێت بۆ بەرانبەر دەربیبڕێت. ئەم دەربڕینەش لە لایەن قسەکەرەوە کاتێك دەگوێزرێتەوە بۆ گوێگر(بەرانبەر)، لە لایەن گوێگرەوە وەردەگیرێت وەك ئاماژەدانێکی راستەوخۆ بە زانیاری گرمۆڵەکراوی مێشکی ئاخێوەر، واتە گەیاندنی زانیاری بە رستەی سەرتۆپی هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. ئەم هەنگاوانەش یەك لە دوای یەك ئاشکرا دەردەکەون تا دەربڕینی سەرلەبەری رستەکە و زانیارییەکەی، بەم شێوەیە گەیشتن بە دروستەی زانیاری رستەکە ئاسان و ساکار دەبێت. لەم روانگەیەشەوە (سەرتۆپ) جگە لەوەی دەبێتە (خاڵی دەست پێکردنی رستەکە) دەشبێتە (زانیاری زانراوی پێویست بۆ رستەکە)[١٦٦]. پاش بە جفرە کردنی

---

[165] لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە لێکۆڵینەوە لە دروستەی زانیاری رستەی زمانی کوردی هەم لە ئاستی پراگماتیکدا و هەم بە پێی قوتابخانەی (ئەرکی) زۆر بە وردی کاری تێداکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ.محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٤٠-٤١).

ب.ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٣: ٦٣-٨٢).

[166] وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم راستییە و بە مەبەستی زانینی زانیاری زیاتر، بڕوانە پێناسەکانی هەریەکە لە (سەرتۆپ و کۆمێنت) لە پاری یەکەمی ( بەشی یەکەم)ی ئەم کتێبە.

سەرتۆپەکە و ناردنی زانیاری زانراوی پێویست بۆ گوێگر، دروستەی زانیاری رستەکە پێویستی بە زانیاری زیاتر دەبێت تا تێگەیشتنی سەرکەوتوانە ( Communication) بێتەکایەوە. بەم شێوەیە دروستەی رستەی سەرتۆپ پێویستی بە زیادکردنی یان تێکردنی زانیاری بەشەکەی تری دروستەکەشی دەبێت، کە زانیاری (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus)ە[١٦٧]، لەم بارەیەوە زمانەوان Seuren دەڵێت: (( لە ئەنجامی شیکردنەوەی وردی لێکۆڵەران لە رستەی (پرسیار–وەڵام) و دواتریش بەراوردکردنی بە دروستەی رستەی سەرتۆپی، ئاشکرا بۆیاندەرکەوت زیادکردنی زانیاری (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus) بۆ سەر زانیاری (سەرتۆپ) لە دروستەی رستەی سەرتۆپیدا وەك زانیاری رستەی وەڵام وایە بۆ زانیاری داواکراوی رستەی پرسیار))[١٦٨].

بەم شێوەیەش ئەگەر دەربڕینی (سەرتۆپ) بۆ خێراکردنی کردەی (گەڕان یان کردنەوەی) بنەما زانیارییەکەی ئاوەزی ئاخێوەر بێت، ئەوا دەربڕینی (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus)ی دروستەی رستەی سەرتۆپی تەواوکەر و سەلمێنەری گەیاندنی دروستەی زانیارییەکەیە بە بەرانبەر(گوێگر).

با بۆ شیکردنەوەی زیاتر بڕوانینە دوو کۆمەڵە نمونەی (١) و (٢):

(١)

ا. [ سەرتۆپ نەورۆزی ٩١] [ کۆمێنت سەرەتای رزگاری کورد بوو].

ب. [ سەرتۆپ ژیلە ] [ کۆمێنت دەستوخەتی خۆشە ].

پ.[ سەرتۆپ ئەو کوڕەی ]، [ کۆمێنت[ comp کە] (pro) دوێنێ دەیناسین، (pro) ئەمڕۆ ناماننناسێت].

(٢)

ا. نەورۆزی ٩١ سەرەتای چی بوو؟

ب. سەرەتای رزگاری کورد بوو.

پ. ژیلە دەستوخەتی چۆنە؟

ت. دەستوخەتی خۆشە.

---

167 Wedgood(2003:67).

168 Seuren(2004:184).

ج. ئەو کوڕەی دوێنێ دەیناسین ئەمڕۆ دەتانناسێت؟
د. ئەمڕۆ نامانناسێت.

ئێستا ئەگەر لە روانگەی دروستەی زانیارییەوە بڕوانینە دوو کۆمەڵە نمونەی (١) و (٢)، ئەوا دەبینرێت زانیاری دەربڕاو یاخود وەڵامدراوە لە رستەی (٢ب و ٢ت و ٢د) هەمان زانیارییە، کە لە کۆمێنتی رستەی (١ا و ١ب و ١پ) دا دەربڕاوە. ئەمەش سەلمێنەر و ئەزمونبەندکردنی بۆچونەکەی سەرەوەیە بە سەر دروستەی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا لە روانگەی دروستەی زانیارییەوە.

بەڵام بە پێی تیورییەکە رستەی پرسیار هەمیشە زانیاری زانراوی تێدایە هەم بۆ قسەکەر هەم بۆ گوێگریش، لە بەرانبەریدا رستەی وەڵام هەمیشە زانیاری نوێ یان داواکراوی نەزانراوی تێدایە، کە پرسیارەکەر دەیەوێت بە هۆی بەخشینی زانیاری زانراوی رستەی پرسیارییەوە زانیاری نەزانراو(نوێ)ی رستەی وەڵامی چنگبکەوێت. لێرەشدا رونکرایەوە ئەگەر دروستەی رستەی سەرتۆپی بەراورد بکرێت بە دروستەی رستەی (پرسیار– وەڵام)، ئەوا بەشی (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus)ی رستەی سەرتۆپی بەرانبەر رستەی وەڵامی دەوەستێت. کەواتە بەم پێیە بێت، دەبێت ئەو زانیارییەی بە (سەرتۆپ) دەگەیەنرێت (زانیاری زانراو) بێت و ئەو زانیارییەش کە (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus) دەیگەیێنێت (زانیارییەکی نوێ/ نەزانراو) بێت، بە هەردووو زانیارییەکەش (زانراو– نوێ) دروستەیەکی زانیاری پڕاوپڕ دەگەیەنن، کە مایەی تێگەیشتن و تێگەیاندنە.

بۆ زیاتر ئەزمونبەندکردنی شیکردنەوەکە هەوڵدەدرێت هەریەکە لە دوو بەشەکەی دروستەی زانیاری (زانراو– نوێ) بە وردی بخرێتەروو:

### ❶ زانیاری زانراو (**سەرتۆپ**):

یەکەیەکی زانیارییە، بەشێکی سەرەکییە لە دوو بەشە پێکهێنەرەکەی دروستەی زانیاری. بە شێوەیەکی گشتی ئەم زانیارییە بیستەنی تیشکۆ–Focusی لە سەر نییە و ئەو بەشەی زانیارییە، کە قسەکەر لە ئاوەزی خۆیدا پێشبینی دەکات و تا رادەیەك دەیزانێت. ئەم یەکەیە بە تەنیا ناتوانێت رستەیەك دروست بکات. واتە رستە هەرگیز سەرتاپای بە یەکەی زانیاری زانراو دانەگیراوەتەوە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ (زانیاری

نوێ)دا بێت تا دروستەیەکی زانیاری لێکنەپچراو بەرهەمبهێنن و گوێگریش بتوانێت <مەبەست> هەڵبهێنجێت لە دروستەی زانیارییەکە.

### ❷ زانیاری نوێ (کۆمێنت/تیشکۆ/Focus):

یەکەیەکی زانیارییە، پێکهێنەری دووەمی دروستەی زانیارییە و بە شێوەیەکی گشتیش ئەم یەکەیە خاوەنی (تیشکۆیە /Focus) ، چونکە ئەم یەکە زانیارییە ئەو یەکەیە، کە قسەکەر دەیەوێت ئاوازێکی تایبەتی پێبدات. بەمەش دەبێتە یەکەیەکی زانیاری رونکەرەوە بۆ (زانیاری زانراو). واتە ئەم یەکەیە ئەو زانیاریەیە، کە زیاد دەکرێت بۆ دروستەی زانیارییەکە تا لە زانیاریدا دروستەکە دەوڵەمەند ببێت. زانیاری نوێ رونکەرەوەی ئەو واتایە، کە لە ناونیشانی رستەکەدا هەیە (کە زانیاری زانراوە).

بە واتایەکی ئاشکراتر (زانیاری نوی) بە هۆی جەختی ئاوازەوە لە چواچێوەی یەکەی ئاوازداردا دەناسرێتەوە و (تیشکۆ/Focus) پێکدێنێت[169]. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم دوو یەکەیەی دروستەی زانیاری رستەی سەرتۆپی زمانی کوردی با لەم نمونانە بڕوانین:

(٣) [ سەرتۆپ= زانیاری زانراو **ژاڵە**] [ ك= زانیاری نوێ **بە پێ رۆیشت**].

(٤) [ س.= زانیاری زانراو **منداڵەکە**] [ ك= زانیاری نوێ **پێی سوتاوە**].

(٥) [ س= زانیاری زانراو **ئەو**] [ ك= زانیاری نوێ [ **پ. گوتی**] : **باوکم ئیشی پێتە**].

(٦) [ س.= زانیاری زانراو **هەڵبجە**] [ ك= زانیاری نوێ **بە چەکی کیمیایی ژەهراوی کرا**].

(٧) [س.= زانیاری زانراو **ئەو شۆخەی**] [ ك= زانیاری نوێ [ comp **کە**] (pro) **من دەیناسم**، (pro) **ئەویندارمە**].

---

[169] بۆ شارەزایی زیاتر لە سەر ئەم دوو یەکەی دروستەی زانیاری، بڕوانە:

ا. **Givon (1979:446)**.

ب. **Crystal (1992:153,177,233; 2003:20202, 213,234)**.

پ. **Wedgood (2003:267)**.

ت. **Payne(2004:446)**.

ئەگەر لە هەریەکە لەم نمونانە وردببینەوە، دەبینرێت هەریەکەیان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتون، کە رەنگە بەشێکیان ئاشکرا دیار و زانراو بێت بۆ قسەکەر گوێگر و بەشەکەی تریشیان زانینێکی نوێ و نەزانراو بێت بۆ بەرانبەر. لەم روانگەیەوە رەنگە گوێگر بزانێت، کە (ژاڵە رۆیشتوە) و (منداڵەکە سوتاوە) و (ئەو قسەیەکی کردوە) و (هەڵبجە ژەهراوی کراوە) و (ئەو شۆخە من دەیناسم)، بەڵام بە بێ گومان زانیاری دەربارەی (ئامرازی رۆیشتنی ژاڵە) و (شوێنی سوتاوی منداڵەکە) و (قسەکەی ئەو) و (هۆکاری ژەهراوی بوونی هەڵبجە) و (پەیوەندی ئەو شۆخە بە منەوە) نییە! بۆیە بۆ بەرانبەر کۆمێنتی هەریەکە لە نمونەکانی (٣) و (٤) و (٥) و (٦) و (٧) زانیارییەکی نوێ و نەزانراوە بە لایەوە و مەبەستیشیەتی بیزانێت.

کەواتە کۆمێنتی هەریەکە لەو نمونانە رستەی وەڵامی ئەو رستە پرسیارانەیە، کە لە ئاوەزی بەرانبەردا دروستبوون و زانیاری لە بارەیانەوە نییە. بەم پێیە کۆمێنتی نمونەکان وەڵامی ئەم رستە پرسیارانەی مێشکی بەرانبەرە، کە ئەمانەن:

(٨) ژاڵە بەچی رۆیشت؟

(٩) منداڵەکە کوێی سوتاوە؟

(١٠) ئەو چی گوت؟

(١١) هەڵبجە بەچی ژەهراوی کرا؟

(١٢) ئەو شۆخەی، کە (pro) تۆ دەیناسیت، (pro) چیتە؟

لە شیکردنەوەی نمونەکان و بەراوردکردنی بە رستە پرسیارییەکانی (٨) و (٩) و (١٠) و (١١) و (١٢) روندەبێتەوە، کە چۆن ئاوێتەکردنی زانیاری زانرا و زانیاری نوێ لە دروستەیەکی زانیاریدا و دەربڕینی بۆ بەرانبەر کورتکردنەوەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پرسیار و وەڵامی نێوان دوو کەسی ئاخێوەرە، نەك هەر ئەمە بگرە هۆکاری ساناکردن و خێراکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردنە (تێگەیشتن و تێگەیاندن "Communication").

❋ **تیشکۆ- Focus:**

هاوشێوەی (سەرتۆپ) لە دروستەی زانیاریدا (تیشکۆ/Focus)یە، تیشکۆیش – Focus ئاماژە دەدات بە یەك کەرەستە لە گشت فرێز و رستەکاندا[170]. بە شێوەیەکی گشتی (تیشکۆ/Focus) یەکەیەکی ئاوازە و تایبەتە بە بەشی (کۆمێنت)ی دروستەی رستەی سەرتۆپییەوە، هەر لێرەشەوەیە هەمیشە چەمکی (تیشکۆ/Focus) وابەستەی چەمکی (کۆمێنت)ە، بگرە هەندێك جاریش ئەم دوو چەمکە لە بری یەکتری بەکاردێن[171].

وابەستەیی (تیشکۆ/Focus) و (کۆمێنت) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە دروستەی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا هەردووو پێکهاتەی (سەرتۆپی لاوەکی یەك) و (سەرتۆپی لاوەکی دوو) و هەندێك جاریش (پرۆسە"کردار")، کە پێکهێنەری کۆمێنتی رستە سەرتۆپییەکەن، ئەو پێکهاتانەن کە تیشکۆیان– Focus لە سەر دەردەکەوێت یاخود تیشکۆیان– Focus دەخرێتە سەر بۆ مەبەستی زیاتر چالاککردنی زانیاریەکەیان یاخود دەرخستنی گرنگی زانیارییەکەیان. هەر ئەمەشە وایکردوە دانانی تیشکۆ– Focus لە سەر ئەم پێکهاتانە یاخود دەرکەوتنی تیشکۆ– Focus لە سەریان جێگەی پرۆسەی (باسمەند) بگرێتەوە لە زمان و ئاخاوتندا. جێگرتنەوەکەش بەوە دەبێت، کە ئەو پێکهاتەیەی تیشکۆدارە– Focus لۆجیکیانە و لە ناو مێشکدا لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی دەرهێنراوە و خراوەتە سەرەتای رستەکە، بەمەش (تیشکۆ– Focus ) دەبێتە هۆی دەرهێنانی لۆجیکیانەی ئەو پێکهاتەیەی تیشکۆکەی– Focus لە سەر دەردەکەوێت و خۆی جیادەکاتەوە لە دەرهێنانی رێزمانی (وەك لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکرایەوە)، دەتوانرێت شیکردنەوەی دەرهێنانی لۆجیکی رستەی

[170] لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە سەر (تیشکۆ) بۆ یەکەمجار لە لایەن زمانەوان **Jackendoff(1979)** ەوە ئاماژەی پێدراوە و سەرەتایەکی بۆ شیکردنەوەی (تیشکۆ) داناوە و چەند بارێکی (تیشکۆ)ی ر ونکردۆتەوە و دواتریش ئەم سەرەتایە گەشەی پێدراوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا. **Wedgood (2003:66)**.

ب. **Floor (2004:109)**.

[171] هەروەك لە شیکردنەوەکانی (بەشی یەکەم) و (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەو کراوە.

زمـانی کـوردی لـە دروسـتەیەکی نادیـار و ئەبـستراکتی وەك دروسـتەی (١)[172] دا بخرێتەروو:

دروستەی (١):

[ بۆ X = پێکهاتەی تیشکۆدار– [S Focus رستەکە بۆ زەقکردنەوەی Xە]].

ئێستا بە پێی شیکردنەوەکان و بە پـشت بەسـتن بـە دروسـتەی (١)، دەتوانرێـت رستەکانی نمونەی (١٣) دارشتەی لۆجیکی نمونەی (١٤)یان هەبێت (لە هەر شـوێنێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەگەر دروستەکان بگۆڕدرێت نمونەکانیش دەگۆڕێت):

(١٣)

ا. ئەو [پرتەقاڵەکەی] خوارد.

ب. گوڵاڵە[ بە کوڵ] دەگری.

پ. کاژاو [ بەیانی ] دەڕوات.

ت.کامەران [ لە هەولێر] دەمێنێتەوە.

ج. خوێندکاران [ دوو دوو] تاقیدەکرانەوە.

---

172 Jacobsen (1986:346).

(١٤)

ا. [ بۆ X = پرتەقاڵەکە[ S ئەو Xی خوارد]].

ب. [ بۆ X = بەکوڵ[ S گوڵاڵە (X)انە دەگری]].

پ. [ بۆ X = بەیانی[ S کاژاو X دەڕوات ]].

ت.[ بۆ X = لە هەولێر[ S کامەران لە X دەمێنێتەوە]].

ج.[ بۆ X = دوو دوو[ S خوێندکاران (X)انە تاقیدەکرانەوە ]].

لە بەراوردکردنی رستەکانی نمونەی (١٣) و (١٤) دا، دەردەکەوێت، کە قسەکەر لە رستەی (١٣ا و ١٣ب و ١٣پ و ١٣ت و ١٣ج) دا پێکهاتەی (پرتەقاڵەکە، بەکوڵ، بەیانی، لە هەولێر، دوودوو)ی لە مێشکی خۆیدا لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی دەرهێناوە (لۆجیکیانە) و کردویەتی بە یەکەم پێکهاتەی سەرەتای دروستەی رستەکە، بە هۆی ئەو هێزەی (جەخت)ەی دەیخاتە سەر پێکهاتەکە ( کە لە رستەکانی نمونەی ( ١٣ ) دا بە هێمای ( / )ی ئاماژەی بۆ کراوە) بۆ زیاتر چالاککردنی واتای ئەو پێکهاتەیە و ئەو زانیارییەی هەڵیگرتوە و قسەکەر مەبەستیەتی بە زەقی بگاتە بەرانبەر.

ئەگەر دارشتە لۆجیکییەکانی نمونەی (١٤)ش بەراورد بکرێت بە دروستەی رستەی باسمەندی رستەکانی نمونەی (١٣)، ئەوا ئاشکرا دەردەکەوێت، کە چۆن دانانی (تیشکۆ/Focus) لە سەر ئەو پێکهاتانە جێگەی پرۆسەی باسمەندکردنی ئەو پێکهاتانە دەگرنەوە:

(١٥)

ا. [ س.ه پرتەقاڵەکە]i، [ س.ل ئەو]i [ ك [ س.ل١ t i [ پ.خواردی]]].

پرۆسەی هاونیسانەکردن

ب. [ س.ه بە کوڵ]i، ( [ س.ل گوڵاڵە ] )[ ك[ س.ل٢ t i [ پ. دەگری]]].

پرۆسەی هاونیسانەکردن

پ. [ س.ه بەیانی]i، ( [ س.ل کاژاو] ) [ ك[ س.ل٢ t i [پ. دەڕوات]]].

پرۆسەی هاونیسانەکردن

ت. [ س.هـ له هەولێر]، ( [ س.ل کامەران] ) [ ك[ س.ل٢ t [پ. دەمێنێتەوە]]].

i ⟶ i

پرۆسەی هاونیسانەکردن

ج. [ س.هـ دودو]، ( [ س.ل خوێندکاران] ) [ك[ س.ل٢ t [ پ. تاقیدەکرانەوە]]].

i ⟶ i

پرۆسەی هاونیسانەکردن

لە رستەکانی هەردووو نمونەی (١٣) و (١٥) دا قسەکەر یەك مەبەستی بە دەربڕینەکەی دەربڕیوە ئەویش بە لوتکەکردنی (Topicalization) زانیاری پێکهاتەکانی (پرتەقاڵ، بەکوڵ، بەیانی، لە هەولێر، دودو)ە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە پرۆسەی (تیشکۆ/Focus)ی رستەکانی نمونەی (١٣) جێگەی پرۆسەی باسمەندی رستەکانی نمونەی (١٥)ی گرتۆتەوە.پەیوەست شیکردنەوەکانەوە، ئاخێوەر دەتوانێت لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە پێکهاتەیەك لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی بهێنێتە دەرەوە، کە هەریەکە لەم دوو شێوەیە تایبەتێتی خۆیان هەیە و لە هەمانکاتیشدا ناوکۆیی بنەڕەتییان هەیە، دوو شێوەکەش بریتین لە:-

١. دەرهێنانی رێزمانی پێکهاتە.

٢. دەرهێنانی لۆجیکی پێکهاتە.

تایبەتییەکەیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە شێوەی یەکەمیان ( هەروەك لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکرایەوە) زیاتر پەیوەستە بە سینتاکسەوە و ناسینەوە و دیاریکردن و پێناسەکردنی پەیوەستە بە رێسا و یاساکانی زمانی کوردییەوە. بەڵام شێوەی دووەمیان ( کە لەم بەشەدا هەوڵی شیکردنەوەی دەدرێت) زیاتر پەیوەستە بە ئاستی واتاوە. ناوکۆیی هەردووو شێوەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە هەم دەرهێنانی رێزمانی و هەم دەرهێنانی لۆجیکی پێکهاتە زیاتر بۆ بە لوتکەکردنی (زەقکردنەوەی) زانیاری و واتای ئەو پێکهاتە دەرهێنراوەیە. واتە قسەکەر بەم دەرهێنانە مەبەستی خۆی لە رستەکە دەرهێناوە و بۆ بەرانبەری دەربڕیوە. بۆ ئەزمونبەندکردنی ئەم دوو شێوەیە دەرهێنانەش، بڕوانە هەرسێ کۆمەڵە نمونەی (١٣) و (١٤) و (١٥).

له راستیدا دروستەی (١) و شیکردنەوەکانی کە خرانەروو زیاتر بۆ دەرخستنی دروستەی تیشکۆ– Focusی بەشی کۆمێنتی دروستەی رستەی سەرتۆپی بوو. بەڵام هەندێك لە زمانەوانەکانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لە شیکردنەوەکانیاندا دەربارەی تیشکۆ– Focus ئەم ئاستەیان تێپەڕاندوە و زیاتر قوڵبوونەتەوە بەوەی هەوڵیانداوە بۆ دیاریکردنی جێکەوتەی دەرکەوتنی کەرەستەی تیشکۆدار– Focus. لە ناو ئەو زمانەوانانەشدا ئێمە پەیڕەوی پێشنیازەکەی هەردووو زمانەوان

Vallduvi&Engdahl (1996) دەکەین، کە تیایدا پێشنیازی دروستەی (چێوەی تیشکۆ– Focus–تیشکۆ/Focus "Ground-Focus")[١٧٣] دەکەن و دەیکەنە بنەمایەك بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان (زانیاری زانراو و زانیاری نوێ)، وەك لە نمونەی (١٦) و (١٧) و (١٨) و (١٩) دا دیارە:

(١٦) [چێوەی تیشکۆ- Focus بەهار[ تیشکۆ– Focus گوڵ] دەچنێت].

(١٧) [چێوەی تیشکۆ- Focus نانەکە[ تیشکۆ– Focus بە وشکی] مەخۆ].

(١٨) [چێوەی تیشکۆ- Focus بەهرۆز[ تیشکۆ– Focus پ. کوژرا]].

(١٩)[ چێوەی تیشکۆ- Focus کەپرەکە[ تیشکۆ– Focusپ. روخا]]؟

---

[173] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شیکردنەوەکانی ئەم دوو زمانەوانە لە سەر (تیشکۆ)، بڕوانە:
ا**Wedgood (2003:67-69)**.
ب**Floor (2004:42-46)**.

به وردبوونەوە لـە نمونـەکانی (١٦) و (١٧) دەردەکـەوێت، کـە ( چـێوەی تیـشکۆ- Ground"Focus") زانیاری زانراو دەگرێتەوە و (تیشکۆ/Focus"Focus")یش زانیـاری نوێیە، کە هەر لە سەرەتاوە بە واتا داگیراوەتەوە وەك یەکەیەکی زانیاری. بەڵام ئەگەر بڕوانینە نمونەکانی (١٨) و (١٩) دەبینرێـت بـە هـۆی نـەبوونی سـەرتۆپی لاوەکییـەوە پڕۆسەی دروستەی زانیارییەکە بۆتە جێگەی سەرنجی ئاخێوەر و تیشکۆ- Focusی لە سەر دەرکەوتوە، بەم پێیەش خودی پڕۆسەکە بۆتە (زانیاری نوێ)ی دروستەکە.

### ❋ **ڕێگاکانی دروستکردنی تیشکۆ**- Focus:

**پاش پێشکەشکردنی ئەو زانیاری و شیکردنەوانەی تیۆرییەکە، ئێستا ئەم وەچەپارە شیکردنەوەی ئەوەیە، کە چۆن لە زماندا بەگشتی و لە زمانی کوردیدا بۆ دروستکردنی** تیشکۆ- Focus و بە لوتکەکردنی مەبەستی دەربڕینەکەی سێ ڕێگا دەگرێتە بـەر، کـە لە هەر ڕێگایەکیانـدا چـەند شـێوازێکی جیـاواز بـەکاردەهێنێت بـۆ خـستنەرووی بنـەما زانیارییەکـەی ئـاوەزی. بـەکارهێنانی ئـەم سـێ ڕێگایـە و شـێوازە جیاوازەکانیـان هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە یاسا زمانییـەکانی زمـانی کـوردی و هـەر بـەهۆی ئەم یاسایانەشەوە دەستیان بە سـەردا دەگیرێـت. یاسـا زمانییـەکانیش هـی هـەر سـێ ئاسـتی (فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسی)ن، کـە بـە هۆیانـەوە سـێ دروسـتەی باسمەندی لـۆجیکی دێتـە بەرهـەم، کـە لێـرەدا هەوڵدەدرێت پوخـت بخرێنـەروو، کـە ئەمانەن:

١. دروستەی باسمەندی فۆنۆلۆژی.
٢. دروستەی باسمەندی مۆرفۆلۆژی.
٣. دروستەی باسمەندی سینتاکسی[١٧٤].

ڕەنگە لێرەدا پێویست بێت ئەو پرسیارە بکرێت، کە بۆچی (دروستەی باسمەنـدی مۆرفۆلـۆژی) شـیدەکرێتەوە، لـە کاتێکـدا لێکۆڵینەوەکـە زیـاتر پەیوەسـتە بـە سینتاکسەوە؟ لە ڕاستیدا وەڵامی پرسیارێکی ئاوەها ڕەنگە ساکار بێت، چونکە زمـانی کـوردی بـە پێـی تێگەیـشتن و لێوردبوونـەوەی ئێمـە بـۆی پەیوەسـت بـە هەنـدێ لـەو

[١٧٤] Murcia&Freeman (1999:611-619)

لێکۆڵینەوە ئەزمونبەندانەی لە سەری کراوە[175]، دەتوانرێت بوترێت زمانێکە تیایدا ئاخێوەر هەر بە رستە زانیاری دەرنابڕێت، بەڵکو حاڵی ئەمڕۆی زمانەکەمان دەریدەخات، کە فۆڕمی رستەی لە ناویەکدا شکاوەش (مۆرفۆسینتاکس) فۆڕمێکی چالاکی دەربڕینە لای قسەکەری زمانی کوردی. هەربۆیە بە پێویستمانزانی ئەو دروستە باسمەندانەی بە هۆی چەند وشەیەکەوە یان پارتیکلێکەوە دێنە بەرهەم سەرنجی لێکۆڵینەوەی بخەینە سەر تا لە داهاتودا هەنگاوێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە (دروستەی باسمەندی مۆرفۆسینتاکس)ی، جا ئەم دروستەیە رێزمانییانە یاخود لۆجیکیانە بەرهەمهاتبێت. سەرەڕای ئەوەش تێکەڵ بە یەکتر بوونی پێکهاتەکانی (مۆرفۆلۆژی) و (سینتاکسی) گەلێك دیاریدەی هاوبەشی ئەو دوانەی وەك تایبەتمەندی زمانەکە رێزمانەکەی لە خۆدا هەڵگرتوە.

**١- دروستەی باسمەندی فۆنۆلۆژی:**

ئاخێوەر بە هۆی ئەو وزە زیادەی (هێز"Stress")[176] دەیخاتە سەر یەکێك لە برگەکانی وشەیەك یان دەستەواژەیەك دەتوانێت چەمکی تیشکۆ– Focus دروستبکات و ئەو تیشکۆ– Focusەش لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکاندا ئاشکرا دەربڕێت.لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی ئەم تیشکۆ– Focusەوە دەتوانێت ئەو واتایەی یان زانیارییەی مەبەستیەتی دەریببڕێت، چونکە لۆجیکیانە واتا یان زانیاری مەبەستداری خۆی لەو وشەیە یان دەستەواژەیە دەهێنێتە دەرەوە و زەقی دەکاتەوە بۆ بەرانبەر، وەك لە وشەکانی

/ / / / / /
(کەرپیاو) و (خرەپیاو) و (شۆڕەژن) و (پیرەژن) و (قەیرەکچ) و (ناسکە هەرمێ) و

/ / /
(تەڕەپیر) و (کەلەتەزێن) و (جوانکاری)دا دیارە.

---

[175] وەك لێکۆڵینەوەکەی ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣) دەربارەی مۆرفۆسینتاکس.

[176] وریا عومەر ئەمین (٥٣:٢٠٠٤).

لەم نمونانەدا دەبینین بە هۆی ئەو هێزەی لە سەر بەشی یەکەمی وشەکانە، ئاخێوەر مەبەستێکی تایبەتی بە هەریەکەیان دەربڕیوە، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە شیبکرێنەوە:

لە هەردووو دەربڕاوی ( کەرپیاو) و (خڕەپیاو)دا، قسەکەر بە هۆی ئەو هێزەی لە سەر (کەر) و (خڕ) داینـاوە توانیویـەتی خاسـیەت و زانیـاری (کـەرێتی) و (خڕێتـی) پیاوەکـە دەربـبڕێـت بـۆ گـوێگر نـەك خاسـیەت یـان زانیارییـەکی تـری (پیاوەکـە) و سەرجەمی دەربڕاوەکانی تریش هەمان لێکدانەوە دەیانگرێتەوە.

بە پێی ئەم شیکردنەوانە و پەیوەست بە دروستەی ئەبستراکتی (١)ەوە، کە لەم بەشەدا بۆ خستنەرووی دەرهێنانی لۆجیکی پێکهاتەکانی رستەی زمانی کوردی خرایەروو، دەتوانرێت ئەم دروستەیە بگۆڕدرێت و پەیوەست بکرێت بە دەرهێنانی لۆجیکی کەرەستەیەکی وشەی لێکدراو یان دەستەواژەیەك، وەك لە دروستەی (٢) دا دەخرێتەروو:

دروستەی (٢):

[ بۆ X = کەرەستەی تیشکۆدار– [Focus هێزی سەر وشەکە بۆ زەقکردنەوەی خاسیەتی (X)ە]].


بۆ زیاتر تێگەیشتن و ئەزمونبەندکردنی ئەم دروستە ئەبستراکتە، دەتوانرێت نمونەکانی پێشو بەم دارشتە لۆجیکیانە بخرێتەروو:–

[ بۆ X = کەرێتی [ هێزی سەر وشەکە بۆ زەقکردنەوەی خاسیەتی (X)ە]].


[ بۆ X = خڕێتی [ هێزی سەر وشەکە بۆ زەقکردنەوەی خاسیەتی (X)ە]].

نمونەکانی تریش هەمان دروستەی ئەبستراکتیان هەیە، بەڵام دەربڕاوی (جوانکاری) هەڵسوکەوتێکی تایبەتی هەیە، چونکە بە پێی رێسای سەرەکۆتایی دەبێت ئاوەڵناوەکە (جوان) لە کۆتاییەوە بێت، بەڵام لێرەدا هێنراوەتە دەرەوە بۆ سەرەتای دەربڕاوەکە و دواتر لۆجیکیانە کراوەتە باسمەند. بڕوانە داری زمانی (١) و بەراوردی بکە بە داری زمانی (٢):

**داری زمانی (١):**




**داری زمانی (٢):**




ئاخێوەر چۆن دەتوانێت بە هۆی (هێز)ەوە چەمکی تیشکۆ– Focus لە وشە و دەربڕاوەکاندا دروست بکات بە هەمان شێوەش بە هۆی یەکەی (ئاواز"Intonation")ەوە دەتوانێت ئەو رستەی دەریدەبڕێت بۆ بەرانبەر و بە زانیاری داگیراوەتەوە گەلێ مەبەستی جیاوازی پێببەخشێت. بەم شێوەیە یەکەی (ئاواز"Intonation") بە پێی پلەکەی، کە لە سەر دروستە زانیارییەکە دەردەکەوێت مەبەستی ئەو رستە دەربڕاوە دەگۆڕێت، چونکە لە هەر بارێکی گۆڕینی ئاوازەکە لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر زانیارییەکی تەواو جیاواز دەگات بە بەرانبەر، وەك لە نمونەی (٢٠) دا دیارە:

(٢٠)

(ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە ئاسۆییە).

ا. بارام هەموو نانەکەی خوارد.

(ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە "بارام"دا بەرزبۆتەوە).

ب.[چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ– Focus بارام] هەموو نانەکەی خوارد]؟

(ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە "هەموو نانەکەی"دا بەرزبۆتەوە)

پ. [چێوەی تیشکۆ- Focus بارام [ تیشکۆ– Focus هەموو نانەکەی] خوارد]!

(ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە "خوارد"دا بەرزبۆتەوە)

ت. [چێوەی تیشکۆ- Focus بارام هەموو نانەکەی [ تیشکۆ– Focus خوارد]؟

بە وردبوونەوە لە نمونەکان دەردەکەوێت، جگە لە نمونەی (٢٠ ا )، کە (ئاواز)ی دەربڕینی ڕستەکە ئاسۆییە و هیچ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیەك ڕوینەداوە و تەنها ڕستەیەکی هەواڵی دەربڕاوە. بەڵام هەریەکە لە نمونەکانی (٢٠ب) و (٢٠پ) و (٢٠ت) دا بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاواز لە سەر پێکهاتە جیاوازەکانی ڕستەکە، واتای ڕستەکە گۆڕاوە و زانیارییەکی تایبەتی گەیاندوە بە بەرانبەر و وەڵامێکی تایبەتیە بۆ ڕستە پرسیارەکانی نمونەی (٢١):

(٢١) ب. کێ هەموو نانەکەی خوارد؟

پ. بارام چەندی لە نانەکە خوارد؟

ت. بارام نانەکەی چیلێکرد؟

لە ڕاستیدا لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بە زیادکردنی ڕادەی ئاوازەکە لە سەر هەریەکێك لە پێکهاتەکانی یەکە زانیارییەکانی دروستەی زانیاری ڕستەکانی نمونەی (٢٠) ئەوا قسەکەر مەبەستیەتی زانیارییەکەی زیاتر بەو پێکهاتەیە (یەکە زانیارییە) دەربڕێت، کە دەشێت دوپاتکردنەوە بێت[١٧٧]، وەك لە نمونەی (٢٢)دا دیارە:

(٢٢)

[چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ– Focus غەمگین] نانی ئێوارەی لێنا]!

[177] شیکردنەوەیەك، کە بۆ (هێز و ئاواز "Stress&Intonation") کرابێت لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی یەکەی (ئاواز) لە ڕستەی زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەکەی ( وریا عومەر ئەمین)ە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٤٣، ١٠٤،٢٨٣).

لــه نمونــەی (٢٢) دا ئــاوازی رســتەکە لــە دەربڕینــی پێکهاتــەی (غــەمگین)دا بەرزبۆتەوە نەك جارێك بەڵکو دوو جار، ئەمەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی دوو مەبەسـت بـەم جۆرە ئاوازە دەرببڕێت، کە بریتین لە (زانینی ئەو کەسـەی نـانی ئێـوارە لێنـاوە) و لـە هەمانکاتیشدا هەر بە هۆی ئەم ئاوازەوە سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر بەوەی (چۆن کەسێکی وەك غەمگین نانی ئامادەکردوە).

## ٢- دروستەی باسمەندی مۆرفۆلۆژی:

لە زمانی کوردیدا چەند وشە و پارتیکڵێکمان هەیـە، کـە واتـای جـەختی تایبـەتی دەردەبڕن و دەبنە هۆی دروستکردنی بارێکی تیشکۆ– Focusی لە دروستەی رسـتەی زمانی کوردیدا. ئەو تیشکۆ– Focusەی ئەم وشە و پارتیکڵانە دروستیدەکەن بـە پێـی جێکەوتەی دەرکەوتنیان لە رستەدا دەگۆڕێت، لەوانەیـە لـە سـەرەتای رسـتەدا بێـت و هەموو رستەکە بخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە (وەك پارتیکڵی تەنانەت)، لەوانەشـە لە بەردەم ناوێك یان فرێزێکدا بێت و تەنها ئـەو نـاو و فرێـزە بخاتـە حاڵـەتی تیـشکۆ– Focusەوە(وەك وشەی خود) یاخود دەشێت لە دوای ناوێـك یـان فرێزێکـی نـاوی بێـت و تەنها ئەو ناوە یان فرێزەی پێش خۆی بخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە لـە رسـتەدا (وەك جێنـاوی خـۆیی)، دیـسانەوە لەوانەیـە بکەوێتـە پـێش کردارێـك و واتـای جـەخت (تیـشکۆ/Focus) تـەنیا بـە کـردەی ئـەو کـردارەی رسـتە ببەخـشێت وەك پێـشگرە ئاوەڵکردارییـەکانی (هـەڵ، دا، را)، ئـەم کەرەسـتانەش، کـە حاڵـەتی تیـشکۆ– Focus دروستدەکەن لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە (کەرەستەی تیـشکۆ– Focus"ك.ت") ئاماژەیـان بۆدەکرێـت[١٧٨]. ئـەو وشـە و پارتیکڵانـەش، کـە لـە زمـانی کوردیـدا واتـای جـەخت لـە

---

[178] ئەم رێگایەی دروستکردنی تیشکۆ حاڵەتێکی تایبەتی نییـە و تـەنها لـە زمـانی کوردیـدا ببینرێتـەوە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا و بە تایبەتی زمـانی (ئینگلیـزی) و زمـانی (عیـبری) دا ئـەم رێگایـە پرۆسەیەکی باوی بەکارهاتوی ئاخێوەرە بۆ دەربڕینی حاڵەتی تیشکۆ. بۆ زانیاری زیـاتر لـە سـەر چـەندێتی و چۆنیەتی ئەم پرۆسەیە لە زمانی (ئینگلیزی) و (عیبری) دا، بڕوانە:

أ. **Murcia and Freeman (1999: 612)**.

ب. **Floor(2004:170)**.

کرۆکیاندا پەنگدەخواتەوە و حاڵەتی تیشکۆ– Focus دەبەخشن بەو کەرەستەیەی لە پێش یان لە دوایانەوە دێن، ئەمانەن:–

### أ. جێناوی خۆیی:

بە شێوەیەکی گشتی جێناوی خۆیی دوای ئەو ناوە یان فرێزە ناوییە دەکەوێت، کە بۆی دەگەڕێتەوە، واتە هاتنی جێناوی خۆیی لە دوای ناو یان فرێزە ناوییەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی جێناوەکە جەخت لە واتای ناو یان فرێزە ناوییەکەی پێش خۆی بکاتەوە و بیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٢٣) و (٢٤) دا دیارە:

(٢٣)

[چێوەی تیشکۆ- [Focus تیشکۆ– Focus قوربانییەکان] [ج.خۆیی= کەرەستەی تیشکۆ- ی خۆیان] بێکەسن].

(٢٤)

[چێوەی تیشکۆ- [Focus تیشکۆ– Focus خاوەن ماڵەکەکە] [ ج.خۆیی= ك.ت خۆی] ماڵەکەی سوتاند].

لە نمونەی (٢٣) دا جێناوی خۆیی (خۆیان) لە دوای ناوێکی (کۆی ناسراو)ەوە هاتووە و بۆتە هۆی ئەوەی ناوەکەی پێش خۆی بخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە و جەخت بکاتەوە لە سەر ئەوەی، کە قوربانییەکان بۆیە بوونەتە قوربانی، چونکە (بێکەسن) نەك لە بەر هۆکارێکی تر. لە نمونەی (٢٤) دا جێناوی خۆیی (خۆی) لە دوای فرێزی ناویی (خاوەنی خانوەکە)ەوە هاتووە و بۆتە هۆی ئەوەی فرێزە ناوییەکەی پێشی بخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، بەوەی جەخت بکاتەوە لە سەر ئەوەی (خاوەن ماڵەکە) بووە، کە ماڵەکەی سوتاندوە نەك کەسێکی تر.

لێرەدا دەبێت ئەوە شیبکرێتەوە، کە جێناوی خۆیی ناتوانێت لە دوای ناوەکە یان فرێزە ناوییەکەی بۆی دەگەڕێتەوە دەربهێنرێت و بخرێتە پێشیانەوە، چونکە مەبەستی هاتنی جێناوەکە لە رستەکەدا تێکدەچێت و هیچ ناوێك یان فرێزێکی ناوی

نابێت جەخت بکاتەوە لە سەر واتاکەی و بیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، بە تێکچونی مەبەستی جێناوەکەش مەبەستی سەرجەم رستەکەش هەڵە دەردەچێت و زانیاری دروستی ئاوەزی قسەکەر نادات بە دەستەوە و رستەیەکی نارێزمانی یان گومانلێکراو لە رووی رێزمانییەوە دەهێنێتە کایەوە. بۆ نمونە ئەگەر جێناوی خۆیی لە نمونەی (٢٣) و (٢٤) دا لە دوای ناو و فرێزە ناوییەکە دەربهێنرێت و بخرێتە پێشیانەوە، ئەوا دوو نمونەی نارێزمانی وەك (٢٥) و (٢٦) دەستدەکەوێت:

(٢٥) * [چێوەی تیشکۆ- [Focus ج.خۆیی= ك.ت خۆیان] [ تیشکۆ– Focus قوربانییەکان] بێکەسن]

(٢٦) ؟؟[چێوەی تیشکۆ- [Focus ج.خۆیی= ك.ت خۆی] [ تیشکۆ– Focus خاوەن ماڵەکە] ماڵەکەی سوتاند]

دەبینین نمونەی (٢٥) نارێزمانییە، بەڵام نمونەی (٢٦) گومانلێکراوە لە رووی رێزمانییەوە، چونکە قسەکەر تەنیا بە زۆر لە خۆکردنێکی نائاسایی دەتوانێت رستەیەکی وەك نمونەی (٢٦) دەربڕێت

کە لێکدانەوەی دروستەی زانیارییەکەی لە لایەن گوێگرەوە زۆر گرانترە وەك لە لێکدانەوەی نمونەی (٢٤).

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە لە بەر ئەوەی زمانی کوردی لە زمانە بکەرخراوەکانە، بۆیە دەشێت لەم جۆرە رستانەدا ناو یان فرێزە ناوییەکەی پێش جێناوەکە بقرتێنرێت و لە جێگەیان (pro)ێك دابنرێت و پاشان جێناوە خۆییەکە دابنرێت، وەك لە نمونەی (٢٧) و (٢٨) دا خراوەتەروو:

(٢٧) [چێوەی تیشکۆ- pro ] [Focus ] [ك.ت= تیشکۆ- Focus خۆیان] بێکەسن].

(٢٨) [چێوەی تیشکۆ- [pro Focus ] [ك.ت= تیشکۆ- Focus خۆی] ماڵەکەی سوتاند][179].

[179] لێکدانەوەی ئەم جۆرە رستەیەی زمانی کوردی پەیوەست بە تیوری (بەستنەوە)وە زۆر بە وردی و ئەزمونبەندانە لە لایەن (محەمەدی مەحوی) ر ونکراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ١٩٩-٢٠١).

**ب. وشەی ( خود ):**

ئەم وشەیە بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەرکی جێناویی خۆیی دەبینێت لە کاتی دەرکەوتنی لە رستەدا، تەنها جیاوازیان لەوەدایە > خود< لە پێش ئەو ناوە یان فرێزە ناوییەوە دێت، کە جەختی لە سەر دەکاتەوە و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆ-Focusەوە نەك لە دواییانەوە بێت وەك (جێناوی خۆیی). هەمان ئەرکیشیان بەوەدا دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت لە بری یەکتری دابنرێن لە هەمان رستەدا، بۆ دەرخستنی ئەم راستییەش با بڕوانینە نمونەی (٢٩) و (٣٠):

(٢٩)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus من[ ك.ت خودی] [ تیشکۆ- Focus سەرەك کۆمارم] بینی].

(٣٠)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus من[ تیشکۆ- Focus سەرەك کۆمار] [ ج.خۆیی= ك.ت خۆیم] بینی].

لە نمونە ی (٢٩) دا وشەی (خود)، کە لە پێش (سەرەك کۆمار)ەوە هاتووە جەختی لە سەر بینینی (سەرەك کۆمار) کردۆتەوە و خستویەتە حاڵەتی تیشکۆ-Focusەوە. بە هەمانشێوە لە نمونەی (٣٠) دا جێناوی خۆیی (خۆی)، کە لە دوای (سەرەك کۆمار)ەوە هاتووە جەختی لە سەر بینینی

(سەرەك کۆمار) کردۆتەوە و خستویەتە حاڵەتی تیشکۆ- Focusەوە. بەم شێوەیە دەردەکەوێت مەبەستی دەربڕاو لە هەر دوو نمونەی (٢٩) و (٣٠) دا هەمانشتە، ئەمەش هەمان ئەرکی (جێناوی خۆیی) و (خود) دەسەلمێنێت[180].

---

[180] ئەم هەمان ئەرکییەی (جێناوی خۆیی) و ( وشەی خود) دەشێت بە بەڵگەیەکی تر دابنرێت بۆ ئەو بۆچونەی (ئەورحمانی حاجی مارف)، کە پێیوایە وشەی (خود) شێوەی جیاوازی دەربڕاوی (جێناوی خۆیی)یە لە هەندێك حاڵەت و بەشە دیالێکدا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بۆچونی مامۆستا، بڕوانە:
ئەورحمانی حاجی مارف (١٩٨٧: ٢٣٢-٢٣٣).

**ت. وشەی دەرخەر:**

ئـەو وشـانەی لـە حاڵـەتی دەرخەریـدا دەردەکـەون لـە پـێش یـان لـە پـاش دەرخراوەکانیانەوە، دەبنە هۆی جەختکردنەوە لە سەر دەرخراوەکەی پێش یان دوای خۆیان و دەرخراوەکە دەخەنە حاڵەتی تیـشکۆ– Focusەوە، وەك لـە نمونـەی (٣١) و (٣٢) دا دیارە:

(٣١)

[چێوەی تیشکۆ- Focus [دەرخەر= ك.ت **یەکـەم**] [درخراو= تیشکۆ- Focus **کـەس**] لـە ریزەکـەدا بێتـە دەرەوە].

(٣٢)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus **کوڕە**[ درخراو= تیشکۆ- Focus**چاو**] [دەرخەر= ك.ت **شینەکەم**] **مەبەستە**].

**ث. پارتیکڵی ئاوەڵکرداری (تەنانەت)**[181]:

ئەم پارتیکڵە بە پێی جێکەوتەی دەرکـەوتنی لـە رسـتەدا مـەودای جەختەکـەی و ئەو کەرەستانەی دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە دەگۆڕێت.

ا.ئەگەر لە سـەرەتای رسـتەدا دەربکـەوێت، ئـەوا جـەخت لـە سـەر واتـای هـەموو رستەکە دەکاتەوە و هـەموو رسـتەکە دەخاتـە حاڵـەتی تیـشکۆ– Focusەوە، وەك لـە نمونەی (٣٤) دا دیارە:

(٣٤)

[چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **تەنانەت**] [ **تیشکۆ**– Focus **درۆش دادت نادات**]].

181 تەنانەت و دیسانەوە، بـەوە دەسـەلمێت کـە پـارتیکڵی ئـاوەڵکردارە، کـە پـارتیکڵی تەواوکـەری (یـش)ی لەگەڵدا بەکادێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **محەمەد** مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٥: ٦٧ - ٧٢).

ب. ئەگەر لە پێش پێکهاتەیەکەوە لـە نـاو رسـتەکەدا دەربکـەوێت، ئـەوا مـەودای تیشکۆەکەی– Focus دروستیدەکات تەنها ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە، وەك لە نمونەی (٣٥) دا دەردەکەوێت:

(٣٥)

[چێوەی تیشکۆ– Focus تکایە ! قەرز نییە[ ك.ت تەنانەت] [ تیشکۆ– Focus بۆ تۆش]].

ج. **پارتیکڵی ئاوەڵکرداری (دیسانەوە):**

ئـەم پارتیکەڵـەش جەختدەکاتـەوە لـە واتـای ئـەو (نـاو یـان فرێـزی نـاوی یـان کـردار)ەی، کـە لـە دوایـەوە دێـت و دەیخاتـە حاڵـەتی تیـشکۆ– Focusەوە و واتـای دوبارەکردنەوەی پێدەبەخشێت، وەك لەنمونەی (٣٦) و (٣٧) و (٣٨) دا دیارە:

(٣٦)

[ چێوەی تیشکۆ– Focus [ ك.ت دیسانەوە] [ تیشکۆ– Focus تۆی] براگیان]!

(٣٧)

[ چێوەی تیشکۆ– Focus [ ك.ت دیسانەوە] [ تیشکۆ– Focus برینی کۆنم] کەوتەوە یاد].

(٣٨)

[ چێوەی تیشکۆ– Focus ك.ت دیسانەوە] [ تیشکۆ– Focus هاتەوە]]

**ح. وشەی رادەی (هەموو) و (گشت)**[182]:

ئەم دوو وشەیە دەتوانن لە پێش یان لە دوای ئەو ناوە دەربکەون، کە جەخت لە سەر واتای دەکەنەوە و دەیخەنە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٣٩) و (٤٠) دا دەردەکەوێت:

(٣٩)

ا. [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **هەموو**] [ **تیشکۆ**– Focus **خوێندکارەکان**] **زیرەکن**].

ب. [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ **تیشکۆ**– Focus**خوێندکارەکان**] [ ك.ت **هەموویان**] **زیرەکن**].

(٤٠)

ا. [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **گشت**] [ **تیشکۆ**– Focus **زەوییەکە**] **کێڵرا**].

ب. [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ **تیشکۆ**– Focus **زەوییەکە**] [ ك.ت **گشتی**] **کێڵرا**].

182 گشت: واتای یەکێتی دانەکانی کۆمەڵێك دەردەبڕێت و هەموو: واتای دانە دانەی کۆمەڵەکە دەردەبڕێت.

### خ. پارتیکڵی (تەنها):

ئەم پارتیکڵە هەمیشە دەبێتە هۆی جەختکردنەوە لە واتای ئەو کەرەستەیەی لە دوایەوە دێت و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٤١) و (٤٢) دا خراوەتەروو:

(٤١)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **تەنها**] [ **تیشکۆ**– Focus تۆ] وەرە].

(٤٢)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **تەنها**] [ **تیشکۆ**– Focus کوڕە] پشتی پێببەستم].

### د. پارتیکڵی (هێشتا):

ئەم پارتیکڵە لە پێش هەر پێکهاتەیەکەوە بێت، ئەو پێکهاتەیە دەخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، چونکە جەخت لە سەر واتای ئەو پێکهاتەیە دەکاتەوە، وەك لە نمونەی (٤٣) دا دیارە:

(٤٣)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت **هێشتا**] [ **تیشکۆ**– Focus نەمردوم] تا کراسەکەم لە بەربکەیت].

**ذ. زۆربەی وشەکانی سوێندخواردن (بە خوا، بە شەرەفم، بە تەلاقم، بە سەری باوکم)، دەبنە هۆی جەختکردنەوە لە واتای ئەو پێکهاتەیەی لە دوایانەوە دێن و دەیانخەنە حاڵەتی تیشکۆ-** Focusەوە، وەك لە نمونەی (٤٤) و (٤٥) و (٤٦) و (٤٧) دا دیارە:

(٤٤)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت بە خوا] [ تیشکۆ– Focus دێیت]].

(٤٥)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت بە شەرەفم] [ تیشکۆ– Focus وا نییە]].

(٤٦)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت بە تەلاقم] [ تیشکۆ– Focus نایخۆیت]].

(٤٧)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ ك.ت بە سەری باوکم] [ تیشکۆ– Focus دەچیت]].

**ر. پێشگری ئاوەڵکرداری ئاراستەی (هەڵ- و دا- و را-):**

ئەم ئاوەڵکردارانە کاتێك دەچنە سەر کردار، دەبنە هۆی جەختکردنەوە لە کردەی کردارەکە و بەمەش خودی کردارەکە دەخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٤٨ا) و (٤٨ب) و (٤٨پ) و (٤٨ت) دا دیارە:

(٤٨)ا. کۆترەکە فڕی.

ب. [ چێوەی تیشکۆ- Focus کۆترەکە [ ك.ت هەڵ] [ تیشکۆ– Focus فڕی]].

پ. [چێوەی تیشکۆ- Focus من یارییەکەم [ ك.ت را] [ تیشکۆ– Focus گرت]].

ت. [چێوەی تیشکۆ- Focus حەماڵەکە بارەکەی [ ك.ت دا] [ تیشکۆ– Focus گرت]].

هەردووو رستەی نمونەی (٤٨ا) و (٤٨ب) هەمان واتایان هەیە، لە هەردووو حاڵەتەکەدا (کۆترەکە فڕیوە). بەڵام تەنیا جیاوازیان لەوەدایە، کە لە رستەی (٤٨ب)دا بە هۆی ئاوەڵکرداری (هەڵ)ەوە توانراوە جەخت لە سەر کردەی فڕینەکە بکرێتەوە و بەمەش کردارەکەی خستۆتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە. ئەمە جگە لەوەی ئاوەڵکردارەکە بۆتە هۆی دیاریکردنی ئاراستەی فڕینی کۆترەکە، کە (بەرزبوونەوەیە). هەمان شیکردنەوە هەردووو ئاوەڵکرداری (ڕا) و (دا)ش دەگرێتەوە.

### ز. پارتیکڵی (هەر):

ئەم پارتیکڵە دەبێتە هۆی جەختکردنەوە لە واتای ئەو کەرەستەیەی لە دوایەوە دێت و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٤٩) دا دیارە:

(٤٩)

[چێوەی تیشکۆ– Focus [ ك.ت هەر] [ تیشکۆ– Focus بڕۆ ] تا گۆڕە ون دەبیت]].

لە کۆتایی ئەم ڕێگایەی دروستکردنی دروستەی باسمەندی مۆرفۆلۆژیدا (واتە بە کەرەستەی ئاستی مۆرفۆلۆژی)، دەبێت ئەوە بوترێت، کە ڕەنگە بەکارهێنانی هەموو ئەم وشە و پارتیکڵانە وەك یەك نەبێت لە لایەن قسەکەری زمانەکەمانەوە. لەوانەیە لە بارودۆخێکدا ئاخێوەر دوان یان سیان لەم وشە و پارتیکڵانە لە رستەیەکدا ئاوێتە بکات و بیەوێت کاریگەری تەواوی ئەو حاڵەتەی لە ئاوەزیدا دروستبووە بەم وشە و پارتیکڵانە دەربیبڕێت بۆ بەرانبەر، بۆ نمونە ڕەنگە قسەکەرێك بۆ دەربڕینی حاڵەتێکی وەك بینینی (سەرەك کۆمار) و قەناعەتکردنی بەرانبەر بەم زانیارییە هەردووو وشەی (خود) و (جێناوی خۆیی) لە رستەیەکی وەك نمونەی (٥٠) دا بەکاربهێنێت:

(٥٠)

[ چوارچێوەی تیشکۆ– [Focus ك.ت١ خودی] [ تیشکۆ– Focus سەرەك کۆمار] [ ك.ت٢ خۆیم] بینی].

### ٣-دروستەی باسمەندی سینتاکسی:

سینتاکسی زمانی کوردی بە هۆی تیشکۆ– Focusەوە، کە لە چەند پێکهاتوی تایبەتیدا دەردەکەوێت، دەبێتە خاوەنی دروستەی باسمەندیی. هەردووو بونیاتەی رستەی (پرسیار) و (سەرسوڕمان) لە زمانی کوردیدا بە هۆی تیشکۆ– Focusەوە رستەی باسمەندییان لێدروست دەکرێت. ئەمە جگە لە چەند پێکهاتوییەکی تر، کە زیاتر ئەمانەی خوارەوەن:–

- **رستەی پرسیاری:**

لە رستەی پرسیاری زمانی کوردیدا، کە بە وشە پرسەکانی (کێ، کەی، چی، چۆن، چەند) دروستدەکرێت و لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە بێ گواستنەوەی سینتاکسی[١٨٣]. بەڵام بە هۆی ئەو هێزە تایبەتیەی لە دەربڕینیاندا بە کاردێن لۆجیکیانە دەرهێنراون و خراونەتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە. واتە ئەو هێزەی لە سەر وشە پرسەکە دەردەکەوێت بریتیە لە (هێزی سەرتۆپی) نەك (هێزی سینتاکسی)[١٨٤]. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ئەم وشە پرسیارانە ناتوانرێن سینتاکسییانە بگوێزرێنەوە چونکە خۆیان لە ئاستی قوڵدا بە هۆی هێنانە پێشەوەی لۆجیکی وەك رستەی باسمەند دەرهێنراون. نمونەکانی (٥١ا) و (٥١ب) و (٥١پ) و (٥١ت) و (٥١ج) ئەزمونبەندکەری بۆچونەکەمان دەخەنەڕو، چونکە خاوەنی دارشتەی لۆجیکی (٥٢ا) و (٥٢ب) و (٥٢پ) و (٥٢ت) و (٥٢ج)ن:

(٥١)

ا. نەوزاد کێی کوشت؟

ب. نەوزاد کەی دەگات؟

پ. نەوزاد چی دەکات؟

ت. نەوزاد چۆن دەڕوات؟

ج. نەوزاد چەندی پێنوس دەوێت؟

---

183 بڕوانە محەمەد مەحوی (٢٠٠١).

184 بۆ زانیاری زیاتر لە سەر (هێزی سەرتۆپی) و (هێزی سینتاکسی) و جیاوازی نێوانیان، بڕوانە: پاری دووەمی ( بەشی دووەم)ی ئەم کتێبە.

بــه پێــی دروســتەی (١)ی پێــشنیازکراو لــەم بەشــەدا، رســتەکانی نمونــەی (٥١) دارِشتەی لۆجیکی نمونەی (٥٢)یان هەیە:

(٥٢)

ا. [ بۆ X = کێ[ S نەوزاد (X)ی کوشت]؟

ب.[ بۆ X = کەی[ S نەوزاد(X) دەگات]؟

پ. [ بۆ X = چی[ S نەوزاد(X) دەکات]؟

ت. [ بۆ X = چۆن[ S نەوزاد (X) دەڕوات]؟

ج. [ بۆ X = چەندی[ S نەوزاد(X )ی دەوێت]؟

پاساودانی بۆچونەکەش بەوە دەکرێت، کە هیچ کـام لـە رسـتەکانی نمونـەی (٥١) نـاتوانن بکەونـە ژێـر کاریگـەری یاسـاکانی باسمەنـدەوە( کـە لـە بەشـی دووەمـی ئـەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشنیازکرا). خۆ ئەگەر بێتو بخرێنە ژێـر کاریگـەری ئـەم یاسـایانەوە، ئەوا چەند رستەیەکی نارێزمانی وەك نمونەی (٥٣) دەستدەکەون:

(٥٣)

ا. * [ س.م کێ]،[ س.ل نەوزاد] [ ك[ س.ل١ t [ پ. کوشت]]]؟

ب. * [ س.م کەی]،[ س.ل نەوزاد] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەگات]]]؟.

پ. * [ س.م چی]،[ س.ل نەوزاد] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەکات]]]؟

ت. * [ س.م چۆن]،[ س.ل نەوزاد] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەڕوات]]]؟

ج. * [ س.م چەندی پێنوس ]،[ س.ل نەوزاد] [ ك[ س.ل١ t [ پ. دەوێت]]]؟

- ***رستەی سەرسوڕمان:***

لـە رسـتەی سەرسـوڕمانی زمـانی کوردیـدا، ئـەو پێکهاتەیـەی زەقکراوەتـەوە بـۆ بەرانبـەر و سەرسـوڕمانەکەی پێـدەربڕاوە بـە هەمانـشێوەی وشـە پرسـەکانی رسـتەی پرسیاری خاوەنی (هێزی سەرتۆپ)یە نەك (هێزی سینتاکسی)، هـەر بـە هـۆی هێنانـە پێشەوەی لۆجیکیانەی ئەو پێکهاتەیەوە رستەی باسمەند هاتۆتەکایەوە. بەم شـێوەیە رستەکانی نمونەی (٥٤) خاوەنی فۆڕمی لۆجیکی (٥٥)ن:

(٥٤)

ا.ئاری هەموو نانەکەی خوارد !

ب. کاوە ژنی هێنا !

پ. ئارام ئازایانە مرد !

ت. منداڵە زیرەکەکە پەنجەرەکەی شکاند !

بە هۆی هێزی سەرتۆپییەوە لە دەربڕینی ئەو پێکهاتانەی واتای سەرسوڕمانیان بەخشیوە بە رستەکانی نمونەی (٥٤)، دەتوانرێت بوترێت رستەکان دەبنە خاوەنی ئەم فۆڕمە لۆجیکیانە:

(٥٥)

ا. [ بۆ X = **هەموو نانەکە**[ S قسەکەر سەرسوڕمانی خۆی دربڕیوە دەربارەی خواردنی (X) لە لایەن ئارییەوە].

ب. [ بۆ X = ژن[ S قسەکەر سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی ئەوە دەربڕیوە، کە چۆن کاوە (X)ی هێناوە].

پ. [ بۆ X = ئازایانە[ S قسەکەر سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی ئەوە دەربڕیوە، کە چۆن ئارامی ترسنۆک (X)انە مردوە].

ت.[ بۆ X = پەنجەرە[ S قسەکەر سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی ئەوە دەربڕیوە، کە چۆن منداڵە زیرەکەکە (X)ی شکاندوە].

لێرەدا دەبێت ئەوەش شیبکرێتەوە، کە زمانی کوردی دەتوانێت بە هۆی چەند وشەیەکی تایبەتەوە، کە جەختدارن و لە حاڵەتی تیشکۆدان– Focus، واتای سەرسوڕمان ببەخشن بەو رستەیەی لە دوایانەوە دێن، وەك هەر چوار وشەی (ئاخ) و (ئای) و (خالق) و(ئۆف)، لە نمونەی (٥٦) و (٥٧)

و (٥٨) و (٥٩)دا دیارە:

(٥٦) [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ– Focus ئاخ]، خۆزگە نەمردایە] !

(٥٧) [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ– Focus ئای]،لەو کچە جوانە] !

(٥٨) [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ – Focus خالق]،لەو بالآیە] !

(٥٩) [ چێوەی تیشکۆ- Focus [ تیشکۆ – Focus ئۆف]، لەم منداڵە نەگبەتە][١٨٥]

- **زۆرجار قسەکەر بە دەربڕینی رستەیەك بیرەکەی بە بەرانبەر گەیاندوە.**

بەڵام لە کۆتای رستەکەدا وشەیەك یان فرێزێك دەردەبڕێت بۆ روونکردنەوەی زیاتری بیرەکە و گەیاندنی زانیاری زیاتر بە گوێگر. بە شێوەیەکی گشتی ئەم وشانە یاخود فرێزانە جەختێکی تایبەتی لە دەربڕینیاندا بەکاردێت و دەکەونە حاڵەتی تیشکۆ- Focusەوە. وەك لە نمونەی (٦٠) و (٦١) و (٦٢) دا دەردەخرێت:

(٦٠)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus نەوزاد مرد،[ تیشکۆ – Focus کارەبا گرتی]].

(٦١)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus دوژمن روخێنرا، [ تیشکۆ – Focus بە هێزی گەل]].

(٦٢)

[ چێوەی تیشکۆ- Focus ئارام سەیارەکەی وەرگرت،[ تیشکۆ – Focus بە خۆڕایی]].

بە ورد بونەوە لە هەر سێ نمونەکە، دەردەکەوێت، کە چێوەی تیشکۆ – Focusی نمونەی (٦٠) و (٦١) و (٦٢) رستەی رێزمان دروست و واتا راستن، بەڵام قسەکەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی پێکهاتەی تیشکۆداری– Focus [کارەبا گرتی] و [ بە هێزی گەل] و [ بە خۆڕایی] دەربڕیوە لە کۆتایی دروستەی زانیاری نمونەکاندا، تا زانیارییەکی زیاتر بۆ مەبەستێکی تایبەتی بە بەرانبەر بگەیەنێت وەك زانیارییەکی زیادە.

---

[185] محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٢: ٢٨-٢٩) لە لێکۆڵینەوەیدا بۆ رستەی سەرسوڕمان، پێیوایە مەبەستی قسەکەر لە دەربڕینی بیرۆکەی ئاوەزی بە رستەی سەرسوڕمان زیاتر هەستدەربڕینە.

- **رستەی تەواوکەر:**

ئەگەر رستەی تەواوکەری رستەی ناسادە رستەی دەرخەری بوو، ئەوا دیسانەوە ئەم رستە تەواوکەرە دەرخەرییە جەختدەکاتەوە لە سەر بکەری رستە سەرەکییەکە و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە، وەك لە نمونەی (٣٣) دا دیارە:

(٦٣)

[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus [ **تیشکۆ– Focus هاوراز**]، [ ك.ت **کە کوڕی مامە**] **زیرەکە**].

دەبینرێت لە نمونەی (٦٣) دا، کە رستە تەواوکەرەکە جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە بکەری رستە سەرەکییەکە کوڕی مامی قسەکەرە نەك (کوڕی خاڵی یان کوڕی پوری یان...هتد) نییە[186].

## ❋ کارلێکردنی فۆڕمە جیاوازەکانی تیشکۆ- Focus لە زمانی کوردیدا:

هەروەك شیکرایەوە، زمانی کوردی خاوەنی سێ رێگایە بۆ دروستکردنی حاڵەتی تیشکۆ– Focus. هەندێکجار قسەکەری زمانەکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی یان دەربڕینی حاڵەتێکی (پەشۆکاویی، قەناعەت پێکردن، هەستدەربڕین.......هتد) ناچار دەبێت بۆ ئەوەی یەکێك لەم مەبەستانەی سەرەوەی پێدەربڕێت دوو فۆڕمی تیشکۆ– Focusی لە رستەیەکدا ئاوێتە بکات، ئەمە جگە لەوەی هەروەك لە(ل١٣٨) دا خرایەروو، هەندێك لە قسەکەران دوان یان زیاتر لەو وشە و پارتیکلانەی پێکهاتەکان دەخەنە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە بەکاربهێنێت. بەم شێوەیە زمانی کوردی و دروستەی رستەکانی

---

186 بەکر عومەر (١٩٩٢: ٣٣-٤٣) لە نامەی ماستەرەکەیدا لە ژێر سەرناوی (پەیوەندی واتایی و مەنتیقی نێوان پارستەکان) شیکردنەوەیەکی وردی کردوە بۆ پەیوەندی نێوان پارستەکانی رستەی ناسادە، یەکێك لەو پەیوەندییانەش ( پەیوەندی بەهێزکردن "**Enhancement**")ە، کە بە ر ونی دەرخستوە لەم پەیوەندیەدا یەکێك لە پارستەکان واتای ئەویتریان بەهێز دەکات.

کار ئاسانی  کردوه بۆ ئاخێوەری زمانی کوردی، تا بە هۆی ئەم فۆڕمە جیاوازانەی رستەوە، بتوانێت ئەو بیرۆکە و مەبەستە ئاڵۆز و چڕانەی لە ئاوەزیدا دروستدەبن دەریانبڕێت. نمونەی (٦٣) دەربڕی دوو فۆڕمی جیاوازی تیشکۆ– Focusە لە زمانی کوردیدا، کە تیایدا قسەکەر بە مەبەستی قەناعەتکردنی بەرانبەر بەو پرۆسەبەی بە چاوی خۆی بینیویەتی، دێت دوو جار جەختدەکاتەوە لە سەر پرۆسەی بینینەکەی، جارێکیان لە رێگەی دوو وشەی مۆرفۆلۆژییەوە جەخت دەخاتە سەر پرۆسەی بینینەکە، جارێکی تر بە دەربڕینی شوێنی بینینەکە لە کۆتایی رستەکەدا. وەك لە نمونەی (٦٤) دا ئەزمونبەند کراوە:

(٦٤)[ چوارچێوەی تیشکۆ- Focus من[ ك.ت١ خودی] [ تیشکۆ– Focus سەرەك کۆمار] [ ك.ت٢ خۆیم] بینی[ تیشکۆ– Focus لە سەیرانگاکە].

لەم نمونەیەدا، دەبینرێت دوو پێکهاتە هەیە لە حاڵەتی تیشکۆدان– Focus، کە یەکەمیان فرێزی ناوی (سەرەك کۆمار)ە و بە هەردووو کەرەستەی تیشکۆ– Focusی (خود) کە لە پێشیەوە هاتووە و

(جێناوی خۆیی"خۆی")، کە لە دوایەوە هاتووە، خراوەتە حاڵەتی تیشکۆ– Focusەوە.

دووەمیشیان فرێزی پێشناوی (لە سەیرانگاکە)دایە. لێرەدا قسەکەر بە رستەی (من خودی سەرەك کۆمار خۆیم بینی) زانیاری تەواوی داوە بە گوێگر، بەڵام لە ترسی ئەوەی گوێگر نەبا باوەڕی پێنەکات، هاتووە لە کۆتایی رستەکەدا ئەم فرێزە پێشناوییەی دەربڕیوە بۆ بەرانبەر.

## ❋ دروستەی بەشی کۆمێنتی تیشکۆداری- Focus رستەی سەرتۆپی:

دروستەی بەشی کۆمێنتی تیشکۆدار– Focus لە دروستەی رستەی سەرتۆپیدا ئاشکرا دەردەکەوێت، بەشی کۆمێنت هەروەك لە بەشی دووەمدا بە وردی شیکرایەوە پێکدێت لە (پرۆسە) و تەواوکەرەکانی (ئەگەر هەبن). کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی زمانی کوردی یان ئەوەتا هەموی زانیاری نوێیە یان ئەوەتا تەنیا پرۆسەکەی جەختی لە سەرە و زانیاری نوێیە. لەم روانگەیەوە و بە پێی ئەوەی ئایا هەموو بەشی کۆمێنت جەختی لە سەرە و زانیاری نوێیە یان تەنیا پرۆسەی بەشی کۆمێنتەکە جەختی لە سەرە و زانیاری نوێیە ، دەتوانرێت دوو چەشنی دروستەی کۆمێنتی تیشکۆدار– Focus جیابکرێتەوە. بۆ ئەوەی بە تەواوی رونببێتەوە کام کەرەستەیە لە ناو بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپیدا لە حاڵەتی تیشکۆدایە– Focus و زیاتر تیشکۆکە– Focus بۆ خۆی رادەکێشێت و دەبێتە
(لوتکەی تیشکۆ– Focus"Focus Peaking")[١٨٧].

### ١- دروستەی کۆمێنتی تیشکۆداری- Focus مەودا فراوان:

ئەم جۆرە لە دروستەی کۆمێنتی تیشکۆدار– Focus کاتێك رودەدات، کە هەموو کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی (کردار و هەموو تەواوکەرەکانی) جەختیان لە سەر بێت و زانیاری نوێ دەبەخشن و لە حاڵەتی تیشکۆدان– Focus. ئاشکراشە، کە تەواوکەرەکانی کرداری بەشی کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی زیاتر فرێزە پێشناوییەکان و چەشنەکانیان دەگرێتەوە[١٨٨]. واتە کاتێك یەك تەواوکەری جەختدار هەبوو، زانیاری نوێی بەخشی و تەواوکەرەکانی تریش هەر هەبوون، بەڵام وەك سەرتۆپی لاوەکی زانیاری زانراو بوون، ئەوا ئەمە حاڵەتی بەشی کۆمێنتی تیشکۆداری– Focus مەودا فراوانە. لەم بارەی دروستەی تیشکۆدا– Focus هەریەکە لە (کردار) و تەواوکەرەکانی

---

[187] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم زاراوەیە و بەکارهێنانەکەی و جیاکردنەوەی ئەم دوو چەشنەی کۆمێنتی تیشکۆدار،بڕوانە:

ا.Wedgood (2003:75).

ب.Crystal (2003:60,307).

پ.Floor (2004:155-157).

[188] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە پاری دووەمی ( بەشی دووەم)ی ئەم کتێبە.

هەمان پلەییان نییە لە دەرکەوتوییدا، بەڵکو تەنیا یەکێکیان دەبێتە (لوتکەی تیشکۆ– Focus "Focus peaking").

بۆ روونکردنەوەی زیاتر با لە نمونەی (٦٥) ورد ببینەوە:

(٦٥)

[ سەرتۆپ **شیرین**] [ کۆمێنتی تیشکۆداری- Focus مەودا فراوان Broad [ س.ل١ **نامە**[ س.ل٢ **بە قەڵەم**[ پ. دەنوسێت]]].

ئێستا لەم حاڵەتەدا هەموو کۆمێنتی [ نامە بە قەڵەم دەنوسێت] لە حاڵەتی تیشکۆدایە– Focus و دروستەی کۆمێنتی تیشکۆداری– Focus مەودا فراوانە. بەشی کۆمێنتەکەش زانیاری نوێی بەخشیوە بە بەرانبەر و وەڵامی پرسیارێکی وەك نمونەی (٦٦)ی گوێگری داوەتەوە:

(٦٦) شیرین چیدەکات؟

بەڵام رستەکە وەڵامی پرسیارێکی وەك نمونەی (٦٧) یان (٦٨) ناداتەوە:

(٦٧) شیرین چی بە قەڵەم دەنوسێت؟

(٦٨) شیرین نامە بە چی دەنوسێت؟

بۆیە قسەکەر پێویستە لە سەری لە بەشی کۆمێنتی تیشکۆداری– Focus نمونەی (٦٥) یەکێك لە پێکهاتەکان هەڵبژێرێت و بیکاتە (لوتکەی تیشکۆ– Focus "Focus Peaking") و وەڵامی رستەیەکی پرسیاری وەك نمونەی (٦٧) یان (٦٨)ی پێبداتەوە، ئەمەش بە نمونەی (٦٩) و (٧٠) روندەکرێتەوە:

(٦٩)

[سەرتۆپ **شیرین**] [ کۆمێنتی تیشکۆداری- Focus مەودا فراوان Broad [ س.ل١ = لوتکەی تیشکۆ- Focus**نامە**[ س.ل٢ **بە قەڵەم**[ پ. دەنوسێت]]].

(٧٠)

[ سەرتۆپ **شیرین**] [ کۆمێنتی تیشکۆداری- Focus مەودا فراوان Broad [ س.ل١ **نامە**[ س.ل٢= لوتکەی تیشکۆ/Focus **بە قەڵەم** [ پ. دەنوسێت]]].

**٢- دروستە كۆمێنتى تيشكۆدارى- Focus مەودا تەسك:**

ئـەم جـۆرە لـە دروسـتـەى كۆمێنـت زيـاتر كاتێـك رودەدات، كـە تـەنيا كـردارى (پرۆسەى) بەشى كۆمێنتى دروستەى رستەى سەرتۆپى جەختى لە سەر بێت و زانيارى نوێ ببەخشێت، ياخود ئەم دروستەيە ئەو كاتە دێتە كايەوە، كـە هـيچ تەواوكـەرێك لـە بەشـى كـۆمێنتى دروسـتـەى رسـتـەى سـەرتۆپيدا نـەبێت. وەك لـە حالـەتى كـردارە تێنەپەڕەكاندا رودەدات. بۆ شيكردنەوەى زياتر با لە نمونەى (٧١) بروانين:

(٧١)

[ سەرتۆپ **مەڕەكان**] [ كۆمێنتى تيشكۆدارى- Focus مەودا تەسك Narrow [ **پ.**= لوتكەى تيشكۆ- Focus

**دەلەوەڕێن**]].

به وردبوونەوە لە نمونەكە، دەردەكەوێت، كە پرۆسەى نمونەكە جەختى لە سەرە و لە حالەتى "تيشكۆ/Focusى مەودا تەسكدايە" و زانيارييـەكى نـوێى بەخـشيوە بـە بەرانبەر، بەوەى وەلامى پرسيارێكى وەك نمونەى (٧٢)ى داوەتەوە:

(٧٢) مەڕەكان چيدەكەن؟

كەواتە بە پێى شيكردنەوەى ئەم جۆرە دروستەيەى بەشى كـۆمێنتى تيـشكۆدار– Focus تەسك و بە پێى زانيارى دەربڕاو لە نمونەى (٧١) دا و بەراوردكردنى بە زانيارى داواكراو لە نمونەى (٧٢) دا، دەردەكەوێت، كە پرۆسە (كردار) لەم جـۆرە دروسـتـەيەدا (لوتكەى تيشكۆ– Focus"Focus Peaking")ە. بـەلام لەگـەڵ ئەمەشـدا نابێـت ئـەوە نەخرێتـەروو، كـە مـەرج نييـە هـەموو كـردارە تێنەپـەڕەكان "كـۆمێنتى تيـشكۆدارى– Focus مەودا تەسـك"بـن، چـونكە هـەروەك زانـراوە كـردارى تێنەپـەڕيش هێـشتا هـەر دەتوانێت فۆڕمى فرێزى ئەدڤێربڵى (كات و شوێن)ى هەبێت، جـا لەوانەيـە جـەختى لـە سەر بێت و زانيارى نوێ ببەخشێت، ياخود لەوانە نييە جەختى لە سەر بێت و زانيـارى نوێ ببەخشێت، وەك لە نمونەى (٧٣) و (٧٤) دا دەردەكەوێت:

(٧٣)

[ سەرتۆپ **مەڕەكان**] [ كۆمێنتى تيشكۆدارى- Narrow Focus [س.ل٢ **لە شيناڵەكە**[ **پ.**= لوتكەى تيشكۆ/Focus **دەلەوەڕن**]]].

(٧٤)

[ سەرتۆپ مەڕەکان] [ کۆمێنتی تیشکۆداری- Narrow Focus [س.لاوەکی تیشکۆدار- Focus لە شینالّەکە[ پ.= لوتکەی تیشکۆ- Focus دەلەوەڕێن]]].

لە نمونەی (٧٣) دا دەبینرێت، کە سەرتۆپی لاوەکی دوو (لە شینالّەکە) جەختی لە سەر نییە و زانیاری نوێی نەبەخشیوە و هەموو رستەکەش وەڵامی رستەیەکی پرسیاری وەك نمونەی (٧٥)ی داوەتەوە:

(٧٥) مەڕەکان لە شینالّەکە چیدەکەن؟

بەڵام لە نمونەی (٧٤) دا دەبینرێت، کە سەرتۆپی لاوەکی دوو (لە شینالّەکە) جەختی لە سەرە و زانیاری نوێی بۆ بەرانبەر دەربڕیوە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە رستەیەکی پرسیاری

وەك نمونەی (٧٦):

(٧٦) مەڕەکان لە کوێن و چیدەکەن؟

لە شیکاری پەسنکارانەی ئەزمونبەندی بەشی ( دووەم ) و بەشی ( سێیەم )ی ئەم لێکۆڵینەوەدا، دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی خاوەنی دروستەی رستەی باسمەندە، بناغەی دروستەکەشی رستەی سەرتۆپییە. خودی دروستەی رستەی باسمەندی زمانی کوردیش بەرهەمی دوو چەشنی جیاوازی پێکهاتە دەرهێنانە: دەرهێنانی رێزمانی و دەرهێنانی لۆجیکی. ئەم دوو دەرهێنانەش هەرەمەکی نین، بەڵکو بەندن بە یاساکانی "قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە" و بە

دروستەی زانیاری تیۆری "سەرتۆپ – کۆمێنت/تیشکۆ/Focus"ەوە.

# پوختەی بابەت

لە شیکردنەوەی پەسنکارانەی ئەزمونبەندیدا، رونکراوەتەوە، کە زمانپـژانی منداڵ بە "سەرتۆپ"ە. ئەم پێزانینەش بۆتـە بنـەمای دارشـتنی تیـوری " سـەرتۆپ — کۆمێنت/تیشکۆ". شیکردنەوەیف٥ تیۆرییەکە بە یاسایەکی سەرپشکی "قوتابخانـەی بەرهــەمهێنان و گواســتنەوە" کـراوە. تیۆرییەکــەش بـۆ رونکردنــەوە و خــستنەڕوی باسمەندیی زمانە.

پاش کارکردن لـە چـێوەی ئـەو تیۆرییـەدا و بـەکارهێنانی ئـەو یاسـایە، ئـەنجامی شـیکردنەوەکان بـە سـەر دەربڕاوەکـانی زمـانی کوردیـدا ئاشـکرا بـوو، کـە لـە زمـانی کوردیـشدا "پرۆسـەی باسمەنـد" و "دروسـتەی رسـتەی باسمەنـد" هـەن و دروسـتەی "ڕستەی سەرتۆپ"یش بناغەیانە. خودی رستەی باسمەنـدیش بەرهـەمی دوو چەشـنی جیاوازی پێکهاتە دەرهێنانە: دەرهێنانی رێزمانیی و دەرهێنانی لۆژیکیی، کە بەندن بـە یاسـاکانی " قوتابخانـەی بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوە" و دروسـتەی زانیـاری تیـۆری "سەرتۆپ — کۆمێنت/تیشکۆ"وە. تێکەڵبوونی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی زمـانی کـوردیش لـە " دروسـتەی باسمەنـدی مۆرفۆلـۆژی"دا وەك ئـەنجامێکی شـیکردنەوەی باسمەندیی خراوەتەڕوو.

# ئه نجام

١.  "سەرتۆپ" دەربڕاوی سەرەکی و سەرەتایی هزری منداڵە، بەمەش (سەرتۆپ) رۆڵی سەرەکی لە زمانپژانی منداڵی کوردا دەبینێت. ئەمەش سەرەتاکانی گرنگی تیوری "سەرتۆپ–کۆمێنت/تیشکۆ/Focus" لە زماندا بە گشتی و لە زمانی کوردیشدا دەردەخات. هەر ئەم گرنگییەی تیورییەکەیە وایکردوە جێگەی سەرنجی جیاوازی لێکۆڵەران بێت و لێکدانەوەی جیاواز بۆ تیورییەکە بخەنەروو.

٢.  رستەکانی زمانی کوردی ئاسایی وەك دروستەی "رستەی سەرتۆپی" پەیوەست بە تیوری "سەرتۆپ–کۆمێنت/تیشکۆ/Focus"ەوە شیدەکرێتەوە و دەخرێتەروو. بەرهەمی ئەم شیکردنەوەیەش رستەی سەرتۆپی زمانی کوردییە، کە بناغەیە بۆ بەرهەمهێنانی رستەی باسمەندی زمانی کوردی.

٣.  زمانی کوردی خاوەنی رستەی باسمەندە وەك زمانەکانی تر، رستەی باسمەندی زمانی کوردیش لە (رستەی سەرتۆپی)ەوە هەڵدەگوازرێت پەیوەست بە مەرج و رێسا و قەیدەکانی "قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە"وە وەك یاسایەك لە یاساکانی گواستنەوەی (هەڵواسین)ی سەرپشکی (ویست و ئارەزومەندانە). ئەم ئەنجامەش بەرهەمی (دەرهێنانی رێزمانیی پێکهاتەیە) لە ئاستی سینتاکسی زمانی کوردیدا.

٤.  جگە لە دەرهێنانی رێزمانی، چەشنێکی دیکەی دەرهێنانی پێکهاتەش هەیە، کە بەرهەمەکەی دیسانەوە "رستەی باسمەند"ە، ئەویش "دەرهێنانی لۆجیکی"یە. ئەم دەرهێنانەش پەیوەست بە دروستەی زانیاری تیوری "سەرتۆپ–کۆمێنت/تیشکۆ/Focus" لە زمانی کوردیدا شیدەکرێتەوە و دەخرێتەروو.

٥.  لە بەر ئەوەی بە لایەنی کەمەوە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی بە پێی رێسای سەرەکۆتایین، بۆیە توانراوە دروستەی هەندێك وشەی لێکدراو بە هەمان یاسا و مەرج لێکبدرێتەوە وەك لە" رێگای باسمەندی مۆرفۆلۆژیدا" دەرکەوت.

٦.  شیکردنەوەکە پەسنکردنی رێزمانێکی ئاسانی زمانی کوردی بە دەستەوە دەدات، بە واتا یاساکانی بەرهەمهێنان تا رادەیەکی زۆر هەمان یاسان (وەك پەیکاڵبوونی دروستەی رستەی سەرجێناوی و باسمەند) و (دروستەی رستەی وەڵام و کۆمێنتی رستەی سەرتۆپی)

## Abstract

The empirical descriptive analysis has proven that language acquisition in children starts with only topic. This obtainment is the very beginning of theories of "topic- comment/ focus" postulations. This theory analysis is explained in the light of an optional rule of Transformational Generative, to show and explain linguistic topicalization in Kurdish language.

After working within the frame of theory of "topic-comment/ focus" and adopting Transformational Generative rules side by side with examining Kurdish utterances in the light of the above mentioned theories; the researcher proved that Kurdish language also owns topicalization process as well as topicalization sentence structure, and that topicalization structure is the base to topicalization process.

Also, topicalization sentence itself is the production of two different types of component displacement: Syntactic displacement and logical displacement which are both strictly bound to Transformational Generative rules and information structure theories of "topic- comment/ focus" theories.

Eventually, the Kurdish syntactic and morphosyntactic intermix in morphological topic structure is presented in the thesis as well.

The study composed of three chapter whit a preview; the preview is devoted to the title of the study and reasons, values, hypotheses, and the method of research along with the data of analysis.

The fist chapter introduces the adequate analysis of (Topic- Comment / Focus) theory. The second chapter is allocated to analyse the (Topic Sentence Structure) and (Topicalization processes) and

(Topicalization Sentence Structure) according to (TGG). The third chapter is devoted to analyze of (Focus) in information structure within the (Topic – Comment/Focus) theory.

The conclusion and finding are representation in six points.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| DS | ئاستی قوڵی رستە |
| SS | ئاستی روکەشی رستە |
| t | شوێنپێ |
| j ،i | هێمای هاونیشانەکردن |
| > < | هێمای وشە |
| [ ] | کەوانەی شکاوەی دروستە "Bracketing" |
| / | یان |
| $v^{-}$١ = $S^{-}$ | ڕستەی یەك بار (یەك گرێ) |
| $V^{=}$ = $S^{=}$ | ڕستەی دوو بار (دوو گرێ) |
| ⟶ | هەڵگوێزراوە لە |
| V | کردار |
| IP | کاتوکەس |
| $N^{=}$ = NP | فرێزی ناوی |
| $V^{=}$=VP | فرێزی کردار |
| XP | هەر فرێزێك |
| Wh- | وشەی پرس |
| C/Comp | واژەگۆکەری تەواوکەرانە |
| * | واتای ناڕێزمانی رستە |
| ؟؟ | لە روی رێزمان یان واتاوە گومانلێکراوە |
| //// | قرتاندنی پێکهاتەی رستە |
| Wh-XP | هەر فرێزێکی پرسیار |
| Pro | جێناوی سفر |
| [−/+ ] | بەهای نیشانەی واتایی |
| ⟵ | دەبێت بە |
| س | سەرتۆپ |
| ك | کۆمێنت |
| س.س | سەرتۆپی سەرەکی "Primary Topic" |
| س.ل | سەرتۆپی لاوەکی"Secondary Topic" |

| | |
|---|---|
| پێکهاتەی لابراو | o |
| سەرتۆپی لاوەکی یەك | س.ل١ |
| سەرتۆپی لاوەکی دوو | س.ل٢ |
| سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە | س.ه |
| پرۆسە"کردار" | پ. |
| هێمای مۆرفێم | { } |
| **Left Dislocation** | **L.D** |
| **Clitic Left Dislocation** | **CLLD** |
| **Contrastive Left Dislocation** | **CLD** |
| **Hanging Topic Left Dislocation** | **HTLD** |
| **Resumptive Pronoun** | **RP** |
| **Right Dislocation** | **R.D** |
| جێکەوتەی بەتاڵی دۆخدار **"Specifier"** | **Spec** |
| دەستەواژەی کرداری | $V^{-}$ |
| دەستەواژەی ناوی | $N^{-}$ |
| فریزی پێشناوی | **PP** |
| ڕەگی کردار | $V^{O}$ |
| هێمای هێزی سەرتۆپ | / |
| هێمای تیشکۆ"Focus " | **/** |
| کەرەستەی تیشکۆ"Focus " | ك.ت |
| هێمای سەرپشکیانە دەربڕین | ( ) |
| ڕونکردنەوەی پێش دوو خاڵەکە | : |
| بچوکترە لە | > |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | **ئـــ** |
| **Clause level topic** | ئاستی فرێزی سەرتۆپ |
| **Clause level focus** | ئاستی فرێزی تیشکۆ"Focus " |
| **Ergative** | ئێرگاتیڤ |
| **Intonation** | ئاواز |
| **Mentality** | ئاوەز |
| | **بـــ** |
| **Agent** | بکەری ڕێزمانی |
| **Topicalization/ Y-Movement/ Y(iddish)-Movement** | باسمەند |
| **Theme** | باس |
| **Comparative** | بەراورد |
| **Postposing** | بردنە دواوە |
| **Lexicalization of passive verb** | بوون بە لێکسیمی سەربەخۆی کرداری بکەرنادیار |
| **Logical Subject / actor** | بکەری لۆژیکی |
| **Psychological Subject** | بکەری سایکۆلۆژی |
| | **پـــ** |
| **Component** | پێکهاتە |
| (وەك ناو) **Construction** | پێکهاتو |
| (وەك کردار) **Construction** | پێکهێنان |
| **Minimalism Program** | پرۆگرامی وردەکاری |
| **Case Crash** | پێکدادانی دۆخی ڕێزمانی |
| **Co-index** | پرۆسەی هاونیشانەکردن |
| | **ت** |
| **(Ground-Focus)theory** | تیوری چێوەی تیشکۆ- "Focus " |
| **Communication** | تێگەیشتن و تێگەیاندن |
| **Focus** | تیشکۆ"Focus " |
| **Broad Focus** | تیشکۆ"Focus " مەودا فراوان |
| **Narrow Focus** | تیشکۆ"Focus " مەودا تەسك |

**جـــ**

| | |
|---|---|
| **Emphasis** | جەخت |
| **Dislocation** | جێگۆڕکێ |
| **Left Dislocation** | جێگۆڕکێ بۆ لای چەپ |
| **Right Dislocation/After thought Topicalization** | جیگۆڕکێ بۆ لای راست |
| **Clitic Left Dislocation** | جێگۆڕکێی کلیتیکی بۆ لای چەپ |
| **Contrastive Left Dislocation** | جێگۆڕکێی هەمبەری بۆ لای چەپ |
| **Hanging Topic Left Dislocation** | سەرتۆپی جێگۆڕکێ پێکراوی ئاستی قوڵ |
| **Position** | جێکەوتە |
| **Topic Position** | جێکەوتەی سەرتۆپ |

**خ**

| | |
|---|---|
| **Rheme** | خواس |

**د**

| | |
|---|---|
| **Nominative** | دۆخی رێزمانی بکەریی |
| **Accusative** | دۆخی رێزمانی خستنەسەر |
| **Raising Structure** | دروستەی بەرزکردنەوە |
| **Tail Topic/anti Topic** | دژە سەرتۆپ |
| **Information Structure** | دروستەی زانیاری |
| **Logical Representation** | داڕشتەی لۆژیکی |
| **Phonological Form** | دروستەی باسمەندی فۆنۆلۆژی |
| **Morphological Device** | دروستەی باسمەندی مۆرفۆلۆژی |
| **Syntactical Device** | دروستەی باسمەندی سینتاکسی |
| **Broad Predicate Focus Structure** | دروستەی کۆمێنتی تیشکۆداری مەودا فراوان |
| **Narrow Predicate Focus Structure** | دروستەی کۆمێنتی تیشکۆداری مەودا تەسك |
| **Tree diagram** | داری زمانی |

**ڕ**

| | |
|---|---|
| **The Minimalist Grammar** | ڕێزمانی وردەکاری |
| **Infinitive Clause** | رستیلەی چاوگی (ناتەواو) |
| **Restrictive Relative Clause** | رستەی سەرجێناوی بەستراوە |

| | |
|---|---|
| **Coordination and Conjunction Sentence** | رستەی لێکدراو |
| **Topic Sentence** | رستەی سەرتۆپی |
| **Principle** | رێسا |
| **Empty Category Principle** | رێسای کاتەگۆری بەتاڵ |
| | **ز** |
| **New Information** | زانیاری تازە |
| **Old Information/ Given Information** | زانیاری کۆن |
| **Free Information** | زانیاری ئازاد |
| **Bound Information** | زانیاری بەستراو |
| **Pro-drop Language/Null-NP-Language** | زمانە بکەر خراوەکان |
| | **س** |
| **Topic** | سەرتۆپ |
| **Clause Topic** | سەرتۆپی رستیلەیی |
| **Sentence Topic** | سەرتۆپی رستەیی |
| **Discourse Topic** | سەرتۆپی ئاخاوتن |
| **Primary Topic** | سەرتۆپی سەرەکی |
| **Secondary Topic** | سەرتۆپی لاوەکی |
| **Topic Frame** | سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە |
| **Scrambling** | سکرامبلینگ |
| **Cyclic** | سوڕی رێزمانی |
| | **ش** |
| **Gapping** | شەق/ کەلێن |
| | **ك** |
| **Comment** | کۆمێنت |
| **Maximal Node** | کەڵە گرێ |
| | **گ** |
| **Movement** | گواستنەوە |
| **V-Movement** | گواستنەوەی کردار |
| **I-Movement** | گواستنەوەی کات |
| **NP-Movement** | گواستنەوەی فرێزی ناوی |

| | |
|---|---|
| **Wh-Movement** | **گواستنەوەی فرێزی پرسیار** |
| **Negative Proposing** | **گواستنەوەی نەکردن** |
| **Node** | **گرێ** |
| | **ق** |
| **Deletion** | **قرتاندن** |
| **Subject Deletion/ Equi-NP-deletion** | **قرتاندنی بکەر** |
| **One-Word Stage** | **قۆناغی تاکە وشە** |
| | **ل** |
| **Substitution** | **لەبریدانان** |
| **Affix-Movement** | **لاگر گواستنەوە** |
| **Focus Peaking** | **لوتکەی تیشکۆ** |
| | **ه** |
| **Adjunction** | **هەڵواسین** |
| **Subject-Auxiliary Inversion** | **هەڵگەڕانەوەی بکەر** |
| **Extraposition/Preposing** | **هێنانەپێشەوە** |
| **Stress** | **هێز** |
| **Topic Stress** | **هێزی سەرتۆپ** |
| **Syntactic Stress** | **هێزی سینتاکسی** |
| | **و** |
| **Sub deletion** | **وەچە قرتاندن** |
| | **ن** |
| **Middle** | **ناوەند** |
| | **ی** |
| **Deletion Rules** | **یاسای قرتاندن** |
| **Rule of thumb** | **یاسای پەنجە گەورە** |

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:-

**ا/ کتێب:**


١. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم– جێناو – دار الحريه للطباعة،بەغداد،١٩٨٧ز.

٢. محەمەدی مەحویی، رستەسازیی کوردیی، زانکۆیی سلێمانی،٢٠٠١ز.

٣. محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر، مۆدێلی رێزمانی کوردی، شارەوانی سلێمانی،٢٠٠٤ز.

٤. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، دارالحکمە،هەولێر،١٩٩٠ز.

٥. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.


**ب/ نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):**


١. ئازاد ئەحمەد حەسەن، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١ز.

٢. ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، کۆلیجی زمان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.

٣. ئەبوبەکر عومەر قادر، پرسیار، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢ز.

٤. ئەحمەد حەسەن فەتحولا، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی رستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠ز.

٥. بەکر عومەر عەلی، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢ز.

٦. تالیب حسێن عەلی، چەند لایەنێك لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨ز.

٧. تارا موحسن قادر، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠٠٤ز.

٨. دیار عەلی کەمال کەریم، رێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٢ز.

٩. ساجیده عەبدوڵڵا فەرهادی، رستە و پاش رستە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣ز.

١٠. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠٠٥ز.

١١.عیرفان مستەفا حەمە رەحیم، رستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.

١٢. فەریدون عەبول محەمەد،


## پ/ رۆژنامە و گۆڤار:


١. بەکر عومەر و هۆگر مەحمود، بە دواداهاتنی کات لە کەڵە رستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە ٩، ٢٠٠٢ز.

٢. محەمەد مەعروف فەتاح، باس لە جۆرێك لە رستەی کوردیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٨، ١٩٩٢ز.


## ٢- بە زمانی عەرەبی:


١. نۆم جومسکی، و/ یۆیل یوسف عزیز، البنى النحوية، دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧ز.


## ٣- بە زمانی ئینگلیزی:


1. Aarons, D. (1994), ASPECTS OF THE SYNTAX OF AMRICAN SIGN LANGUAGE, Boston university,
2. Bates, E. (1996), LANGUAGE & CONTEXT, academic press: Florida.
3. Bayer, J.(2001), Asymmetry in Emphatic Topicalization.
4. Branigan, PH.(2005), The Trace-Fine effect , Memorial university.
5. Carnie, A.(2002), Syntax ( A Generative Introduction) , Black well: U.S.A.
6. Chomsky, N.(1993), Lecture on government and Binding 7rd Edition, Foris publication: Holland.
7. Crystal, D.(1991;2003), A Dictionary of Linguistics & phonetics 3rd and 5rd Edition, Black well: Oxford.
8. Culicover, P.(1974), Syntax, academic press: New York.

9. Epstaine, S.(2000), ESSAYS IN SYNTACTIC THEORY, Routledge: U.S.A.
10. Floor, S.(2004), FROM INFORMATION STRUCTURE, TOPIC&FOCUS, TO THEME IN BIBLICAL HEBREW NARRATIVE, university of Stellenbosch.
11. Fromkin,V. and Rodman, R. and Hyams, N. (2003), AN INTRODUCTION TO LANGUAGE 7rd Edition, Thomson Heinle: Australia.
12. Furestes, R.(2001), English/ Spanish syntactic contrasts: minimalism and optimality.
13. Givon, T.(1979), SYNTAX and SEMANTICS , Academic press: New York.
14. Grohmann, K.(2003), Prolific Domains On Anti-Locality of Movement Dependencies, Benjamins: Amsterdam.
15. Guasti, M.(2002), LANGUAGE A CQUSITION , The MIT press: Cambridge.
16. Haegeman,L. and Gueran, J.(1999), English Grammar (A Generative perspective) , Black well : Oxford.
17. HeeLee, Sun.(2004), A LEXICAL ANALYSIS OF SELECT UNBOUNDED DEPENDENCE CONSTRUCTION IN KOREAN, Ohio state university.
18. Hoekstra,T.(1984), TRANSITIVITY Grammatical Relations in Government-Binding Theory , Foris publication: U.S.A..
19. Huddleston, R.(1976), An Introduction to English Transformational Syntax, Longman: London.
20. Hudson, G.(2000), Essential INTRODUCTORY LINGUISTICS, Black well: U.S.A..
21. Jacobsen, B.(1986), Modern transformational grammar , Amsterdam, Netherlands.
22. Leech, G. and Svartvik (1996), A Communicative Grammar of English 2nd, Longman (Ltd).
23. Muller, G.(1998), Incomplete Category Fronting , Academic press: Dordrecht.
24. Murcia, M. and Freeman, D.(1999), The Grammar Book 2nd, Heinlein and Heinlein.
25. Payne,T.(2004), Describing morphosyntax 6rd Edition , University press: Cambridge.
26. Radford, A.(2005), Transformational Grammar 30rd , University press: Cambridge.
27. Radford,A.(1998), Syntax ( A minimalist introduction) 2rd Edition, university press: Cambridge.
28. Rizzi, L.(1982), ISSUSE in Italian Syntax, Foris publication: U.S.A..
29. Seuren,P.(2004), Chomsky's Minimalism , university press: Oxford.

30. Tallerman, M.(1998), Understanding SYNTAX, Arnold: London.
31. Thomas, O., and Kintgen, E.(1974), Transformational Grammar and the teacher of English 2[rd] Edition, Indiana university: New York.
32. Trask,R.(1993), A DICTIONARY OF GRAMMAR TERMS IN LINGUISTICS , Rout ledge: London.
33. Wedgwood, D.(2003), Predication and Information Structure, Edinburgh university.
34. Yam Leung, CH.(1997), A Study of Right Dislocation in Cantonese, Chinese university.

## له بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

### بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.
٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.
٣-حركات الخوارج فی غربی إقليم الجبال وشهرزور والجزيره الفراتيه:عطا عبدالرحمن محی الدين.
٤- سۆفیزم و كاریگەریی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی
٥-قـضـــاء هەڵـەبجــە، دراسه فی الجغرافيه الإقليميه: عطا محمد علاءالدين.
٦-ڕۆڵی هۆكـــاره سیاســـــییەكان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا:
جاسم محەمەد محەمەد عەلی.
٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨:
هێرش عەبدوڵلا حەمەكەریم.
٨-ڕۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد.
٩-هوشیاری كۆمەڵایەتی، فواد تاهیر سادق
١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.
١١-إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد مهندس النفط زمناكو سعيد
١٢-بەعەرەبكردن لە هەرێمە كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین
١٣-تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي
١٤-كۆیە، كامەران طاهر سەعید
١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د.محەمەد ئەمین عەبدوڵلا
١٦-شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمە نوری عمر كاكی
١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند ڕۆژە
١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. ڕەفیق سابیر
١٩- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمە امين محمد
٢٠-شەرفخانی بەدلیسی، د. ئارام عەلی
٢١- ڕستەی باسەند لە زمانی كوردیدا، كاروان عومەر قادر
٢٢- جوگرافیای كوردستانی باشوور، د.عەبدوڵلا غەفوور

**23/Report on the Sulaimani District of Kurdistan, E.B. Soane.**

### بەرهەمی وەرگێڕان

١ —كۆمەڵكوژییەكەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: كاوە ئەمین.
٢-جەنگی عێراق، كاپلان و كریستل، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولكەریم عوزێری.
٣-یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە ڕوسییەوە: د. دلێر ئەحمەد
٤-سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.
٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، نەمریی، ێڤگێنیا ڤاسیلێڤا، لە روسیەوە: د.ئارام عەلی

✵ گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٠٨